# لاوان

ژمارە: ٣٧

پوشپەڕی ١٣٨٩ی هەتاوی ـ ٢٠١٠ زایینی

دەوری دووهەم، ساڵی دەیەم

یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا



















**خاوەن ئیمتیاز:**

یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

**سەرنووسەر:**

عەبدوڵلا عەبدوڵلا پوور

abdulla.abdullpoor@gmail.com

**دەستەی نووسەران:**

سەید جەلال ساڵحی ، هەژیر عەبدوڵلاپوور

سیروان مووساپوور ، وریا ساڵح زادە

تەها ڕەحیمی

**بەرگ و مونتاژی ناوەوە :**

ئاگری باڵەکی

**تایپ:**

سەلاح خەلیل بەیگی


بۆ زانیاری زیاتر سەردانی ئەم ماڵپەڕە بکەن: www.lawan.com


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەروتار

# ئێعدام کردنی چالاکانی مەدەنی و سیاسی نیشانەی زەبوونی دەسەڵاتە

ئێعدام کردنی مرۆڤەکان لە کۆنەوە بووەو هەیە و حکوومەت و دەسەڵاتداران بۆ ڕزگاربوون لە چنگ ویست و داخوازییە بەرحەقەکانی بە قەولی خۆیان نەیارەکانیان گرتوویانەتە بەر و ئەم کردەوەیەش بە شـێوەی جۆراوجۆر بەڕێوە چووە، دەتوانین بڵێین کە لە سەرەتادا هەموو دەوڵەتان کەڵکیان لەم جۆرە سزا نامرۆڤانەیە وەردەگرت، و یەکەم وڵات کە ئەو رەچەیەی شکاند و سزای ئێعدامی لە لیستی سزاکانی خۆی هەڵگرت، وڵاتی ئیتالیا بوو و دواتر وردە وردە وڵاتانیتریش سـزای ئێعدامیان لە لیسـتی سزاکانی خۆیان هەڵگرت، بەڵام هەنووکەش هەندی وڵات هەن کە کەڵک لەم جۆرە سـزایە وەردەگرن کە کۆماری ئیسـلامی ئێران لە ریزی هەرە پێشەوەی ئەم وڵاتانەیە کە سـزای ئێعدامی تێدا بەرێوە دەچێ و لەو بارەوە پشـکی شێری بەر کەوتووەو ئەگەر بە پێی رێژەی دانیشتوان حەساوی بۆ بکەین یەکەم وڵاتی جیهانە کە زۆرترین ئێعدامی زیندانیانی سیاسیی و مەدەنی تێدا بەرێوە دەچێ. لە نوێترین کردەوەی دژە مرۆییانەی خۆی کە لە نۆزدەی بانەمەڕی ئەمسـاڵدا بەڕێوەی برد، ئێعدامی ئەو پێنج چالاکە مەدەنییە بە ناوەکانی فەرزاد کەمانگەر، شیرین عەلەم هوولی، فەرهاد وەکیلی، عەلی حەیدەریان و مێهـدی ئیسـلامیان بوو کە دژکردەوەیەکی بەرینـی نێودەوڵەتی بەدواوە بوو. هەروەها لـە وڵاتانی دەرەوە پەنابەرانی ئێرانی بە تایبەت کوردانی رۆژهەڵات بە وەڕێ خسـتنی رێپێوان و کۆبوونەوە لە بەردەم باڵوێزخانەی ئێـران لـەم وڵاتانەدا ئەو کردەوە دژە مرۆییانەی کۆماری ئیسـلامیان مەحکووم کـرد، بەڵام ئەوەی جێگای لێوردبوونەوەیە شکانی قەڵای بێدەنگی خەڵکی کوردستان بوو کە بە مانگرتنە گشتییەکەی **٢٣**ی بانەمەڕ و بەدوای ئەویشـدا کوژانەوەی چرای ماڵەکانیان لە شـەوی چلەی ئەو شەهیدانە کە ئەوەش بەرهەمی یەک هەڵوێستی حیزبە کوردییەکانی رۆژهەڵاتی کوردسـتان لە بەرامبەر ئەم تاوانەی کۆماری ئیسـلامی کە دەمێک بوو خەڵکی کوردستان رەخنەی ئەوەیان لە حیزبەکان دەگرت کە دەبێ یەک هەڵوێست بن تاکوو ئێمەش یەک هەڵوێست بین. بەڕاسـتی خەڵکی کوردسـتان یەک دەست نیشـانیان دا کە دژی کۆماری ئیسلامین و ئەگەر حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانیش یەک هەڵوێست و تەنانەت لە یەک بەرەش دا بن، بەدەم داواکارییەکانیانەوە دێن و لە هیچ شتێکیش ناپرینگێنەوەو بەم حەرەکەتە مەدەنییەیان نیشانیان دا کە خەڵکی کوردستان چەندین هەنگاو لە پێشەوەی خەڵکی باقی ناوچەکانی دیکەی ئێرانەوەن و چیتر لە بەرامبەر ئێعدامی رۆڵەکانیان بێدەنگ نابن. لەگەڵ ئەوەی کە چەندین چالاکی سیاسی و مەدەنی دیکەی کورد هەنووکە لە چاڵە رەشەکانی کۆماری ئیسلامی دان و مەترسی سەپاندن و بەڕێوەچوونی سزای ئێعدامیان لەسەرە، دەبێ خەڵکی کوردستان بە درێژەدان بەم حەرەکەتە مەدەنییانەیان لە بەرامبەر هەر کردەوەیەکی دژە مرۆییانەی کۆماری ئیسـلامی ڕاوەسـتن و نەهێڵن رۆڵەکانیان ئێعدام بکرێن و هەروەها زیاتر لە پێشووش تەوژم بۆ حیزبەکانیان بێنن تاکوو تەنانەت هەڵوێستەکانیان لە پرسە نەتەوەییەکاندا یەک بخەن. چونکە یەک هەڵوێسـتی ئەوان یەک هەڵوێسـتی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانی بەدواوەیە و بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەباتە قۆناغێکی نوێوە.

www.lawan.com

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فایلی ژماره:

# شۆڕشه ڕەنگییەکان



www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



شۆڕشی نارنجی ئۆکراین لە ساڵی ٢٠٠٤ی زایینی

# شۆڕشی ڕەنگی چیە؟!

**سەید جەلال سالحی**

گەلێ جار گوێ بیستی ئەو وشەیە بووین و تەنانەت لە وڵاتەکەی خۆشماندا وەها شۆڕشێک کە بە بزووتنەوەی سەوز ناسراوە، هەنووکە لە حاڵی چالاکی دایە و **٢٢**ی جۆزەردان(**٨٩**) ساڵ وەگەڕی یەک ساڵەی دامەزرانی بوو، بۆیە بە پێویستی دەزانم هەرچەند کورتیش بێ ئاوڕێک لەو شۆڕشانە بدەینەوە تا زیاتر لە گەڵیان ئاشنا بین.

شۆڕشی ڕەنگی کە شۆڕشی مەخمەڵی یان شۆڕشی «گوڵی»شی پێ دەڵێن، جۆرە گۆڕانکارییەکی بێ خوێن ڕشتنە کە بۆ یەکەم جار لە لایەن «واسلاو هاوڵ» سەرۆک کۆماری پێشووی چێک کە ئەوکات ڕێبەری نارازیانی ئەم وڵاتە بوو، هاتە سەر زار و زمانان.

کاتێک باس لە شۆڕش(انقلاب) دەکرێ مەبەست نە تەنیا گۆڕینی دەوڵەت، بەڵکوو گۆڕینی سیستمی سیاسی وڵات و هاتنی حکوومەت و سیستمێکی نوێ بە بەرنامە و پلانی نوێوەیە. ئەم گۆڕانکارییەش دەکرێ هەم بە شێوەی توندوتیژی و هەمیش بە شێوەی نەرم یانی بێ توندوتیژی بێ، شێوە توندەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شۆڕشی کلاسیک و شێوە نەرمەکەشی دەگەڕێتە بۆ ئەو شۆڕشە ڕەنگی یا مەخمەڵییانەی کە مەبەستی باسەکەمانە. کەوابوو شۆڕشی ڕەنگی لە ژێر مۆدێل گەلێکی ناسراو و کلاسیکی کۆمەڵگاناسی سیاسیدا، ناچێتە چوارچێوەی گۆڕانکاری و ئاڵ و گۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، بەڵکوو دیاردەیەکی پاش شەڕی سارده واتە، نوێ و هەمیش زۆر پێشکەوتوو نیە. کەواتە شۆڕشی ڕەنگی هەم مودێلێک بەرەو دێموکراسی و هەمیش ستراتیژییەک بۆ هێزە دێموکراسی خواز و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها دیاردەیەک لە

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



شێوازە جۆراوجۆرەکانی بەرەوپێش بردنی پرۆسەی دێموکراتیزەکردن کە بۆ هێزە دێموکراسی خوازەکانی ئەو وڵاتانەی کە خاوەن حکوومەت گەلێکی سەرەڕۆ و ملهۆڕن بە ڕەوا دەزاندرێ. تیۆرییەکانی ساموئێل هانتینگتۆن لەو سەرچاوە باشانەن کە لە ڕاستیدا باسی بە سیستم بوونی ئەزموونی بۆرژوازی لە ئاستی جیهان لە چارەگە سەدەی ئەم دواییەدا دەکا، دایە. هانتینگتۆن بە سەرنجدان بە ئەزموونی تێپەڕ بوون لە دیکتاتۆرییەوە بۆ دێموکراسی لە وڵاتەکانی ئەمریکای لاتین، ئاسیای ڕۆژهەڵات، ئەفریقای باشوور و ئورووپای ڕۆژهەڵاتدا پێشنیاری سێ مودێل بۆ دێموکراتیزەبوون دەکا:

**١: گۆڕان:**

لەم شێوازەدا باڵێکی دێموکراسی خواز لە نێو خۆی وڵاتدا و ئۆپۆزیسیۆنێکی میانەڕەو لە دەرەوەی وڵات پێکەوە بەرنامەکان بەرەوپێش دەبەن، بەڵام ئەساسی کار و بەرەوپێشەوە بردنی کارەکان لە دەست باڵی دێموکراسی خوازی نێو خۆی وڵاتە و ئەو بۆ خۆی دەزانێ کارەکان چۆن بەڕێوە ببا. وەک ئەزموونی گۆڕانکاری ئیسپانیای ژەنراڵ فرانکۆ بۆ حکوومەتی کارلۆس و برێزیل لە ژێر دەسەڵاتداری نیزامییەکان دا.

**٢: جێگۆڕکێ:**

پێکهاتەی هێزە پێشڕەوەکان لەم مودێلەدا هەروەک مودێلی پێشوو وایە تەنیا بەم جیاوازییەوە کە لەم مودێلەدا دەست پێشخەری و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کارەکان لە دەست ئۆپۆزیسیۆنی میانەڕەوی دەرەوەی وڵات دایە. وەک پێ ئەسپاردنی دەسەڵات لە لایەن حکوومەتی ئاپارتایدی ئەفریقا باشوور یا حیزبی کۆمۆنیستی چێکۆسلۆواکی.

**٣: ڕووخان:**

دیارە هانتینگتۆن تیۆرییەکانی خۆی بەر لە ڕوودانی شۆڕشە ڕەنگییەکان یا دانی گەڵاڵەی ڕیفراندۆم لە ئێراندا پێشکەش بانگەشە و پڕوپاگەندەیە، یانی دەکرێ بڵێین شۆڕشی ڕەنگی کودیتایەکی پۆست مۆدێڕنە. بۆیە تەنیا لە نەبوونی هەڕەشە و گوڕەشەی مەترسیدار دایە کە دەکرێ شۆڕش گەلێکی نارنجی و لالەیی و ... وەڕێ بخەین. بە واتایەکیتر شۆڕشی ڕەنگی بەو ئاڵ و گۆڕ و گۆڕانکارییانەی کە تاکوو ئێستا لەو وڵاتانەی کە دوای لێک هەڵوەشانی یەکیەتیی سۆڤییەتی پێشوو سەربەخۆییان وەرگرتووە، ڕووی داوە. ئەم گۆڕانکاریانە بە ڕوودانی شۆڕشی مەخمەڵی (velvet revolution) لە ١٧ی نوامبر تا **٢٩**ی دیسامبری **١٩٨٩**ی زایینی کە بە سەردەمی شەش حەوتوویی بەناوبانگە، لە چێکوسلۆواکیدا دەست پێ دەکا و بە ڕوودانی زنجیرە گۆڕانکارییەکی هاوشێوەی لە وڵاتەکانی سێربستان (دوو قۆناغی **١٩٩٧** و **٢٠٠٠**)، گۆرجستان (**٢٠٠٣**)، ئۆکراین (**٢٠٠٤**)، قێرقیزستان (**٢٠٠٥**) بەردەوام بووە. بۆیە بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە بەشێک لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی شۆڕشە ڕەنگییەکان و کاریگەرییەکانیان لە ئاستێکی دیاری کراودا بکەم:

سەردەمی پاش لێک هەڵوەشانی یەکیەتیی سۆڤییەت و کۆتایی هاتنی شەڕی سارد کە بە «کۆتایی سەردەمی دیکتاتۆرەکان»، «دەست پێ کردنی سیستمی نوێی جیهانی»، «سەردەمی ئاشتی جیهانی»، «سەرکەوتنی مەدەنییەتی ڕۆژئاوا»، «کۆتایی کۆمۆنیزم» و ... هتد، ناوزەد کراوە، زیاتر لە هەموو شتێک لە گەڵ وشەی دێموکراسیدا لە شەڕ و کێشەدا بوون، بەڵام لە پێوەندی لە گەڵ

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**کاتێك باس له شۆڕش(انقلاب) ده‌کرێ مه‌به‌ست نه ته‌نیا گۆڕینی ده‌وڵه‌ت، به‌ڵکوو گۆڕینی سیستمی سیاسی وڵات و هاتنی حکوومه‌ت و سیستمێکی نوێ به به‌رنامه و پلانی نوێوه‌یه. ئه‌م گۆڕانکارییه‌ش ده‌کرێ هه‌م به شێوه‌ی توندوتیژی و هه‌میش به شێوه‌ی نه‌رم یانی بێ توندوتیژی بێ.**

کردوه، به‌ڵام چونکه ئه‌م باسه‌ی ئێمه زۆر هاوشێوه‌ی ئه‌م مودێله‌ی هانتینگتۆنه، که‌مێک زیاتر هه‌ڵوێسته‌ی له‌سه‌ر ده‌که‌ین. ئه‌م مودێله‌ی که زۆر وه‌ک شۆڕش ده‌چێ، بۆ ئه‌و وڵاتانه‌ی که حکوومه‌ته‌که‌یان دیکتاتۆڕ و هیچ ئاڵ و گۆڕێکی تێدا به‌دیی ناکرێ و یه‌ک ده‌ست و مه‌جالی دروست بوونی هیچ جۆره لایه‌نێکی نێوخۆیی نادا و ده‌بێ هه‌موویان به هۆی ئۆپۆزیسیۆنه‌وه لابرێن، به کار ده‌برێ. هه‌ر بۆیه ئۆپۆزیسیۆنێکی میانه‌ڕه‌و به‌هێز ده‌کرێ و ئه‌ویش له ژێر چاوه‌دێری وڵاتانی ده‌سه‌ڵاتدار و پشتیوانه‌وه پرۆسه‌که کۆنترۆڵ ده‌کا تا زیانێکی ئه‌وتۆ له کۆمه‌ڵانی خه‌ڵک نه‌دا یانی توندوتیژی و بێ سه‌ره‌وبه‌ره‌یی به ئاستێکی که‌م بگه‌یه‌نێ و کۆنترۆڵی ناڕه‌زایه‌تییه‌کانیش بکا. وه‌ک ڕووخانی حکوومه‌تی چائۆشسکۆ له ڕۆمانی و مارکۆس له فیلیپین. به شێوه‌یه‌کی گشتیی تاکوو ئێستا له گه‌ڵ ئه‌م شۆڕشه ڕه‌نگی یا مه‌خمه‌ڵییانه به‌ره‌وڕووبووین:

**ئه‌لف: شۆڕشی گوڵی ڕۆژ(شۆڕشی ڕۆزه‌کان):**

به دوای ساخته‌کارییه‌کی به‌ربڵاو له هه‌ڵبژاردنه پارڵمانییه‌کانی گۆرجستان له ساڵی ٢٠٠٣ی زایینیدا، ناڕه‌زایه‌تییه گشتییه‌کانی نه‌یارانی ئیدوارد شواردنادزه به ڕێبه‌رایه‌تی میخایل ساکاشویلی ده‌ستی پێ کردو له ٢٣ی نوامبری هه‌ر ئه‌و ساڵه‌دا بووه هۆی ده‌ست له کار کێشانه‌وه‌ی شواردنادزه له ده‌سه‌ڵات و ده‌ست پێ کردنی حکوومه‌تی ساکاشویلی که به دۆن کیشوه‌تی گۆرجستان به‌ناوبانگه. واته کاتێک شواردنازه ویستی یه‌که‌م کۆبوونه‌وه‌ی پاڕلمان بکاته‌وه، جه‌ماوه‌ری نارازیی به دروشمی ئه‌و کۆبوونه‌وه‌یه نایاسایییه به له ده‌ست دا بوونی گوڵی ڕۆز خۆیان کرد به پارڵماندا و شواردنادزه‌ش کۆبوونه‌وه‌که‌ی جێهێشت و ڕۆیشت، ئیتر ئه‌و شۆڕشه به شۆڕشی ڕۆزه‌کان ناوبانگی ده‌رکرد.

**ب: شۆڕشی نارنجی:**

مه‌سمووم کردنی ویکتۆر یوشچنکۆ له کاتی هه‌را و هوریای هه‌ڵبژاردنه‌کانی چواره‌مین ده‌وره‌ی هه‌ڵبژاردنی سه‌رۆک کۆماری ئۆکراین له ساڵی ٢٠٠٤ی زایینی و ئه‌گه‌ری ده‌ست تێ‌دانی بوونی ویکتۆر یانۆکۆویچ ڕه‌قیبی سه‌رسه‌ختی یوشچنکۆ له‌م قه‌زیه‌دا ئاوری شۆڕشی نارنجی ئۆکراینی هه‌ڵایساند که پاش شه‌ش ڕۆژ ڕێ پێوانی لایه‌نگرانی یوشچنکۆ سه‌ره‌نجام پاڕلمانی ئه‌م وڵاته ئاکامی هه‌ڵبژاردنه‌کانی باتڵ کرده‌وه و به‌ڕێوه‌چوونی دووباره‌ی هه‌ڵبژاردنه‌کان ویکتۆر یوشچنکۆ به وه‌ده‌ست هێنانی ٥٢ له‌سه‌دی ده‌نگه‌کان ده‌سه‌ڵاتی گرته ده‌ست.

**ج: شۆڕشی گوڵاڵه‌کان(لاله‌یی):**

هه‌ڵبژاردنه پاڕلمانییه‌کانی ٢٧ی فێوریه‌ی ٢٠٠٥ی زایینی له قێرقیزستان که به دوای داخستنی هه‌ندێک ڕۆژنامه و وێستگه ڕادیۆییه‌کانی نارازییان به‌ڕێوه‌چوو که له ئاکامدا لایه‌نگرانی «عه‌سکه‌ر ئاقایێوف» سه‌رکه‌وتنێکی به‌رچاویان وه‌ده‌ست هێنا، له کۆتایی ده‌وری دووهه‌می ده‌نگدان له ١٣ی مارس دا ڕێکخراوی ئاسایش و هاوکاری ئوروپا ڕه‌وتی هه‌ڵبژاردنه‌که‌ی به زۆر که‌م و کورییه‌وه به باشی له قه‌ڵه‌م دا. یه‌که‌م ناڕه‌زایه‌تییه‌کان به دژی چۆنیه‌تی به‌ڕێوه‌چوونی هه‌ڵبژاردنه‌کان له شاره‌کانی باشووری وڵاته‌وه ده‌ستی پێ کرد تا وایی لێهات له ٢١ی مارسی ٢٠٠٥دا ئاقایێوف له ژێر ته‌وژمی بیروڕای گشتیدا ده‌ستووری دا پێداچوونه‌وه به ئه‌گه‌ری سه‌رپێچی کردنه‌کان بکه‌ن و له ڕۆژی ٢٤ی مارس له کاتی یه‌که‌م ڕێ پێوانی گه‌وره‌ی خه‌ڵک له بیشکێک(پێته‌خت)، ده‌وڵه‌ته‌که‌ی ڕووخا و ئاقایێوف له گه‌ڵ بنه‌ماڵه‌که‌ی چوونه قه‌زاقستان و دوایه به‌ره‌و ڕووسیه هه‌ڵاتن و شۆڕشی گوڵاڵه‌کانیش چونکه له وه‌رزی به‌هاردا ڕووی دا ئه‌م نازناوه‌ی په‌یدا کرد، سه‌رکه‌وتنی وه‌ده‌ست هێنا. ڕایه‌کی دیکه‌ش هه‌یه که گۆیا عه‌سکه‌ر ئاقایێوف له دوایین قسه‌کانیدا له قێرقیزستان گوتبووی که: «ناهێڵم هیچ شۆڕشێکی ڕه‌نگی وه‌ک ڕۆز، زه‌رد یان سوور له وڵاته‌که‌مدا ڕووبدا». دژبه‌ره‌کانیشی هه‌ر به که‌ڵک وه‌رگرتن له‌م ڕسته‌یه شۆڕشه‌که‌یان ناو نا شۆڕشی گوڵاڵه‌کان.

دیاره جیاواز له‌و شۆڕشانه که به شۆڕشی ڕه‌نگی ناسراون، شۆڕشی دیکه‌ش به ناوی دیکه‌وه کراون بۆ وێنه، شۆڕشی میخه‌ک که ناوه ئه‌سڵییه‌که‌ی «شۆڕشی کۆماری»یه له ٢٥ ئاوریلی ساڵی ١٩٧٤ی زایینیدا به هۆی ئه‌فسه‌ره شۆڕشگێڕه لاوه‌کان له شاری لیسبۆنی پۆرتوغاڵ ده‌ستی پێ کرد و به کۆتایی هێنان به حکوومه‌تی دیکتاتۆڕی که سالازار دامه‌زرێنه‌ری بوو، بووه هۆی به ده‌سه‌ڵات گه‌یشتنی ژه‌نراڵ ئێسپینۆلا له‌م وڵاته‌دا. چونکه ئه‌م شۆڕشه به بێ خوێن ڕشتن و ئاژاوه کێشه و هه‌را ئه‌نجام درا له مێژووی پۆرتوغاڵدا به ناوی شۆڕشی دێموکراتیک به‌ناوبانگه و هه‌روه‌ها خه‌ڵک به گوڵی میخه‌ک پێشوازییان له سه‌ربازه‌کان کرد، به «شۆڕشی میخه‌ک» ناوبانگی ده‌رکرد. هه‌روه‌ها له ئاگۆست و سێپتامبری ٢٠٠٧ی زایینی له میانمار «شۆڕشی زه‌عفه‌ران» هه‌روه‌ک ئه‌و شێوازانه‌ی که له گۆرجستان و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئۆکراین کەڵکی لێ وەرگیرا، دەستی پێکرد، بەڵام سەرنەکەوت.

هەڵسەنگاندنی چۆنیەتی و ڕوودانی ئەم گۆڕانکارییانە هەموو بەرەو یەک ئاقاری هاوشێوەو وەک یەک کە لە تەواویان دا هاوبەشە، دەمان با. بە شێوەیەکی گشتیی ئەو وڵاتانەی دیکتاتۆڕن و تەنانەت یاسای وڵاتەکەش بە جوانی بەڕێوە نابەن و پابەندی هیچ ڕێسا و یاسایەک نین، خەڵکیان لێ وەدەنگ دێ و لە قاڵبی بزووتنەوەگەلێکی ئاشتی خوازانە و مەدەنیدا دێنە مەیدان کە زۆر جار ئەو بزووتنەوانە خۆڕسکن و گەلێ جاریش بەرنامەڕێژی پێشوویان بۆ کراوە، کەواتە ئەو بزووتنەوانەش عادەتەن وەک سەمبولی خۆیان ڕەنگێک دەکەنە هێمای خۆیان و بەوە دەناسرێنەوە وەک ئەو وێنانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێ کردن. زۆر جار ئەو شۆڕشانە سەرکەوتنیان وەدەست هێناوە وەک شۆڕشی ساڵی ١٩٨٩ی چێکۆسلۆواکی کە بە کەمترین توندوتیژییەک کۆتاییان بە حکوومەتی دیکتاتۆری کۆمۆنیزم هێنا و گەلێ جاریش سەرنەکەوتوون و لە نوتفەدا خەفە کراوە وەک ئۆزبەکستان. ئەوەی جێگای باسە ئەوەیە کە ئایا بزووتنەوەی سەوزە دەکرێ وەک شۆڕشێکی ڕەنگی چاوی لێ بکەین یان نا؟!

هەرچەند زۆر لە خاوەن نەزەران لەسەر ئەو باوەڕەن کە بزووتنەوەی سەوز ناچێتە چوارچێوەی شۆڕشی ڕەنگی یان مەخمەڵییەوە، زۆر کەسیش پێیان وایە نا ئەویش جۆرێک لە شۆڕشی مەخمەڵییە، بەڵام بە هێندێک جیاوازییەوە. بۆ وێنە دوکتور هومەنی پەیمانی هەڵسەنگاندنی بزووتنەوەی سەوزی ئێران لە گەڵ ئەو بزووتنەوانەی کە لە وڵاتەکانی پێشووی یەکیەتیی سۆڤییەتدا پێک هاتوون، بە هەڵە دادەنێ و بەم شێوەیە لێکی دەداتەوەو دەڵێ: «ئەوەی کە لە قێرقیزستان و گۆرجستان ڕووی داوە لە گەڵ ئەوەی کە لە ئێرانێ دایە بە تەواوی لێک جیاوازن، چونکە لە وڵاتەکانی وەک گۆرجستان بە دوای ناڕەزایەتییەکانی خەڵک بەشێک لە حاکمییەت بە هاوکاری وڵاتە دەسەڵاتدارەکانی دەرەوە بە دەسەڵات گەیشتن، بەڵام لە ئێراندا وەها شتێک لە گۆڕێ نیە. بزووتنەوەی سەوز لە ئاکامی ناڕەزایەتی بەرینی خەڵک لە سیستمی دەسەڵات پێک هات. بزووتنەوەی سەوز هێزێکە کە پێشاندەری ناڕەزایەتی خەڵک لە گەڵ تەواوی سیستم و بارودۆخی هەنووکەی ئێرانییە. مەسەلەکە تەنیا ئەو هەڵبژاردنە ناڕاستەی کە ساڵێک لەمەبەر بەڕێوەچوو، نیە و تاکوو ئێستا هیچ فاکتەر یان دەسەڵاتێکی دەرەکی لە پشت نەبووە».

هەروەها ناوبراو دەڵێ: «جیاوازی ئێران لە گەڵ گۆرجستان، ئۆکراین و قێرقیزستان دا ئەوەیە کە ئاڵۆزی سیستمی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێران ئەو مەجالەی لە دەسەڵاتە دەرەکییەکان بۆ کاریگەردانان لەسەر بزووتنەوە نێوخۆییەکانی ئێران زۆر بەرتەسک کردۆتەوەو هیچ وڵاتێکی دەرەکی ناتوانێ ڕێبەری بزووتنەوە خەڵکییەکان لە نێو ئێرانێدا بەدەستەوە بگرێ«.

دیارە پێکهاتەی هەر وڵاتێک لە گەڵ وڵاتێکیتردا بە تەواوی لێک جیاوازەو تەنانەت شۆڕشەکانیشیان لێک جیاوازن، کەواتە پێکهاتەی ئێران لە هەموو بوارێکدا لە گەڵ ئەو وڵاتانەی کە شۆڕشی ڕەنگیان بە تایبەتی تێدا ڕووی داوە، جیاوازە، بەڵام زۆر لایەنی هاوشێوەشیان هەیە بۆ وێنە ئەو بزووتنەوەش هەوڵی داوە بە دوور لە توندوتیژی و ئاڵۆزی بێ و گەلێ جار بۆ بەرگری لە خوێن ڕشتن مەسەلەن بۆ هاتنە سەر شەقامەکان وەک ساڵ وەگەڕی دامەزرانی، داوای مۆڵەتی یاساییەکان لە حکوومەت کرد یان لە زۆر لە وت و وێژەکانیاندا داوایان کردوە کە ئێمە قانوونی ئەساسیمان قەبووڵە و وەرەن بە پێی یاسا لە گەڵمان بجووڵێنەوەو مافی خۆمانمان دەنێ. کەواتە ئەو جووڵانەوەش کە وەک ڕۆژێکی دیاری کراو واتە لە ٢٢ی جۆزەردانی ١٣٨٨ی هەتاوی لە ئاکامی کودیتای هەڵبژاردنی دەیەمین خولی سەرۆک کۆماری و دانانەوەی ئەحمەدی نەژاد وەک سەرۆک کۆمار، دامەزرا، بەڵام پێشینەکەی ئەگەر بۆ زۆر زووشی نەگەڕێنینەوە کە کۆماریی ئیسلامی هەر لە یەکەم ساتەکانی هاتنە سەرکارییەوە دەستی کرد بە کوشت و کوشتاری خەڵکی بێ تاوان و ... هتد و تا ئێستاش هەر بەردەوامە،

> بە شێوەیەکی گشتیی ئەو وڵاتانەی دیکتاتۆڕن و تەنانەت یاسای وڵاتەکەش بە جوانی بەڕێوە نابەن و پابەندی هیچ ڕێسا و یاسایەك نین، خەڵکیان لێ وەدەنگ دێ و لە قاڵبی بزووتنەوەگەلێکی ئاشتی خوازانە و مەدەنیدا دێنە مەیدان کە زۆر جار ئەو بزووتنەوانە خۆڕسکن و گەلێ جاریش بەرنامەڕێژی پێشوویان بۆ کراوە.

دەگەڕێتەوە بۆ ڕووداوی «کوی دانشگاه» لە ساڵی ١٣٧٨ی هەتاوی، دەتوانین وەک شۆڕشێکی مەخمەڵی یان ڕەنگی چاوی لێ بکەین. ئەوەش کە ئایا سەردەکەوێ یان لە گەڵ شکست بەرەوڕوو دەبێ، قەزاوەتەکەی دادەنێین بۆ داهاتوو. ئەوەی کە جێگای گرینگیدان و بایەخ پێدانە ئەوەیە کە لە تەواوی شۆڕشەکان دا چینی لاوان و ژنان ڕۆڵی بەرچاویان بووەو گێڕاوە، هەروەکی ئێستاش لە ئێرانێدا دەی بینین و تەنانەت ئەوانەش کە بوونەتە قوربانی و شەهید بوون، لە گەنج و لاوەکان(هەر دووک ڕەگەز) پێک هاتوون، کەواتە لاوان چینی دواڕۆژی هەر وڵاتێک و پشت و پەنای نەتەوەکەیانن.

سەرچاوە: ئەنتەرنێت(بە تایبەتی ماڵپەڕی ویکی پیدیا)

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




# چەمکی شۆڕشە مەخمەڵییەکان و شـــ

و: ئاگری عەبدوڵڵاپوور

## شۆڕشە رەنگییەکان

شۆڕشە رەنگییەکان، چەمکێکە کە بە شێوەی کۆمەڵا بە گرووپێک لە بزووتنەوە پێوەندیدارەکان دەگوترێ کە لە زۆرێک لە کۆمارەکانی پێشووی یەکیەتیی سۆڤییەت و وڵاتانی رۆژهەڵات(بلوک شرق) رووی داوە. لایەنی هاوبەشی تەواوی ئەو بزووتنەوانە، خەباتی نێگەتیڤە کە بە دژی دەسەڵاتدارانی دەمارگرژو دیکتاتۆر ئەنجام دراوە. بە شێوەیەکی گشتی، بەرهەڵستکارەکان پشتیوانیان لە دێموکراسی و ئازادی کردوەو لە هەموو شێوەکانیدا رەنگێک یا گوڵێکی تایبەتیان وەک سەمبول هەڵبژاردوەو کەڵکیان لێ وەرگرتووە.

## هۆکاری سەرهەڵدانی شۆڕشە رەنگییەکان

بە پێی ئەو راستییانەی کە هەن، رێکخراوە ناحکومییەکان(NGO)، رۆڵێکی زۆر گرنگیان لەم شۆڕشانەدا گێڕاوە. لە تەواوی حاڵەتەکانیدا زۆربەی بەشداربووان لە لاوان و رێکخراوە خوێندکارییەکان و بەشی زۆربەی هاووڵاتییان پێک هاتوون. ئەو بزووتنەوە دژبەرانە لە سێربستان و مۆنتێنیگرو، بۆتە هۆی وەلانرانی میلۆسۆڤیچ، لە گورجێستان بۆتە هۆی لابردنی ئێدوار شواردنادزە(شۆڕشی رۆز)، لە ئۆکراین شۆڕشی نارنجی بووە هۆی رووخانی حکوومەتی ویکتۆر یانکۆویچ و لە قێرقیزێستان(شۆڕشی لالە) بووە هۆی هەڵاتنی عەسکەر ئاقایۆف.

لە هەموو شێوەکانیدا نموونەی رووداوەکان کەم تا زۆر وەک یەک بووەو لە تەواوی هەڵبژاردنە باس هەڵگر و پڕ کێشەکاندا، نارەزایەتی بەربلاوی سەر شەقامەکان بووە هۆی لابردن و، رووخان یا هەڵاتنی ئەو رێبەرانەی کە لە لایەن بەرهەڵستکارەکانەوە بە دیکتاتۆر ناسرابوون. ئەم رووداوانە نیشان دەدەن کە ئەمرۆکە شەپۆلی گۆڕانکارییەکان لە کۆمارەکانی یەکیەتیی سۆڤییەتی پێشوو، بەهێزتر بووە.

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# ـــــۆڕشه ڕەنگییەکان چیه؟

خواستی ئەمریکا بۆ کۆنترۆڵ کردنی ناوچەکانی یەکیەتیی سۆڤییەتی پێشوو، ڕوون و ئاشکرایه. لەم ڕووەوە زۆرێک له شرۆڤەکار و ئانالیستەکان لەو بڕوایەدان که ئەم شۆڕشانە، کودیتای دروست کراوی دەستی ئەمریکا بوون و سەفیرەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا له نێو خۆی ئەم وڵاتانەدا ڕۆڵێکی گرینگ و سەرەکییان بووه، هەر وەک ئەو ڕۆڵەی که NGOکان به تایبەت دامەزراوەی کۆمەڵگای کراوەی جۆرج سۆرۆس گێڕاویەتی.

**شۆڕشی نارنجی ئۆکراین**

ئەم شۆڕشە، کۆمەڵێک له ناڕەزایەتیی و ڕووداوی سیاسی بوو که وەک ئاکامی دەوری دووهەمی هەڵبژاردنەکانی باس هەڵگرو جێی گومانی سەرۆک کۆماری له ساڵی ٢٠٠٤ لەم وڵاتەدا پێک هات. ئەم ڕووداوانە، بوونه هۆی هەڵوەشانەوەی ئاکامی هەڵبژاردنەکان و دووباره بوونەوەی. له دەوری تازەی هەڵبژاردندا ویکتۆر یوشچینکۆ ڕێبەری ناڕازیەکان وەک سەرۆک کۆمار هەڵبژێردرا و ویکتۆر یانکۆویچ، شکستی خوارد.

**کۆمەڵگای کراوەو شۆڕشی مەخمەلی یان نەرم**

شۆڕشی نەرم به کۆمەڵێک له گۆڕانکارییه سیاسییەکان دەگوترێ که له کۆنترۆڵ کردن و بەڕێوەبردنی ڕاگەیاندن و بیروڕای گشتی و هاوکات، چاکسازی کۆمەڵایەتی دەست پێدەکا تاکوو بەرەو چاکسازییەکی تازەی سیاسی و گۆڕانکارییەکی شێوە دێموکراتیک له سیستمێکی سیاسی دەچێ. بۆ یەکەم جار، ڕاگەیاندنەکانی نزیک له ڕۆژئاوا، به ڕێکخستنی بیروڕای گشتی له سێربستان بوونه هۆی هێنانه خواری میلۆسۆویچ له کورسی دەسەڵات. ئەم ڕووداوە له گەڵ دژکردەوەی مۆسکۆ که لایەنگری وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات بوو، بەرەوڕوو بۆوە، بەڵام ڕواڵەتی ئەم گۆڕانە له پرۆسەیەکی شێوە دێموکراتێک هاته گۆڕێ. دواتر نۆبە گەیشته گۆرجستان، ئێدوارد شواردنادزە له هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوت، بەڵام دامەزراوە مەدەنییەکانی لایەنگری ڕۆژئاوا و ڕاگەیاندنە بەرهەڵستکارەکان، ئەو سیاسەتمەدارە کۆنەکارەیان به فرت و فێڵا کردن له هەڵبژاردنەکاندا تاوانبار کردو به پێچەوانەی یاسای بنەڕەتی گورجستان شواردنادزە ناچار ملی بۆ دووبارە بوونەوەی هەڵبژاردن ڕاکێشا که ئاکامەکەی به کەمێک جیاوازی به قازانجی موخالیفەکانی تەواو بوو که ئەوانیش گوڵی سووریان وەک سەمبولی خۆیان دیاری کردبوو، بەڵام به زۆربەی به جل و بەرگی نارنجییەوە دەهاتنه مەیدان. هەر بۆیە ئەم شێوە بەڕێوەبردنەی فەزا سیاسییان له ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی تاکوو ڕێکخستنی سیاسی، به شۆڕشی گوڵاڵەکان یان شۆڕشی نارنجی یان شۆڕشه نەرمەکان پێناسه کرد.

لەمەولا ئەم جۆرە ڕێکخستنه سیاسییە که به تێکۆشانی ڕاگەیاندن و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی دەقی گرتبوو، له کۆمارەکانی پێشووی یەکیەتیی سۆڤییەت که تازە به سەربەخۆیی گەیشتبوون، ئەزموون کراوەو له ئۆکراینیش دا گەیشتۆته ئاکامێکی جێی ڕەزامەندی ڕۆژئاوا. ئۆکراین دەروازەی چوونه ناوەوەی ڕۆژئاوا بۆ ئاسیا بوو، دوایی کۆماری ئازەربایجان، وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست، لوبنان و سوریەی کردە ئامانج که هەڵبەت له وڵاتانی دوایی سەرکەوتنێکی ئەوتۆی وەدەست نەهێنا، به تایبەت له لوبنان و سوریە، به کردەوە خەڵک دەنگیان به سەقامگیری دەسەڵاتی میللی خۆیان دا و وەڵامێکی نەرێنییان به ئاکار و کردەوەی





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**ویستی ئەمریکا بۆ کۆنترۆل کردنی ناوچەکانی یەکیەتیی سۆڤییەتی پێشوو، روون و ئاشکرایە. لەم رووەوە زۆرێك لە شرۆڤەکار و ئانالیستەکان لەو بڕوایەدان کە ئەم شۆڕشانە، کودیتای دروست کراوی ئەمریکا بوون و رۆڵی سەفیرەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە نێو خۆی ئەم وڵاتانە گرینگ و سەرەکییە، هەر وەك رۆڵێك کە NGO کان بە تایبەت دامەزراوەی کۆمەڵگای کراوەی جۆرج سۆرۆس گێراویەتی.**

رۆژئاوا لـــە نێوخۆی وڵاتەکەیان دا. دیارە رۆژئـــاوا ئەم ئەزموونەی لـــە نیپاڵ تاقی کردەوە کە ئامانجی لە تەوژم خستنە سەر پاشای ئەم وڵاتە، دامەزراندنی سیستمێکی شێوە دیموکراتیک لەم وڵاتەدا بوو. نیپاڵ وڵاتێکـــە لە نێـــوان چین و هێنـــددا کە کۆنترۆل کردنی ئەم دوو وڵاتە بەهێزەی ئاسیا لە ڕێگای نیپاڵەوە، دەتوانێ پڕۆژەی لەمێژینەی رۆژئاوا بۆ ئاســـیا وەدیی بێنێ. خاڵێکی جێگای سەرنج ئەوەیە کە پارێزگای پڕ کێشەی تەبەتی چین کەوتۆتە باکووری رۆژئاوای نیپاڵ.

لە ســـەردانەکەی رایس بۆ پاکستان و چاوپێکەوتنی لەگەڵ موشـــەڕڕەف، داوای لێ کـــرد کە وڵاتەکـــەی زیاتر ملکەچی رۆژئاوا بێ و بە جەخت کردنەوە لەســـەر پێویستی مل دانی پاکستان بۆ دێموکڕاسی



جۆرج سۆرۆس

ئەمریکایی، واتە ناڕاســـتەوخۆ پێی ڕاگەیاند کە ئەگەر ئیســـلام ئابادی مل بۆ سیاســـەتەکانی رۆژئاوا ڕانەکێشێ، شۆڕشێکی مەخمەڵی بەسەردا دەسەپێنێ.

بـــۆ یەکەم جـــار هەڕەشـــە بۆ شۆڕشـــێکی مەخمەڵی لە ئێراندا لە لایەن باڵێکی دەمارگرژو لە بەرەبەری هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شەشەم هاتـــە کایەوە. ئەم پڕۆژەیە کاتێک ســـەرنجی ڕاکێشـــان کە گورجســـتان تـــازە گۆڕانکارییە شـــێوە شۆڕشـــەکەی خـــۆی تێپەڕاندبـــوو و گەڵاڵەداڕێژەکانی لە ئێراندا، ئەم پڕۆژەیان وەک گورجستان لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا دەکەوتەوە بیر. هەر بۆیـــە هەوڵەکانی وەک مان گرتن و دەست لەکار کێشانەوەی تاقمێک لە نوێنەرانی پارڵمـــان و بەڕێوەبەران کە لەگەڵ دژکردەوەی خێرای ســـەرۆکی پارڵمان و سەرۆک کۆماری پێشوو بەرەوڕوو بۆوە، بەڵام گوێ پێنەدانی چینی خوارەوەی کۆمەڵ و بـــێ ئاگایی باڵی توندڕەو لە توانـــای کۆمەڵەکەی خۆی، بووە هۆی ئەوە کـــە کۆمەڵگا گوێ بەم کردەوانە نەدا. ئەمە لە حاڵێکدا بوو کە راگەیەنەکانی لایەنگری ئەم باڵە توندڕەوەو راگەیەنە بەهێزەکانی رۆژئاوا، هەموو هەوڵـــی خۆیان بۆ بەهێز کردنـــی ئەم پڕۆژەیە بەکار هێنابوو.

بەڕێوەبردنـــی ئـــەم پڕۆژەیە بـــۆ هەڵبژاردنی ســـەرۆک کۆماری نۆیەمیش کەوتە دەستووری کارییەوە، بەڵام بە هۆی دابڕانی گەورەی باڵی توندڕەو لە گەڵ چینی خوارەوەی کۆمەڵ، بووە هۆی سەرنەکەوتنی سەر لەنوێی ئەم پڕۆژەیە.

بۆ ناسینی بەڕێوەبەرانی شۆڕشە مەخمەڵییەکان، پەلەمان لە ناساندنی لایەنگرانی باڵی توندڕەو نیە.

دیارە ناساندنیان جاروبار لە لایەن بڵاوکراوەکان و کۆڕە نێوخۆییەکانەوە دەکرێ، بەڵام باشـــتر وایە کە بنکەی پشـــتیوانی ئەم شۆڕشانە زیاتر بناسین. یەکێک لە ســـەرەکیترین بنیاتەکانی پلاندانان بۆ گۆڕانکارییە شـــیوە شۆڕشـــەکان، بنیاتی کۆمەڵگای کراوە(Open Society)یە. ئەم بنیاتە هی «جۆرج سۆرۆس» یەکێک لـــە خوێندکارەکانی کارێل ریمۆند پۆپێر، تیۆری داڕێژی لیبراڵ دێموکراسی ئۆتریش(نەمسا)ییە کە بە پشـــت بەســـتن بە کتێبی «کۆمەڵگای کراوەو دوژمنەکانی» نووســـینی کارێل پۆپێر، پەسند کراوە. ئەم بنیاتە هێندێک جار بە ناوی خاوەنەکـــەی بنیاتـــی «سۆرۆسی»شـــی پێ دەگوترێ.

ئەم بنیاتە، یەکێک لەو دە دامەزراوە چالاکەی کە لە خزمەت گوزاری گشـــتی لـــە ئورووپای رۆژهـــەڵات و ئەو کۆمارە تازە بە دەســـەڵات گەیشتووانەی یەکیەتیی ســـۆڤییەتی پێشوویە و لـــە ژێـــر نـــاوی خزمەتـــە خێرخوازییەکان، بەرنامەڕێژی و ڕێکخســـتنی دامەزراوە مەدەنی و ناحکوومییەکانیان لە ڕاســـتای وەدیی هێنانی کۆمەڵـــگای کـــراوەدا، خســـتۆتە دەســـتوری کاریانەوە.

بنیاتی ســـۆرۆس، لە پەنا بنیاتی بڵاوکراوەی رابێـــرت مەردوخ(یـــان مـــەرداک) دووەم رێکخراوی بڵاوکراوەیـــی جیهانە کە زۆرترین کەناڵـــە تەلەڤیزیۆنـــەکان، هەواڵدەریـــەکان و رۆژنامەکان لە ئاستی جیهاندا، بەڕێوە دەبا. ئەم بەڕێوەبەرییە، هێندێک جار بە شێوەی ئاشکرا و هێندێک جاریش بە هۆی پێوەندی و بە شێوەی شـــاراوە بەڕێوە دەچێ. چالاکی ڕاگەیاندنەکانی مەردوخ، ئاشکرایە و ئەم دامەزراوەیە، بوێرانە لە بەڕێوەبـــردن و کڕینی کەناڵەکانی وەک فاکس نیوز، ئەلجەزیرەو تەنانەت ڕاگەیاندنەکانی ئاسیای دوور، چالاکی دەکا، بەڵام سۆرۆس زیاتر سوورە لەســـەر ئەوە کە بە شێوەی شـــاراوە لە کڕین و ڕێنمایـــی کردنی ڕاگەیاندنەکاندا چالاک بێ. بەشـــداری بەرچاو لە ڕێنمایی قەفقاز، ئاسیای نێوەڕاست، ئەفغانستان، تورکیە و وڵاتانی دیکەی دەوروبەری ئێران، نمونەیەک لەو چالاکیانەیە.

**سەرچاوە: ماڵپەری ئاشیانە.**

www.lawan.com

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئاسۆی حەسەنزادە:
# هەموو شۆڕشە رەنگییەکان کۆمەڵێک تایبەتمەندیی هاوبەشیان هەیە کە پێم وایە هەموویان بەجۆرێک لە جۆرەکان لە بزووتنەوەی سەوزی ئێستای ئێرانیش دا وەبەرچاو دەکەوێ


ئاسۆی حەسەنزادە

شۆڕشە رەنگییەکان و بزووتنەوەی سەوز وەک شۆڕشێکی رەنگی لە وتووێژی گۆڤاری لاوان لەگەڵ دوکتور ئاسۆی حەسەنزادە دا

دیمانە: لاوان

**١: دوکتور ئاسۆ پێناسەی ئێوە بۆ دیاردەی شۆڕشی رەنگی چییە؟**

شۆڕشی رەنگی دەستەواژەی کەمتر ناسراوی ئەو بزووتنەوە گۆڕانخوازانەیە کە بە دەستەواژەی باوتری شۆڕشی مەخمەری ناویان دەرکردووە. شۆڕشی رەنگی ـ کە بە هۆی هەڵبژاردنی رەنگێک یان گوڵێک یان گۆرانییەک وەک سەمبولی بزووتنەوەکە وای پێ دەڵێن ـ بریتی‌یە لە بزوتنەوەیەکی خەڵکیی ئاشتیخوازانە و دەکرێ بڵێین خۆڕسک کە عادەتەن پاش هەڵبژاردنێکی قسەلەسەر یان دزراو، بە دژی دەسەڵاتێکی گەندەڵ و سەرەڕۆ وەڕێ دەخرێ و ئامانجی هێنانەسەرکار یان هێنانەوە سەرکاری نوخبەیەکی سیاسیی لیبڕال و میانەڕەو و بەرپرسیارە بە بێ ئەوەی توندوتیژی روو بدا.

**٢: مێژووی شۆڕشە رەنگییەکان بۆ کەی و بۆ کوێ دەگەڕێتەوە؟**

ساموێل هانتینگتۆن لە پۆلێن بەندی‌یەکەی خۆی‌دا سەبارەت بە شەپۆلە یەک لە دوای یەکەکانی رەوتی دێموکراتیزاسیۆن لە جیهاندا، ئاڵ و گۆڕە دێموکراتیکەکانی ئورووپای رۆژهەڵات لە پاش رووخانی دیواری بێرلینەوە بە شەپۆلی سێهەم ناو دەبا. بەو پێیە دەتوانم شۆڕشە مەخمەرییەکان وەک قووڵ کردنەوەی ئەم شەپۆلی سێهەمە یان تەنانەت شەپۆلی چوارەمی دێموکراتیزاسیۆن لە دنیادا دابنێم. یەکەم شۆڕشی مەخمەری کە ناوی مەخمەڵیش هەر لەوڕا هاتووە، ئەو شۆڕشە بوو کە ساڵی **١٩٨٩** لە چێکۆسلۆواکی رووی دا و بە کەمترین توندوتیژی کۆتایی بە دیکتاتۆریی کۆمۆنیزم لەو وڵاتەدا هات. دواتر لە کۆتایی دەیەی نەوەددا نموونەی سلۆواکی ــ کە جیابوونەوەکەشی لە کۆماری چێک هەر بە جیابوونەوەی مەخمەڵی ناوی دەرکرد ــ و کرۆواسی و بە تایبەتی سێربستانمان هەیە کە لەوانیشدا بە هەمان شێوە ئاڵ و گۆڕی سیاسی بە بێ شەڕ و گرژی جێبەجێ بوو. بەڵام دوو نموونەی هەرە ناسراو و باس کراو ئەو شۆڕشە بوو کە ساڵی **٢٠٠٣** لە

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گۆرجستان بە ناوی شۆڕشی ڕۆزەکان ڕووی دا، و شۆڕشـێکیش کە ساڵێک دواتـر لە ئۆکراین بە ناوی شۆڕشـی نارنجی بەڕێوە چـوو. دیارە کەمێک دواتر لە قێرقیزسـتانیش شۆڕشـێکی لەو چەشنە هەڵگیرسا کە بە شۆڕشی گوڵاڵەکان ناودێر کرا.

**٣: ئایا ئەو شۆڕشانە سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە؟**

مەسـەلە ئەوەیـە مەبەسـتمان لە سـەرکەوتن چیە. ئەگەر مەبەست سـەرکەوتنی کـورت خایـەن و جێگۆڕکـەی ئێلیتـی حکوومەتی‌یە، بەڵێ هەموو ئەو نموونانەی ئیشـارەم پێ کردن سـەرکەوتوو بـوون. دیارە نموونـەی وڵاتی واشـمان هـەر لە ناوچەی یەکێتیی سـۆڤییەتی پێشوو هەیە کە هەوڵی بەڕێوەبردنی شۆڕشی مەخمەری دراوەو سـەرکوت کراوە یا بەهەرحاڵ سەری نەگرتووە، بۆ نموونە لە ئۆزبەکستان و بێلۆڕووس. ئەگەریش مەبەست سـەرکەوتن لە درێژخایەندا و لە دوورەدیمەنی سـەقامگیر بوونی خەڵک سـالاری و بـاش حکوومەت کردن دایە، ئەوا مەسـەلەکە ئاڵۆزترە. بۆ نموونە هەم لە گورجسـتان و هەم لە ئوکراین ئـەو نوخبەیە کە براوەی شۆڕشـە مەخمەرییەکان بـوون، لەو دوو سێ سـاڵەی رابردوودا، جا لەژێر تەوژمی گیروگرفتـە نێوخۆیی‌یەکاندا بووبێ یا بە هۆی واقعییەتی پێوەندییە نێونەتەوەیی‌یـەکان، لـە تاقیکاریـی دەوڵەتـداری‌دا تـەواو سـەرکەوتوو نەهاتوونـە دەر. شـتێک کە ڕێگای گەڕانـەوەی دۆڕاوەکانـی شۆڕشـە مەخمەرییەکان بۆ دەسـەڵاتی خۆش کردەوە. بـەڵام بەهەرحاڵ لە ڕەوتی درێژخایەنی دێموکراسی و سالم سازیی حکوومەت‌دا شۆڕشـە مەخمەرییەکان دەبێ وەک دەسکەوت و سەرکەوتنێکی بەنرخ و حاشـاهەڵنەگر چاو لێ بکرێن کە سـوود و بەرهەمیان تەنیا بە دەورەیەک لە مێژووی سیاسیی وڵات یان بە تەیفێک لە تەیفە سیاسـییەکانی ئـەو وڵاتە مەحدوود نابێ.

ئاسۆ حەسەنزادە:

**شۆڕشی ڕەنگی بریتی‌یە لە بزوتنەوەیەکی خەڵکیی ئاشتیخوازانە و دەکرێ بڵێین خۆڕسك کە عادەتەن پاش هەڵبژاردنێکی قسەلەسەر یان دزراو، بە دژی دەسەڵاتێکی گەندەڵ و سەرەڕۆ وەڕێ دەخرێ و ئامانجی هێنانەسەرکار یان هێنانەوە سەرکاری نوخبەیەکی سیاسیی لیبراڵ و میانەڕەو و بەرپرسیارە بە بێ ئەوەی توندوتیژی روو بدا**

**٤: ئایا ئەم شۆڕشانە تەنیا لە ناوچەکانی یەکێتیی سـۆڤییەتی پێشـوودا سەریان هەڵداوە؟**

ئەگەر تەنیا لە ڕوانگەی ئامانج و نێوەرۆکەوە نەڕوانینە شۆڕشـە مەخمەرییەکان، بەڵکوو مێتۆد و شێوازی بزووتنەوەش بکەینە پێوانە، زۆر بزووتنـەوەی هاوشـێوە لـە مێژووی نوێ‌دا دەبینین. بۆ نموونە شۆڕشێک کە لە نێوەڕاسـتی حەفتاکانی زایینیدا لە پۆرتوغاڵ روویدا و بە شۆڕشـی گوڵە مێخەک ناودێر کـرا یەک لـەو بزوتنەوە نـەرم و گۆڕان سـازانە بوو. وەک دەزانیـن پاش تێرۆری ڕەفیق حەریریش لە لوبنان بزووتنەوەیەکی ئاشتی خوازانەی نەتەوەیی وەڕێ کەوت کە درەختی سـەرقی کە سەمبولی ئەو وڵاتەیە کردبووە هێمای خـۆی (دیارە دەزانین کە لـەو مەوریدەدا بزووتنەوەکـە پێوەندیی بە هەڵبژاردنەوە نەبوو، بەڵکـوو داوای چوونە دەری هێزەکانـی سـووریە لـەو وڵاتەی دەکـرد). دوو نموونەی کەم بایەختر بەڵام سەرنجراکێش هەیە کە پێوەندی‌یان بە دوو وڵاتی عەرەبی‌یەوە هەیە و بە ناوی ڕەنگی ئـەو جەوهەرانەوە کراونـەوە کە لە کاتی دەنگدان لە قامکی دەنگدەرانیان دەدەن. لە کووەیت پاش سـاڵی **٢٠٠٥** بزووتنەوەیەک بۆ بەخشینی مافی دەنگدان بە ژنان وەڕێ کـەوت بە ناوی بزووتنەوەی شـین. پاش هەڵبژاردنەکانـی هەمان سـاڵی عێراقیش ئەمریکایی‌یەکان ئەو سەرفەسڵە لە پرۆسەی سیاسیی ئەو وڵاتەیان بە شۆڕشی ئەرخەوانی ناوزەد کرد.

**٥: هـەروەك ئـاگادارن لـە دوای هەڵبژاردنی دەوری دەیەمی سەرکۆماری و هاتنە سەرکاری حکوومەتی کوودێتا لە ئێران بزووتنەوەیەکی بەرینی ناڕەزایەتی بـە نـاوی بزووتنـەوەی سـەوز وەڕێ کەوتووە. بە بڕوای ئێـوە ئایا دەتوانین ئەم بزووتنەوەیە بە شۆڕشـێکی ڕەنگی دابنێین؟**

هـەر دیاردە یـا بزووتنەوەیەک زەمینەی عەینی و زەینیی تایبـەت بە خۆی هەیە. بەڵام هەموو شۆڕشە ڕەنگییەکان کۆمەڵێک تایبەتمەندیـی هاوبەشـیان هەیە کە پێم وایـە هەموویان بـە جۆرێک لە جۆرەکان لە بزووتنەوەی ئێسـتای ئێرانیشـدا کە بە بزووتنەوەی سـەوز ناوبانگـی دەرکردووە وەبەرچاو دەکەون. با ئاماژە بە دوو جۆر لەو تایبەتمەندییانە بکەم کە پێوەندییان بە بواری سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی لەم چەشنە و بە بەڕێوەبەرانی بزوتنەوەکەوە هەیە. ئەگەر چـاو لەو دەسـەڵاتە بکەین کە شۆڕشـی ڕەنگی لـە دژی بەڕێوە دەچێ دەبینین کە وەهـا شۆڕشـێک لە وڵاتانێـک دا بەڕێوە

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەچێ کە لە تەوسـەعەی سیاسی بێبەشن، هەڵبژاردنیان تێدا دەکرێ، بەڵام فرت و فێڵ و دەسـت بادان و وەڵام نەدانەوەی خەڵک و بە گشتی تۆتالیتاریسـمیان تێدا حاکمە. ئەگەر لە روانگەی خودی بزووتنەوەکەشەوە چاو لێ بکەین لە شۆڕشە مەخمەرییەکان‌دا نەخشی شـەقام یان کۆمەڵانی خەڵک لە نەخشـی نوخبەکان کەمتر نیە ئەگەر زیاتر نەبێ. ڕێکخـراوە غەیـرە دەوڵەتی‌یەکان و خوێندکارانـی زانکۆ بڕبـڕەی ئەو جۆرە بزووتنەوانە پێک دێنن. ئەو نوخبانەش کە خەڵکەکە وەپێش خۆیان دەدەن کەسانێکن کـە پێشـتر لە دەسـەڵاتدا بـوون و لە هەڵبژاردن‌دا ـ هەڵبژاردنێک بە بەشـداریی بەربـڵاوی خەڵک ـ غەدریـان لێ کراوە. لـەوەش ئەولاتر چ لە مێتـۆد و مێکانیزمە بەکارهاتـووەکان‌دا و چ لـەو ویسـت و چەمکانـەدا کە زەق دەکرێنـەوە، گەلێک خاڵی هاوبەش لەنێوان بزووتنەوەی ئێستای خەڵک لە ئێران و بزووتنەوە رەنگی‌یەکانی دیکەی جیهان‌دا بەدی دەکرێن.

**٦: کۆماری ئیسـلامی هەمیشـە ئاماژە بـەوە دەکات کە وڵاتانـی ڕۆژئاوایی بە تایبەتی ئەمریکا و بریتانیا لە پشت ئەم جۆرە شۆڕشـانە بە تایبەت بزووتنەوەی سـەوزن. ئایا ئەوە لە چییەوە سەرچاوە دەگرێ و چەندە راستە؟**

بە شـێوەیەکی گشـتی ئەوە یەکەم جار نیە کە چ کۆماری ئیسـلامی و چ ڕێژیمە دیکتاتۆرەکانی دیکە بەرچەسپی «بەستراوە بە بێگانە» و «دەستکردی بێگانە» و لەو جۆرە ناو و تۆمەتانە لە بزووتنەوەیەکی ئازادی خوازیی نێوخۆی وڵاتەکەیان دەدەن. بەڵام سەبارەت بە ئینقلابە رەنگییەکان هۆکارێکی تایبەتییش بۆ ئەو مەسـەلەیە هەیە. وەک گوترا زۆربەی شۆڕشـە مەخمەرییەکان لەو وڵاتانـەدا روویـان داوە کە یان بەشـێک لە یەکێتیی سـۆڤییەتی پێشـوو بوون یان لە سـەردەمی شەڕی سـارددا بە ئەقماری شـووڕەوی حیسـاب دەکران. یەکێک لە ئامانجەکانی ئەم شۆڕشـانەش لە راسـتیدا جێگیر کردنی سـەربەخۆیی راسـتەقینە و

ئاسۆ حەسەنزادە:

**سەبارەت بە ئینقلابە رەنگییەکان هۆکارێکی تایبەتییش بۆ ئەو مەسەلەیە هەیە. وەك گوترا زۆربەی شۆڕشە مەخمەرییەکان لەو وڵاتانەدا روویان داوە کە یان بەشێك لە یەکیەتیی سۆڤییەتی پێشوو بوون یان لە سەردەمی شەڕی ساردا بە ئەقماری شووڕەوی حیساب دەکران. یەکێك لە ئامانجەکانی ئەم شۆڕشانەش لە راستیدا جێگیر کردنی سەربەخۆیی راستەقینە و کۆتایی هێنان بە بەستراوەیی بە مۆسکۆ بووە**

کۆتایی هێنان بە بەسـتراوەیی بە مۆسکۆ بـووە، و ئێلیتی چالاک لەو شۆڕشانەشـدا لەسـەریەک لایەنگری دۆستایەتی لەگەڵ ڕۆژئـاوا بوون. لەلایەکی دیکەوە دەگوترێ کۆمەڵێـک ناوەنـدی ئەمریکایـی وەک بنیاتی ژۆرژ سـۆرۆس لەگەڵ بەشـێک لە نوخبەکانـی ئەم شۆڕشـانەدا پێوەندیی‌یان هەبووە. بـەڵام هەمووی ئەمانەش ناتوانێ کەمترین شەرعییەت بەو تۆمەتانە بەتایبەت لە مەوریدی بزووتنەوەی ئێسـتای ئێران‌دا ببەخشـێ کە سـەرەڕای وێکچوونەکان، زەمینـە و ماهییەتەکەی لەگەڵ ئەو شـتە کە لە وڵاتانی کۆمۆنیسـتیی پێشوودا رووی داوە جیاوازە. لـە دنیای بچووک و پێکەوە گرێدراوی ئەمڕۆدا هەموو جەمسـەرەکان و نوخبەی هەموو وڵاتان بە جۆرێک ئاگایان لە یەکترە و ئەگەر بە ئەنقەستیش بە شوێن ئەوەدا نەبن کە تەئسـیر لەسەر یەکتر دابنێن، بەملا یا بـەولادا هەر دەکەونە ژێر شـوێنەواری یەکتر. ئەسـڵەن چ شتێک لەوە باشتر و مەشرووعتر کە ئەو چەمکانەی لە ژێر سایەیاندا دیکتاتۆری و شکەنجە و ئێعدام بنەبڕ دەبن بە هەموو دنیادا بڵاو ببنەوە. واقیعییەتەکەی ئەوەیە ئەگەر بێزاری لە دەسەڵاتی مەوجوود و ویسـتی ئازادی و دێموکراسی لە ناخی کۆمەڵگادا کەڵەکە نەبووبێ، گەورەترین هێـزی جیهانیش ناتوانـێ کۆمەڵانی میلیۆنیی خەڵک بێنێتە سەر شەقامەکان، ئەویش لە وڵاتێکی وەک ئێرانی ئێستادا کـە خۆپێشـاندەران دەبێ لـە گیانی خۆشیان مایە دابنێن.

**٧: بە بڕوای بەڕێزتان بۆچی تاکوو ئێستا بزووتنەوەی رەنگیی ئێران نەی توانیوە لـە هێنانەدیی ئامانجەکانیدا سەرکەوتوو بێ؟ ئایا شۆڕشێکی لەم شێوەیە دەتوانێ لە ئێراندا حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بە چۆك دا بێنێ؟**

ئیجـازە بدە لـە بەشـی دووهەمی پرسیارەکەت ڕا دەست پێ بکەم. ئەگەر مەبەسـت لە بەچۆک داهێنانی کۆماری ئیسـلامی رووخاندنیەتی (شـتێک کە ئاواتـی هەموو ئـازادی خوازانی ئێرانە و دەکـرێ هیـوادار بین کـە ئاکامی بزووتنـەوەی خەڵکیی ئێسـتاش هەر ئـەوە بـێ)، لـە رووی مەفاهیمەوە شۆڕشـی رەنگی یا مەخمەری ئینقلاب نیە بە مانا سـوننەتییەکەی ئینقلاب کە بریتی‌یە لە لەبەریەک هەڵتەکاندنی بنەما سیاسـییەکان و تێک هەڵشێلانی بنەما کۆمەڵایەتی‌یەکان. دەستەواژەی شۆڕشی مەخمەری زۆرتر بەو حاڵەتانە دەخوا کە لەواندا نیهادەکان و قەوارەی سیاسـی لەسـەر یەک وەک خۆیان دەمێننەوە، بـەڵام نوخبـەی حاکم دەگـۆڕدرێ. مەسـەلەن ئەگەر سبەی ڕۆژ لە ئاکامی فشـاری خەڵک و پێداگریی نوخبەکانی

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئۆپۆزیسیۆنی حاکمییەتدا هەستەی ئیستبداد ئەوەندە ناچار بە پاشەکشە بێ کە ریفۆرم خوازە مەغدوورەکانی هەڵبژاردنی جۆزەردانی پار بێنە سەر کار و ئەوانیش هەم دەسەڵاتی پێویستیان هەبێ و هەم ئەو دەسەڵاتەش بە شێوەیەکی بەرپرسیارانە و بە هارمۆنی لە گەڵ چاوەڕوانییەکانی خەڵک دا بەکار بەرن، ئەوا ئەودەم دەکرێ بڵێین لە ئێران شۆڕشێکی مەخمەریی بە تەواوی مانای وشە بەڕێوە چووە. بەڵام مەرج نیە ئەوەندە شۆڕشە مەخمەرییەش هەمووی ئەو ئاڵ و گۆڕە بێ کە خەڵکی ئێران ئارەزوویەتی و داوای دەکا. چونکە پارامێترێکی ئەساسی کە ئێرانی ئێستا لە مەوریدەکانی دیکە جوێ دەکاتەوە ئەوەیە کە ئەمڕۆ لە ئێران بنەمای ئیدئۆلۆژیکی دەسەڵات بە تایبەتی بەو جۆرە کە لە دەستوور و لە پراکتیک دا قاڵب کراوە، سەرچاوەی هەموو کێشەکانە. ئێستا ئایا بۆچی بزووتنەوەیەکی لەم چەشنە هێشتا لە ئێران‌دا بە ئامانجی خۆی نەگەیشتووە؟ ئەمن پێشتر نموونەی دوو وڵاتم هێنایەوە کە بەشێک لە شووڕەویی پێشووش بوون و هەوڵی ئینقلابی مەخمەرییش تێیاندا سەری نەگرتوە، لە عەوەزدا باسی وڵاتی واشم کرد کە هیچ پێوەندیی بە شووڕەویی قەدیمەوە نیە و ئینقلابی نەرمیشی تێدا روو داوە. ئەوە ئەمن دێنێتە سەر ئەو بڕوایە کە بۆ سەرگرتنی ئینقلابێکی رەنگی یا مەخمەری ئەوە زەمینەی عەینی‌یە کە زۆرتر بڕیاردەرە نەک زەمینەی زێهنی. بەو مانایە کە سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی شۆڕشێکی لەم چەشنە ئەوەندەی بە هاوکێشەی هێزەکان و پارامێترە مەیدانییەکانەوە بەستراوەتەوە، ئەوەندە بە عەقڵییەت و کولتووری سیاسی یا بە سوونەتی دەوڵەتداری‌یەوە نەبەستراوەتەوە. شۆڕشی مەخمەری بۆیە مەخمەرییە چونکە لەودا موعادڵەکە بە جۆرێکە کە دەسەڵات ئیدی پەنا بۆ سەرکوت نابا و لە بەرامبەر هێزی خەڵک دا پاشەکشە دەکا. لە ئێرانی ئێستادا فاکتەری سەرکوت نەک هەر ئامادە و کارایە، بەڵکوو بۆخۆی بۆتە دەوڵەتدار و حاکم. لەلایەکی دیکەوە لە بزووتنەوە و شۆڕشە رەنگییەکان‌دا، تۆڕەکانی پێوەندی و هاوپێوەندی وەک رۆژنامە و ئینتەرنێت و مێدیا بە گشتی و چالاکانی مەدەنی و رێکخراوەکانیان نەخشی سەرەکی دەگێڕن. لە کۆماری ئیسلامی‌دا ئەوەندی بۆیان بلوێ ئەو تۆڕانە دەقرتێنن و بە درندانەترین شێوەش هەوڵ دەدەن نوخبە نەیارەکانیان دمکوت بکەن و لە یەکتر و لە خەڵک دایان ببڕن.

> ئاسۆ حەسەنزادە:
>
> **بە باوەڕی من بزووتنەوەی رەنگی یا مەخمەری باشترین نوێنگە و دیارترین نوختەی پێک گەیشتن و تێکەڵ بوونی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و بزووتنەوەی سیاسی‌یە. بەو مانایە کە شۆڕشی مەخمەری پۆتانسیەلی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی‌یەکان بە ئاراستەیەکی سیاسی‌دا دەبا، لە هێز و حەزی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا کەڵک وەردەگرێ**

**٨: بە بڕوای ئێوە پێویستە چ بکرێ بۆ ئەوەی لەو رێگایەوە دێموکڕاسی لە ئێراندا بە مانای واقعی بچەسپێ؟**

بە باوەڕی من بزووتنەوەی رەنگی یا مەخمەری باشترین نوێنگە و دیارترین نوختەی پێک گەیشتن و تێکەڵ بوونی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و بزووتنەوەی سیاسی‌یە. بەو مانایە کە شۆڕشی مەخمەری پۆتانسیەلی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی‌یەکان بە ئاراستەیەکی سیاسی‌دا دەبا، لە هێز و حەزی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا کەڵک وەردەگرێ و لە ویست و مێتۆدەکانیان هەڵ دێنجێ هەتا بە مەجرایەکی دیاری کراوی سیاسی و نیهادی‌دا و بەرەو بەستێنێکی کراوەتر و عادڵانەتری حەوزەی عموومییان بەرێ. بەڵام ئەگەر بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی دەتوانێ رێبەری نەبێ، ستروکتۆری نەبێ، پەرش و بڵاو بێ، دەسەڵات نەکاتە ئامانج و لە ئیدئال بە مانا سوننەتییەکەی بێبەری بێ، بزووتنەوەیەکی سیاسی بۆ چوونە پێش و بۆ سەرکەوتن دەبێ خۆی لە هەموو ئەو تایبەتمەندی‌یانە دوور راگرێ. بە شێوەی کۆنکرێتیش هەموو ئەو شتانەی کە ئەم رۆژانە جۆرێک ئیجماعیان لەسەر دروست بووە شتی باشن و پێویستە رەچاو بکرێن. بۆ نموونە یەکگرتنی ئازادی خوازان لە هەموو ئاستەکاندا، درێژەدان بە دووری لە توند و تیژی، بەکارهێنانی هەموو کاناڵە مومکینەکان بۆ پاشەکشە بە سەرەڕۆیی بە دوور لە دۆگماتیسم، ئەزموون کردن و بەکاربردنی هاوکات و سەراسەریی تاکتیک و مێتۆدی بەکارهاتووی وڵاتانی دیکەی جیهان، فشارهێنان بۆ نوخبە رەسمییەکان بۆ خۆ ساغ کردنەوەو ئازایەتیی زیاتر و هاودەنگ بوونی تەواو لە گەڵ ویستە بنەڕەتی‌یەکانی خەڵک، قووڵ کردنەوەی هاوپێوەندی‌یەکان و هەوڵدان بۆ زیاد کردنی زەرفییەتەکانی بزووتنەوەی ئێستا بۆ ئەوەی سەرجەم چین و توێژەکان بە تایبەتی هێزی هەرە ساختاریی کۆمەڵگای ئێران کە میللییەتەکانی ئەم وڵاتەیە خۆیانی تێدا ببیننەوە و چالاکتر بۆی بێنە مەیدان، کارکردن بۆ هانابەخش کردنی فاکتەری نێونەتەوەیی، و ... هتد.

www.lawan.com

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



## هەڵوەستەیەک لەسەر چەمکەکانی
# شۆڕش، شۆڕشی نەرم و شۆڕشی ڕەنگی

**ئامادەکردنی: هەژیر عەبدوڵڵاپوور**

شۆڕش پڕۆسەیەکە کە لەودا دەسەڵات بە بەکارهێنانی توندوتیژی لە گروپێکەوە بۆ گروپێکیتر رادەگوێزرێ. لە شۆڕشە کلاسیکەکاندا دەسەڵاتداران و هەروەها پێکهاتەی سیاسی بە تەواوی دەگۆڕێ و لە جیاتی ئەوان دامەزراوەی نوێی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی دێنە ئاراوە. بەم پێیە پەنا بردن بۆ توندوتیژی یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی هەر شۆڕشێکە و توندوتیژی خۆی لە خۆیدا هەم تێچووی گۆڕان لە وڵاتدا دەباتە سەرێ و هەمیش دەبێتە هۆی کەوتنەوەی بێسەرەوبەرەیی لە کۆمەڵگەدا. هەندێکی دیکە چەمکی شۆڕش بەمجۆرە پێناسە دەکەن: «گۆڕانێکی کتوپڕە کە لە هەر نەزمێکی کۆمەڵایەتی، بنیاتی(نهادی) و سیاسی جێگیر، لە ژێر کاریگەری هێزە پێکهاتوو و سەرتر لە هێزەکانی پارێزەری نەزمی ئارایی(موجود) و بە مەبەستی پێکهێنانی نەزمێکی نوێ، روو دەدا». هەروەها لە پێناسەیەکی دیکەی شۆڕشدا دەڵێن: «حەرەکەتێکی خەڵکییە لە راستای گۆڕانی خێرا و بنەمایی لە بایەخ و بڕواکانی زاڵ بەسەر بنیاتە سیاسییەکان، پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان، ڕێبەری، شێوازەکان و چالاکییە حکوومەتییەکانی کۆمەڵگەیەک هاوڕێ لە گەڵ توندوتیژی ناوخۆیی». بەم پێیە دەتوانین بڵێین توخم و تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی هەر شۆڕشێک بریتین لە:

**ئەلف: خەڵکی بوون**

**ب: خێرا و کتوپڕ بوون**

**پ: تێکەڵ بە توندوتیژی بوون**

**ت: گۆڕینی بایەخە زاڵەکان**

**ج: گۆڕینی سیستمی سیاسی باڵادەست**

بەم پێناسە کورتە لە شۆڕش، دێینە سەر دوو مودێلی دیکەی شۆڕش واتە شۆڕشی نەرم و شۆڕشی ڕەنگی کە تێیاندا گۆڕانکارییەکانی وڵات بە بێ پەنابردنەبەر توندوتیژی و خوێنڕشتن قۆناغ بە قۆناغ جێبەجێ دەکرێن. جیاوازییەکی سەرەکیی نێوان شۆڕشە کلاسیکییەکان و شۆڕشە نەرم و ڕەنگییەکان لەوەدایە کە لە شۆڕشە کلاسیک یان باوەکاندا، شۆڕشگێڕان بۆ بەرەوپێش بردنی مەبەستەکانی شۆڕش، ئەگەر پێویست بکا پەنا دەبەنە بەر توندوتیژی دژی دەسەڵاتداران و پارێزەرانی دۆخی ئارایی، بەڵام لە شۆڕشە نەرم و ڕەنگییەکاندا، ڕێبەرانی شۆڕش توندوتیژی رەت دەکەنەوە و پەنا بۆ شێوازی ئاشتییانە



www.lawan.com

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



و هێمنانــە دەبەن. جیاوازییەکی دیکە ئەوەیە کە لە شۆڕشە نەرمەکاندا پاش سەرهەڵدانی شــۆڕش و سەرکەوتنی دیمۆکراسیخوازان، گۆڕانکاریی قانوونی بە هەڵبژاردنی ئازاد و ڕێفراندۆم مەیسەر دەبێ و دەســەڵاتدارانی پێشوو قڵتوبڕ ناکرێن، بۆ وێنە لە ئەفریقای باشــوور دوای سەرکەوتنی دژبەرانی سیستمی دیکتاتۆری، تەنانەت یەک کەسـیش نەخرایــە بەندیخانەوە یــان نەکووژرا، بــەڵام لە شۆڕشــە کلاسـیکەکانی وەک ڕوومانــی پــاش ســەرکەوتنی شۆڕشگێڕان، لە ئاکامی یەکلاکردنەوە و تۆڵەسـەندنەوەکان دا خەڵکێکی زۆر ئێعدام و قڵتوبڕ کران. لە شۆڕشە نەرم و ڕەنگییەکانــدا تەواوی ئــەو گرووپە سیاســییانەی کە لەگەڵ شۆڕشــەکە کەوتوون و چ ئەوانەی دژبەریشن، مافی ئازادی ڕادەربڕین و ئازادیی سیاسییان هەیە. ڕێبەرانی لــەکار لادراو هەروا درێژە بە ژیانی سیاسی خۆیان دەدەن و لە وانەیە لە ئاکامی گۆڕاندا دیسانەوە بگەڕێنەوە ناو دەسەڵات.

هەندێــک بیرمەنــدی سیاســی لــەو بڕوایــەدان کە نابێ شۆڕشــی نەرم(مخملــی) و شۆڕشــی ڕەنگی ســەرەڕای بوونــی تایبەتمەندییەکانی وێچووی وەک ئاشـتیانەبوون و ڕۆڵی خوێنــدکاران و ڕیفۆرمخــوازان لــە بەدیهێنانیان‌دا، هاووتا ســەیر بکرێن، و لە ڕاستیدا شۆڕشــی نەرم لە گەڵ شۆڕشــی ڕەنگی لە هەندێ لایەنەوە جیاوازن:

ئەلف: بۆ یەکەم جار کە شۆڕشی نەرم لە چێکۆسلۆواکی هاتە ئاراوە، نە تەنیا دەوڵەتی ئەو وڵاتە گۆڕا، بەڵکوو ڕێژیمی کۆمۆنیســتی واتە سیســتمی سیاسی وڵاتیش گۆڕانی بەسەردا هات، ئەوە لە کاتێک دایە کە لەو شۆڕشە ڕەنگییانەی کە دواتر لە سێربستان (ساڵی ٢٠٠٠)، گورجستان (ســاڵی ٢٠٠٣) و ئۆکراین (٢٠٠٤) و قیرقیزستان لە ساڵی ٢٠٠٥دا ڕوویان دا تەنیا دەوڵەتەکان گۆڕانیان بەسەردا هات و سیستمی سیاسی وڵات وەک خۆی مایەوە. لە بیریشــمان نەچێ کە بەپێی ئەو پێناســانەی ســەرەوە، لە شــۆڕش دا هەم دەوڵەت و هەمیش سیستمی سیاسی گۆڕانی بەسەردا دێ و ئەگەر بێتوو تەنیا دەوڵەتەکە بگۆڕێ لە باری تیۆریکەوە مانای شــۆڕش لەق دەبێ.

ب: بنەما تیۆریکەکانی شۆڕشی ڕەنگی بە تەواوی لە گەڵ بنەما تیۆریکەکانی شۆڕشی نەرم لێک جیاوازە. شۆڕشــی نەرم زیاتر لە ڕێگەی پڕوپاگەندەی میدیایی و کارتێکردنەسەر ڕووناکبیرانی بلووکی خۆرهەڵات لە سەردەمی شەڕی سارد بیچمیان دەگرت، بەڵام شۆڕشە ڕەنگییەکان لە ســەردەمی پاش هەڵوەشانی یەکیەتیی ســۆڤییەت و بە جۆرێک لە سەر بنەما نوێیەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا شکڵیان دەگرت و جێبەجێ دەبوون.

شۆڕشی نەرم(مخملی) بە مانای هەوڵدان لە کۆمەڵگــەدا بۆ گۆڕینــی حکوومەت بە حکوومەتێکیتر لە ڕێگەی نافەرمانی مەدەنی و دووری کــردن لــە توندوتیژییەوەیە و بۆ یەکەم جار لە لایەن ســەرکۆماری پێشووی چێکۆســلۆواکی کە لەو سەردەمەدا ڕێبەری نەیارانی حکوومەت بوو، کەوتە سەر زاران و ئەو شۆڕشە لە قۆناغێکی شەش حەوتوویی‌دا و لــە ١٧ی نوامبر تا **٢٩** دێســامبری **١٩٨٩** درێژە دەکێشێ.

**بوارەکانی سەرهەڵدانی شۆڕی نەرم و شۆڕشی ڕەنگی:**

ئەو جۆرە شۆڕشــانە لــە وڵاتانێک‌دا دێتە ئاراوە کە سیستمی سیاسییەکەی یەک‌دەست بــێ و هەڵبژاردنی ئازاد بوونــی نەبێ. لەو جۆرە وڵاتانــەدا ڕاگەیاندنی ئــازاد لە ئارادا نییــە و ئازادییە سیاســی و مەدەنییەکانیش بەرتەســکن، لە لایەکی‌ترەوە ڕەوتی زاڵ بە

www.lawan.com

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



سەر کۆمەڵگە گشت پایەکانی حکوومەت و سەرچاوەکانی ئابووری لەبەردەست دایە و هەژاری و بێکاریش لە چڵەپۆپە دایە. هەروەها لاوازبوونی دیمۆکراسی، پاوانخوازی، هەژاری ئابووری، گەندەڵی ئیداری و سەرکوتی ڕەخنەگرانیش بوار بۆ سەرهەڵدانی شۆڕە نەرم و ڕەنگییەکان خۆش دەکا. لە لایەکی‌ترەوە ئازادییە سیاسییەکان، هەڵبژاردنی ئازاد، وڵامدەربوونی دەسەڵاتداران و دەستاودەست بوونی دەسەڵات و چاکسازی پێش بە سەرهەڵدانی ئەو جۆرە شۆڕشانە دەگرێ. هەروەها زۆربەی شۆڕشە نەرم و ڕەنگییەکان لە کاتی هەڵبژاردندا ڕوو دەدەن، بەو مانایە کە گرووپەکانی نەیاری دەسەڵات لە کاتی هەڵبژاردندا کە کەشێکی ئازادی زیاتر دەڕەخسێ یەک دەگرن و بە پێک هێنانی کۆبوونەوەی ئاشتییانە و وەڕێ خستنی ناڕەزایەتی بەرین لە بەرامبەر بنیاتە حکوومەتییەکانی وەک پەرلەمان، کۆمیسیۆنەکانی هەڵبژاردن، پۆلیس و هتد دەبنە هۆی پەک خستن و پاسیڤ‌کردنی دەسەڵاتی زاڵ و پاوانخواز و لە ئاکامدا هەڵبژاردن لە حاڵەتی پاوانکاری دەردەچێ و کاندیداکانی لایەنگری دیمۆکراسی دێنە سەرکار. بۆ وێنە لە وڵاتانی ئۆکراین و گورجستان نەیارانی سیستمی کومونیستی بۆ ماوەی چەند شەو و ڕۆژ لە سەر شەقام و گۆڕەپانە سەرەکییەکاندا کۆبوونەوە و لە قرقیزستانیش نەیاران لە بەرامبەر پەرلەمان و ئۆرگانی سەرکۆماری خڕبوونەوە و دەسەڵاتیان ناچار بە ملکەچ‌کردن کردو ... .

## ترس و دڵەڕاوکێی ڕژێمی تاران لە شۆڕشە ڕەنگییەکان:

ڕوودانی شۆڕشە ڕەنگییەکان لە زۆرێک لە وڵاتانی سەر بە یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوو، دام و دەزگا ئیتلاعاتی و ئەمنییەتییەکانی ڕژێمی تارانی زۆر نیگەران و پەرێشان کردوە و هەر لەم سۆنگەیەوە ئەو دەزگا سەرکوتکەرانە تەواوی چالاکییە ئاشتی و مەدەنییەکانی چالاکانی سیاسی و مەدەنی خستۆتە ژێر چاوەدێرییەوە و حکوومەت لە ساڵانی ڕابردوودا زۆرێک لە مامۆستایانی زانکۆ و هەروەها کۆمەڵێک ئێرانی دانیشتووی ئەمریکای قۆڵبەست کردوە و ئەوانی بە بیانووی هەوڵدان بۆ وەڕێ خستنی شۆڕشی ڕەنگی دادگایی کردوە. هالە ئیسفەندیاری، ڕامین جەهانبەگلوو، برایانی عەلایی و... لەو کەسانە بوون کە بۆ ماوەیەک دەسبەسەر کران و ناچار کران لە دەنگ و ڕەنگی ڕژێمی ئیسلامییەوە ددان بە کۆمەڵێک ویستی بەرپرسانی ڕژێمدا بێنن! هەندێک لە شارەزایانی سیاسی پێیانوایە کە هەوڵدانی ڕژێمی ئیسلامی بۆ خانەنشین‌کردنی بەناچاری زۆرێک لە مامۆستایانی زانکۆ و گوشاری لەرادەبەدەر بۆ سەر کۆڕ و کۆمەڵی خوێندکاریش لە ئاقاری پێشگرتن لە شۆڕشی ڕەنگی لە ئێران دایە. تەنانەت سەرانی ڕژێم بۆ ئەوەی بتوانن بەر بە شەپۆلی ناڕەزایەتی خەڵکی وەزاڵەهاتووی وڵات و بە تایبەتی خەڵکی ناڕازی تاران بگرن و دەسەڵات و هێزموونی خۆیان بە سەر پایتەختدا بسەپێنن، دەیانەوێ لە شاکارێکی سەیروسەمەرەدا و بە بێ هیچ لێکدانەوەیەکی کارناسانە و زانستی و بە بیانووی بوومەلەرزەوە، پێنج میلیۆن کەسی خەڵکی تاران بەرەو شار و ناوچەکانی دیکە ڕاگوێزن، تاکوو بەمجۆرە پێش بە بوومەلەرزەی سیاسی یان ڕاپەڕینێکی جەماوەری لە وڵاتدا بگرن. هەر خودی ئەم کردەوە و پەلەقاژانە دەربڕی ئەوەیە کە داواکانی بزووتنەوەی گۆڕانخوازانە و بەرابەریخوازانەی کۆمەڵانی خەڵک هەروا لە جێی خۆی دایە و بە پێچەوانەی ئیددعاکانی ڕژێم هەروا چالاک و بە وزە و زیندووە.





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



www.lawan.com

# لەمپەرەکانی بەردەم بە ئاکام گەیشتنی بزووتنـ

**و. لە فارسییەوە: تەها رەحیمی**

هەنووکە باشترین دەرفەتە بۆ هێنانە گۆڕی ئەو لەمپەر و تەگەرانەی نەیانهێشتووە بزووتنەوەکانی خەڵکی ئێران بە ئاکام بگەن، چونکە بەداخەوە بزووتنەوەی سەوزیش دوای ماوەیەک هەڵکشان و داکشان هەر بەم لەمپەرو تەگەرانەوە کە دەمەوێ ئاماژەیان پێ بکەن پێیان کز بووە. رەنگە لەم پەیوەندییەدا هێندیک هاوڕێ کە کە لە من زاناترو شارەزاترن زۆریان نووسیبێ، بەڵام من هەروەک وتم لە روانگەی چینی سێیەمی کۆمەڵگە وەک کەسێک کە بۆ خۆی لە جەرگەی هەموو ئەو رووداوانەدابووە شرۆڤەی ئەم تەڤگەرە دەکەم، من لێکدانەوەکانمان جۆرێک هیناوەتە گۆڕێ تاکوو هەموو خەڵک لێی تێبگەن، چونکە ئەو پرسەش زۆر گرینگە و پێویستیم بە بیروڕای هەموو هاوڕێیان لە سەرانسەری کەلێن و قوژبنی ئەم جیهانەدا هەیە و خۆشم هەوڵ دەدەم تا بۆم بکرێ کورتو بەکەڵک لەسەری بدوێم.

بەرلەوەی بچمە سەر باسەکە دەمهەوێ پێناسەیەک لە بزووتنەوەیەکی سەرکەوتوو بخەمە بەر باس، بە بڕوای من بزووتنەوەیەکی سیاسی سەرکەوتوو، بزووتنەوەیەکە کە لە ناخی کۆمەڵگە هەڵقوڵابێ، چینە جۆراوجورەکانی کۆمەڵگە لە هەموو سینف و گرووپەکان بەشداری تێدا بکەن، ئامانجەکانی پێشتر دیاری کرابێن، بۆ هەموو لایەک پێناسە کراوو روون بێ و خاوەن رێبەرێکی گشتی بێ،پێڕەوی یاساو رێسایان بێ و بۆ ئەوەی بە ئاکام بگا لە هەر جۆرە دژە باویەتییەک بە دوور بێ. گرینگترین لەمپەرەکانی بەردەم بە ئاکام گەیشتنی بزووتنەوەکانی خەڵکی ئێران.

١:کەڵکەڵە هزرییەکان لەمپەرێکی بەردەم بە ئاکام گەیشتن:لە باشترین دۆخدا دەبێ بڵێین بە داخەوە کەمتر لە ١٠٪ی خەڵکی ئێران لە بواری دەروونییەوە لە حاڵەتی ئاسایی دان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



## ــــەوەجەماوەرییەکانی ئێران

و زیاتـــر لە ٩٠٪ی خەڵک خاوەن چ پێگە و کارێک بن لەگەڵ کیشەی فکری زۆر دەستەو یەخەن و تەنانەت دەرفەتی بیرکردنەوەیان لە پرسە گرینگەکانی وەڵاتەکەیاندا نییە. کاتێک دەڵێیـــن کەڵکەڵەی فیکری، مەبەســـت لە هەوڵ بۆ پەیدا کردنی نانی شەو کە کێشەی زۆربـــەی خەڵکی ئێرانە و تا هەڵات هەڵات لە ئیدارەکان بـــەدوای کاروبارو هەزار بگرە و بـــەردەی دیکەیەکە ئەوەش فیتی خودی حاکمییەتە بۆ ئەوەی خەڵکەکەی ســـەرقاڵ بکا، پێکیان دێنێ. جا لە وڵاتێکدا کە خەڵک بۆ نانی شەو لە عەزاب دان و ناچارن هەموو هەوڵ و فیکـــر و هەزریانی بۆ بخەنە گەڕ، بەڕای ئێوە چۆن کابـــرا دەتوانێ بپرینگێتە سەر پرسی وەک ئازادی ڕادەبرین. بەداخەوە ئاڵۆزی هزری ئەمڕۆ کێشـــەیەکی گەورەی کۆمەڵگەکەمانە کە دیسان بەداخەوە ئەویش هۆکارە پێکهێنەرەکەی هەر دەســـەڵاتدارانن کە زۆر روونە. بۆچیش وا دەکەن دەیانهەوێ خەڵک نەتوانن بیر لە مافی پێشـــیل کراوی خۆیـــان بکەنەوە و بە جۆرێک ئەو کێشـــەو ئاریشـــانە بۆ خەڵکی دەبیننـــەوە کە خەڵک هێز و بڕستی بیرکردنەوەیان نامێنێ. کەواتە تاکـــوو خەڵکەکەمان خـــاوەن بیرێکی ئازاد نەبـــن نابێ چاوەڕوانی ئـــەوە بین کە بیر لە پێکهێنانی بزووتنەوەیەکی سیاسیش بکەنەوە چ بـــگا بەوەی بیر لە هەوڵ و تێکۆشـــان و سەرخستنی بکەنەوە. بەڵام نابێ ئەوشمان لەبیر بچێ هەر ئەو کێشانەن دەبنە هۆی وەڕەز بوونـــی خەڵک و روودانی شـــۆرش کە دیـــارە بزووتنەوەکانیش هەمیشـــە لە شۆڕشیان کەمتر تێ ناچێ.

**٢**: ترس، کاتێک باس لە ترس دەکەین دەبـــێ بزانین ترســـی جۆراوجـــۆر لە دڵدا هەیە: ترسی لەدەست چوونی پێگە، ترسی لە دەســـت چوونی دارایی، ترسی نەمانی بنەماڵە، ترســـی لە مەترسی خستنی گیان .... ئەگـــەر ئێوەی خوێنـــەری بەڕێزیش وەک من بەکاروباری سیاسییەوە خەریک بـــن، دەبێ لە باس و دیمانەکانتان لەگەڵ خەڵکی واتە ئەو ترسـانەتان هەست پێ کردبێ. بۆ وێنـــە دەڵێین لە خۆمان وەڕەز بوویـــن. هەموو شـــتێک لەنێـــو دەچێ. ئەدی بنەماڵەکەم چی بەســـەر دێ و.... ئەو قســـانە لە ترسەوە ســـەرچاوە دەگرن ودیارە ترس لەمپەرێکی گەورەی بەردەم بزووتنەوەکانە، چونکە ئەگەر ســـەربازێک بترســـێ گیانی خۆی و هاوڕێکانی دەخاتە بـــەر مەتەرســـییەوە لە بنەڕەتـــدا کابرای ترسەنۆک توانای بەرانبەری کردنی لەگەڵ دەسەڵاتداران نییە، کەواتە تا خەڵک ترسیان لە دەسەڵاتداران نەشکێ نابێ چاوەڕوانی بە ئاکام گەیشتنی بزووتنەوەکانیشیان بین.

**٣**:گوێ نەدان بە نیســـبەت چارەنووسی خـــۆی و کۆمەڵگاکەی: من هەمیشـــە لە دابەش کردنی خەڵکی کۆمەڵگە بەســـەر چینەکاندا بـــڕوام بەوەیە کـــە خەڵکێکی زۆر گوێیان بە هیچ نابزوێ کە بەراســـتی کەمیـــش نین و خۆ لە میلیـــۆن دەدەن. دیســـانیش دەڵێم ئەگەر سەرنجتان دابێتە پرسە سیاسییەکان توێژێکی زۆری خەڵکی دەڵێنبـــە ئێمە چی؟ چیمـــان پێ دەگا.... هەموویان ســـەرو قوونی کڵاشـــێکن.... ژیانی خۆت بکە،ئەوانە هەمووی فشەن.... هتـــدو زۆر لەو جۆرە وڵامانە هیوابڕاوانەی دیکە. ئـــەو توێژە زیاتر کۆنســـەرڤاتیڤن یان لە ترســـان کاریان بەو شتانە نەداوە. ئەگەرچی لە رەوشـــی ئارایـــی رازی نین،

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڵام پێیان باشە گوێی لێ بخەوێنن. دڵیان لەگەڵ بزووتنەوەیە، بەڵام خۆی تێهەڵناقورتێنن، بۆیە تاکوو نەتوانین لە ڕێگەیئەمرازی ڕاگەیاندن و پڕۆپاگەندەوە توێژی کۆنسەرڤاتیف نەهێنینە ریزی بزووتنەوە نابێ چاوەڕوانی سەرکەوتنی بزووتنەوە بین.

**٤:** خاڵی لاوازی ڕاگەیاندن لە ئامانج و چالاکییەکانی بزووتنەوە بە خەڵک: پێشتریش وتوومە هەر بزووتنەوەیەک لە ناخی کۆمەڵگەوە هەڵنەقولابێ بە دڵنیاییەوە تووشی شکست دەبێ و خەڵک ناچنە ریزی بزووتنەوەوە تاکوو ئەوەی لێیان روون نەبێ کە بە ئەندام بوون لەو بزووتنەوەو بەئاکام گەیشتنی چیان پێ دەگا و کە ئەوەش لە ڕێگای ڕاگەیاندنەوە دەکرێ، چونکە خەڵک لە ڕێگەی تێگەیشتن لە ئامانج و برنامەکانی بزاڤە خۆ دەدەنە بزووتنەوەوە کە بەداخەوە هەنووکە قۆناغی ژیانی خەڵکی ئێران پڕە لە سانسۆڕ و چاخی نەبوونی ڕاگەیاندنی ڕاست وێژە، کەواتە بۆ دەبێ چاوەڕوان بین بزووتنەوەی خەڵکی گەشە بکاو بە ئاکام بگا.

**٥:** نەبوونی ڕێبەرێکی گشتی و تۆکمە لە ناوەندی بزاڤ دا:نامەوێ لەو بوارەدا زۆری لەسەر بڕۆم،چونکە دیتمان زۆر بوونی ڕێبەرو پارادۆکسی فەرمانەکانیان ئاخری چی بەسەر بزووتنەوەدا هێنا. نهێنی سەرکەوتنی بزاڤەکان لە مێژوودا بوونی ڕێبەرێکی گشتیو تۆکمە بووە. چونکە ئەگەر کەسێک فەرمانەکان دەربکا دەبێتە هۆی یەکگرتوویی نێوخۆیی بزووتنەوەکە.

بزووتنەوەیەک کەخاوەن یەک ڕێبەری بێ، تووشی ناکۆکی نابێو بە یەکڕیزی و تۆکمەیی بەرەو ئامانجەکانی ڕێگە دەبڕێ، کەواتە بزووتنەوەکانی ئەم دواییانەی ئێران خاوەن یەک ڕێبەر نەبووەو هەر ئەمەش یەکێک لەو هۆکارانەیە کە سەرکەوتوو نەبووە.

**٦-** ئێرانییەکان قارەمان پەرەستنو لەسەر بەرگی براوە گرێو دەکەن: دیارە زۆر زوو وا بە شاخ و باڵی قارەمان هەڵ دەڵێن دەیبەنە ئاسمانێ. بۆ وێنە من زۆر جار لە هەڵبژاردنەکاندا بینیومە کە کەسێک دژی ئەحمەدی نەژاد بووە، بەڵام چونکە پێی وا بووە سەردەکەوێ دەنگی داوەتێو پاساویشی بۆ ئەم کارە ئەوە بووە کە بە دەنگێکی ئەو چی دەکرێ. ئەوە کێشەیەکی کۆمەڵگەکەمانە کە پێمان خۆشە لەگەڵ براوە بین ئەگەرچی دژیشیینو دژمانە. دیارە هەمیشە هەر کەسمان کردووە بە قارەمان و هەر خۆشمان شاخو باڵمان لێ ناوە، کەواتە تاکوو ئێمە ڕۆحییەی ریسکمان نەبێ ناتوانین چاوەڕوانی بە ئاکام گەیشتنی بزاڤ بین.

**٧:** بزووتنەوەکان لە ئێراندا خەڵک شەق دەکەن: ئەگەرچی لە بنەڕەتدا لە بزووتنەوە خەڵکییەکاندا دەبێ خەڵک بەرەورووی دەسەڵات بنەوە، بەڵام بەداخەوە لە ئێراندا بە پێی پلانی جۆراوجۆر خەڵک دەکەوێتە بەرامبەر خەڵکەوە کە دیارە زۆر بە زەرەرە، کە یەکێک لە هۆکارەکانی ئەکتیف نەبوونی ڕاگەیاندنی نێوخۆیی بزووتنەوەو لە لایەکی دیکەشەوە دەسەڵاتداران بە پێی پلان و ئەوەی کە بزووتنەوە دەیەوێ زەبر لە باوەڕی خەڵک بوەشێنێ دووبەرەکی دەنێتەوە جابۆیە تا ئەو کاتەی حاکمییەت بتوانێ خەڵک لە دژی یەکتر ڕاست بکاتەوە هەروەک لە بزووتنەوەی سەوزدا دیتمان نابێ چاوەڕوانی سەرکەوتنی بینی.

**٨:** کەڵک ئاژۆیی لە بڕوا ئایینییەکان لەمپەری بەردەم بە ئاکام گەیشتنی بزووتنەوەکان: ئایین و بیرو باوەڕە ئایینییەکان شتێکی تاکەکەسین و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە جیاوازە. بەڵام کاتێک تاکەکان لە چوارچێوەی بزووتنەوەیەک دا یەکدەگرن نابێ بیرو باوەڕە ئایینییەکان دەوریان هەبێ، چونکە پاڕادۆکسی بیرو باوەڕی ئایینی کێشە دەنێنەوە، هەروەک لەم بزووتنەوەی سەوزەدا بیروباوەڕی شیعەو سوننی زیانێکی زۆریان بۆ خەڵک لێ کەوتەوە. خەڵک دەبێ بەدوور لە هەر جۆرە بەربانییەکی ئایینی و ئایینزایی تەنیا هەوڵ بۆ سەر خستنی ئامانجەکانی بزووتنەوە بدەن. دەسەڵات کەڵک لە فرەبەریانی ریزەکانی بزووتنەوەی سەوز دەکا.

**٩:** ڕۆحییەی زاڵی کۆنسێرواتیڤی بەسەر کۆمەڵگەی ئێراندا: بزووتنەوە، واتە ڕەوتێکی بە هەڕەت و پر جمو جۆڵ، کۆنسێرواتیڤ، واتە بێدەنگی و پاراستنی ڕەوشی ئارایی، دروشمی ڕاستەقینە بەیەکتر. بەداخەوە تاقمێکی زۆری خەڵکی ئێران کۆنسێرواتیڤن و پێیان باشە ڕەوشێکی هێوەری ڕێژەیی بوونی هەبێ، بەڵام بۆ سەرکەوتنی بزووتنەوە دەبێ ئەو ڕۆحییە کۆنسێرواتیڤیە بکرێ بەروحییەکیگۆڕانخواز.

**١٠:**پەلەو کەم چیکڵدانەیی ئێمە لەمپەری سەرکەوتنی بزووتنەوە: ئێرانییەکان دەرنگ دەست پێدەکەن و دەشیانهەوێ زوو بە ئاکام بگەن، بزووتنەوەکان پێویستیان بە پرۆژەو بەرنامە هەیە و بۆ پەلە و پەشۆکان نابن. کەواتە دەبێ هەست و سۆزەکان کۆنترۆڵ بکرێن و ڕەنگە بزووتنەوەیەک **١٠** ساڵیش بخایەنێ، کەواتە دەبێ خۆڕاگر و پشوودرێژ بین.

**١١:** چاو لە پشک وبەشە دەسەڵات لەمپەرێکی گرینگی بەردەم بزووتنەوەکان: هێندێک کەس لەبەر بەرژەوەندی تاکە کەسی وەک دەسەڵات و ماددییات دەگەڵ بزووتنەوەدەکەون کە هەر لەسەرەتاوە بیر لە دابەش کردنی دەست کەوتەکان دەکەنەوە. مێژوو نیشانی داوە لە هەر تەڤگەرێک دا بەرژەوەندی تاکەکەسی لە ئارادابوو مەحکوم بە شکستە. بۆیە دەبێ هەوڵ بدەین ئەو ڕۆحیاتە لەخۆماندانەهێڵین.

**١٢:** نەوت لەمپەرێکی دیکەی بەردەم بزووتنەوە: ڕەنگە پێمان سەیربێ بۆچی نەوت ! دەوڵەت و دەسەڵاتدارییی بۆ سەپاندنی ڕەوایەتی خۆی پێویستی بە سامانە و سەرچاوەی داهاتەکەشی نەوتە، کەواتە بە فرۆشتنی نەوت و دابەشینی پارەکەی دەتوانی بزووتنەوەکان سەرکوت بکا.

سەرچاوە:
ماڵپەڕی ئەندێشە

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

www.lawan.com



یەکێک لە بازارەکانی شاری مەهاباد، مانگرتنە گشتییەکەی خەڵکی کوردستان

# مانگرتنە گشتییەکەی خەڵکی کوردستان وەڵامێکی گونجاو بوو بۆ ریسوا کردنی کۆماری ئیسلامی

**ئایەت مرادی فەر**

گەلی کورد بە درێژایی مێژووی خۆی بۆ بە دەست هێنانی مافە زەوت کراوەکانی گەلێک قوربانی داوە کە هیچ نەتەوەیەک لەم دنیایەدا بە قەد ئەم نەتەوە زوڵم لێکراوە ئازاری نەچێشتووە. ئەنفال کردن، سووتاندن و تۆپ باران کردنی شارو گوندەکان، رەشەکوژی، تیرۆرکردنی رێبەرانی بزووتنەوەی کورد، راگواستنی زۆرەملێیی خەڵک بۆ شوێنە نەخوازراوەکان و ... هتد، دەسخۆشانە و بە دیاری هێنانی داگیرکەرانی کوردستان بووە لە ماوەی مێژووی دەسەڵاتیاندا بۆ ئەم نەتەوە ماف خواز و ئازادی خوازە. کۆماری ئیسلامیش یەکێکی دیکەیە لەو رێژیمە فاشیستانە کە هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکارییەوە دژایەتی خۆی لە گەڵ مافەکانی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دربڕی و بە سیاسەتێکی دژە نامرۆڤانە لە هەموو کردەوەیەکی دوور لە پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ بۆ سەرکوت کردنی خەڵکی کوردستان هەر بەو رێ و شوێن و سیاسەتی دیکتاتۆرانی رێژیمە گوڕبەگۆڕەکەی پێشوودا ڕۆیشت. ئێستا بۆ ماوەی سێ دەیەیە کۆماری ئیسلامی بە هۆی ئاڵ و گۆڕەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە قەیرانێکی دژواردا دەژی و لە کۆتایی دوا ساتەکانی خۆیدا دەستی داوەتە کوشت و کوشتاری خەڵکی بێ تاوان و دەی هەوێ لەم رێگایەوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org





تەمەنی دەسەڵاتە شوومەکەی درێژ بکاتەوە. هەروەکی هەموو لایەک ئاگادارن کردەوەی ڕۆژی یەک شەممە نۆزدەی بانەمەڕ دەستی پڕ لە تاوانی کۆماری ئیسلامی لە درێژەی زنجیرە جینایەتەکانیدا پێنج تێکۆشەری سیاسی کە چواریان کورد بوون و یەکیشیان فارس، بە تاوانی بە قەولی خۆیان تێکدانی ئەمنییەتیی میللی و «محاربه» لە سێدارەی دان. لە دوای سێدارەدانی ئەم تێکۆشەرانە شەپۆلێکی ناڕەزایەتی دەربڕین لە دەرەوەو نێوخۆی کوردستان دەستی پێ کرد و خەڵکی زۆربەی ناوچەکانی کوردستان بە مانگرتنێکی گشتیی لە ڕۆژی **٢٣**ی بانەمەڕ بە داخستنی دووکان و بازاڕەکان، ناڕەزایەتی خۆیان بە ڕێژیمی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی نیشان دا و پێیان سەلماند کە ڕێگای ئەم تێکۆشەرانە هەروا بە ئاسانی کۆتایی پێ نایە و بەم لە سێدارەدانە گەلی کوردی پێ چاوترسین ناکرێ. جێگای ئاماژەیە کە لە دەرەوەی وڵاتیش، ڕێبوارانی ڕێگای ئازادی بە هێرش کردنە سەر باڵوێزخانەکانی کۆماری ئیسلامی و، تێکدان و شکاندنی درگا و پەنجێرەی باڵوێزخانەکان و بە نووسینی دروشمی جۆراوجۆر دەسەڵاتدارانی ڕێژیم و گۆپاڵ بەدەستەکانیان ڕیسوا کرد و پێیان نیشان دا کە بە شەهیدکرانی تێکۆشەرانی کورد داخوازی نەتەوەیەکی چەند میلیۆنی بەو شێوە جینایەتانە کۆتایی پێ نایە. ئەگەر لە لایەکی دیکەوە تێڕوانین لە سەر ئەم ناڕەزایەتی دەربڕینانە شرۆڤە بکەین، ئێعترازاتی وڵاتانی دەرەوە و ڕێکخراوە مرۆڤ دۆستەکان بە نیسبەت جینایەتەکانی ڕێژیم پەیامێکی دیکە بوو کە لایەنە دەرەکییەکان بۆ مەحکووم کردنی ئەم ئێعدامە بە کۆمەڵانە هەڵوێستیان گرت.

### هەڵوێستە جیاوازو بەرچاوەکانی ئەم جارەی خەڵکی کوردستان لە هەموو لایەکەوە؟

لە باکووری کوردستان خەڵکی ئەم پارچەیە بە ڕێ پێوانێکی ڕێک خراو تا بە دەروازە سنوورە دەستکردەکان، جۆرێکی دیکە بوو لەو پشتیوانیە بۆ هاودەردی کردن لە گەڵ بنەماڵەی سەربەرزی ئەم شەهیدانە و، هەروەها کۆدەنگی ئەحزاب و لایەنە کوردیەکان بۆ پشتیوانی کردن لە مانگرتنە گشتییەکەی خەڵکی کوردستان خاڵێکی بەهێز بوو، بۆ گرێدانی خەباتێکی گشتگیرو هەمەلایەنە.

### هەڵوێستی لایەنە ئێرانییەکان لە دەرەوەو نێوخۆ؟

خاڵێکی دیکەی بەرچاوی ئەم ناڕەزایەتی دەربڕینانە ئەوە بوو کە سەرانی ڕەوتی ڕیفۆرم خواز بە مەحکووم کردنی ئەم ئێعدامانە، بووە هۆی ئەوە کە لایەنە ئێرانییەکان چ لە دەرەوەو چ لە نێوخۆ بە هاودەنگی و هاوهەڵوێستییەوە ئیبتیکاریان لە خۆیان نیشان داو بەشداری ئەم ڕێ پێوانەیان کردو، بووە جێی سەرنجی هەموو لایەک و سەرەنجام وای لە جەللادانی ڕێژیم کرد کە بە هێزی سەرکوت بۆ جارێکی دیکە کوردستان میلیتاریزە بکەنەوە. ئەگەر لە ڕەهەندێکی دیکەوە بۆی بڕوانین لە بەرەبەری ساڵرۆژی ناڕەزایەتی دەربڕینەکەی ساڵی ڕابردوو نزیک دەبینەوە تاقمی پاوانخواز بۆ چاوترسێن کردنی خەڵک دەی هەوێ شکڵێکی دیکە لە سیما قێزەونەکانی خوی نیشان بداو ترس و دڵەڕاوکێیەکی دیکە بخاتە نێو دڵی ئازادی خوازان تا بەم شێوەیە وەک دیکتاتۆرانی پێشوو ڕێگای سەرکوت هەڵبژێری و بۆ درێژەدان بە تەمەنی کۆشکی دیکتاتۆری هەموو ئامرازەکانی سەرکوت بە کار بێنێ. لە کۆتاییدا دەتوانین بە ئاکامێکی وا بگەین، ئەو ڕەوتە ئێعدامانەی کە کۆماری ئیسلامی هەر جارێ بە بیانوویەک بەڕێوەی دەبا نەک تەنیا ناتوانێ مانەوەی دەسەڵاتەکەی گەرەنتی بکا، بەڵکوو دەبێتە هۆی ئەوە کە جووڵانەوەی ئازادی خوازی لە ئێراندا ڕۆژبەڕۆژ گڕوتینێکی دیکە بەخۆوە ببینێ و بۆ هەمیشە سەنگەری دیکتاتۆری بەرەو ڕووخانێکی هەمیشەیی ببا.

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# بەشداریی سیاسیی و...

ئا: سیروان

لەم نووسینەماندا سەرەتا پێناسە و شی کردنەوەیەکمان لەسەر چەمکی بەشداریی سیاسی وەک یەکێک لە چەمکە گرینگ و باس هەڵگرەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان دەبێ و لە دواییدا بە کورتی باسی هێندێک لە بابەتە پێویستەکانی پێوەندیدار بە بەشداریی سیاسی دەکەین، هەرچەند زۆر بابەتی گرینگی وەک تیۆرییەکانی بەشداریی سیاسی، تایبەتمەندییەکانی بەشداریی سیاسی، خەسارناسی دەروونی و کۆمەڵایەتی، بەشداری نەکردن، پێش مەرجەکانی بەشداریی و ئەزموونی بەشداریی سیاسی لە هێندێک لە وڵاتان و زۆر بابەتیتریش لێرەدا باسیان ناکرێ و لە دەرفەتێکیتر و ژمارەیەکی دیکەی گۆڤارەکەدا دەیانخەینە بەرباس.

مێژووی مرۆڤایەتی، مێژووی هاوکاری و نەبەردە. کاتێک بۆ یەکەم جار مرۆڤ تێگەییشت کە دەتوانێ کۆکردنەوەی هێز و توانایی خۆی لە گەڵ یەکێکیتر بەسەر ئەوی دیکەدا سەرکەوێ، بەشداریی لەدایک بوو. بەشداریی بە واتای بەشداربوونی چالاکانەی مرۆڤەکانە لە ژیانی سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی و بە گشتی گشت لایەنەکانی ژیان و بە مانای پشکداربوون لە شتێک و بەهرە لێ وەرگرتن یان لە گرووپێکدا بەشداربوون و بەم پێیەش هاوکاری کردنی.

بەشداریی سیاسی بە مانای هەوڵ و تەقەللای ڕێکخراوی هاووڵاتیانە بۆ هەڵبژاردنی ڕێبەرانیان، بەشداریی کاریگەر لە چالاکی و کاروبارە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان و شوێندانان لەسەر پێکهاتەی سیاسی دەوڵەتە. یانی خەڵک لە هەڵبژاردنی ڕێبەرانی سیاسیی کۆمەڵگا و سیاسەت دانان، چالاکانە بەشدار بن و خۆیان لە بەرامبەر حکوومەت و سیاسەتەکانی بە نامۆ و بێگانە دانەنێن.





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



خاون ڕایانی سیاسی، بەشداریی سیاسی بە یەکێک لە نیشانەکانی کۆمەڵگای دێموکراتیک دەزانن. ئەوان لەسەر ئەو باوەڕەن کۆمەڵگایەک کە ئیددیعای دێموکراتێک بوونی هەبێ، بەڵام نەتوانێ بەشداریی خەڵک لە بەکارهێنانی دەسەڵاتدارێتیدا، لە ڕێگای ڕێکخراوە مەدەنی و دامەزراوە سیاسییەکان دابین بکا، ئیددیعایەکەی ئیدیعایەکی بێ مانایە. یەکێک لە نیشانە زەق و بەرچاوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، بوونی ئازادییە تاکە کەسییەکان و ڕەخساندنی بوار بۆ شارۆمەندانە بۆ بەشداریی لە سیاسەت و کاروبارە حکومییەکان و هەروەها بەشداریی لە دامەزراوە حیزبی و سینفییەکان بۆ بەدی هێنانی ویستە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانە.

حاکمییەتی مرۆڤ بەسەر چارەنووسی خۆیدا یەکێک لە هەوەڵین خەیاڵ و پەرۆشییەکانی ئەو، پاش هاتنە ناو کۆمەڵگا بووە کە بە تێپەڕینی زەمان، لایەن و شێواز و هەروەها ئاڵۆزیی بە خۆوە گرتووە. ئەگەر مرۆڤ بە بوونەوەرێکی بە سرشت کۆمەڵایەتی بزانین، دەبێ هۆگریی و مەیلی ئەو بە دەستێوەردان و بەدەستەوەگرتنی چارەنووسی کۆمەڵایەتی خۆی، بە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەو حسێب بکرێ.

بە وتەی هێندێک کەس بێ بەشداریی، تاک جڵەوی دەسەڵاتی سیاسی دەداتە دەست کەسانێک کە کۆنترۆڵ کردنی بە ئاسانی دەست نادا. «پیرکلیس» گرینگی بەشداریی سیاسی بۆ هاووڵاتیان بە باشترین شێواز زانی کاتێک وتی: «ئەو مرۆڤەی بەشداریی لە ژیانی گشتیدا ناکا، مرۆڤێکی بێ کەڵکە.» بەشداریی سیاسی خۆ دەرخستنی ئاشکرای خەڵک بۆ دیاری کردنی چارەنووسی گشتیی خۆیانە. تەنیا لە ڕێگەی بەشداریی سیاسییەوەیە کە دەسەڵاتی سیاسی بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە دەستاودەست دەگەڕێ. پێناسەی بەشداریی سیاسی

بەشداریی سیاسی وەک زۆر چەمک و زاراوەی ناو زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە لایەن بیرمەندان و زانایانی ئەو بوارە، پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە، هەر کەسە بە شێوەیەک لێی دواوەو لە هەر شوێنە و بەشێوەیەک لە سەری نووسراوە.

بێ شک، شێواز و ڕادەی بەشداریی لە چارەنووسی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە هەر کۆمەڵگایەک دا پەیرەوی کۆمەڵێک لە نۆرم و بەهای پەسندکراوی ناو ئەو کۆمەڵگایەیە. سوقرات، ئەفلاتوون، ئەرەستوو و بە دوای

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ئه‌وانیشدا زۆربه‌ی فیلسووفه سیاسییه‌کان به درێژایی مێژوو «چییه‌تی و چۆنییه‌تی» به‌شداریی مرۆڤیان له کاروباری سیاسی و کۆمه‌ڵایه‌تی خۆیدا، هێناوه‌ته به‌رباس. ئه‌مڕۆکه‌ش بیرمه‌ندان و خاوه‌ن ڕایانی بواری گه‌شه‌، به‌شداریی به یه‌کێک له گرینگترین کۆڵه‌که‌کانی گه‌شه‌سه‌ندن له قه‌ڵه‌م ده‌ده‌ن و له گه‌شه‌ی سیاسیدا بایه‌خێکی دوو ئه‌وه‌نده‌ی پێده‌ده‌ن. به باوه‌ڕی ئه‌وان به‌شداریی سیاسی له پێویستییه جیا نه‌بۆوه و حاشاهه‌ڵنه‌گره‌کانی سیستمی سیاسی له سه‌ده‌ی بیست‌ویه‌ک دایه و سه‌ره‌کیترین نیشانه‌ی گه‌شه‌سه‌ندوویی سیاسی و وڵامدانه‌وه به پێویستیی ڕوو به زیادی به‌شداریی سیاسی و جێگیرکردنی له چوارچێوه‌ی دامه‌زراوه مه‌ده‌نییه‌کانه.

له دائیره‌تولمه‌عاریفی نێونه‌ته‌وه‌یی زانسته کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کاندا هاتووه: «به‌شداریی سیاسی، چالاکی دڵخوازانه‌ی ئه‌ندامه‌کانی کۆمه‌ڵگا له هه‌ڵبژاردنی ڕێبه‌ران و به‌شداریی ڕاسته‌وخۆ و ناڕاسته‌وخۆ له داڕشتنی سیاسه‌ته گشتییه‌کانه.

به بڕوای هانتینگتۆن، به‌شداریی سیاسی بریتییه له: «چالاکی شارۆمه‌ندان به مه‌به‌ستی شوێندانان له‌سه‌ر پرۆسه‌ی بڕیاردانی سیاسیی ده‌وڵه‌ت. هه‌روه‌ها «سیلز» پێی وایه به‌شداریی سیاسی به‌و کۆمه‌ڵه چالاکییه ئیدارییانه ده‌وترێ که له ڕێگای ئه‌وانه‌وه ئه‌ندامه‌کانی کۆمه‌ڵگایه‌ک له هه‌ڵبژاردنی فه‌رمانڕه‌واکانیان به شێوه‌ی ڕاسته‌وخۆ و ناڕاسته‌وخۆ له فۆرم پێدانی سیاسه‌تی گشتیدا به‌شدارن. مایکل ڕاش، به‌شداریی سیاسی به تێوه‌گلان و ده‌رگیربوونی تاک له ئاسته جیاوازه‌کانی چالاکیی سیاسی له تووش نه‌بوونه‌وه هه‌تا به‌ده‌سته‌وه‌گرتنی پۆستی فه‌رمی ده‌زانێ. ئه‌و به گێڕانه‌وه له لۆسترمیلبرایت، هیرارکییه‌تێک له به‌شداریی سیاسی ده‌خاته‌ڕوو که نزمترین ئاستی ڕاسته‌قینه‌ی ئه‌و به ده‌نگ دان له هه‌ڵبژاردندا ده‌زانێ و ئه‌وه‌مان بۆ شی ده‌کاته‌وه که به ده‌نگدان ده‌توانین به که‌مترین شێوازی چالاکانه له به‌شداریی سیاسی بزانین، چونکه پێویستیی به که‌مترین پابه‌ندبوونه و له گه‌ڵ ده‌نگ خسته ناو سندووقه‌کانی ده‌نگدان له‌وانه‌یه کۆتایی پێ بێ.

نووسه‌رانی فه‌رهه‌نگی کۆمه‌ڵناسی، به‌شداریی سیاسی به به‌شداریی له‌و پرۆسه سیاسیانه‌دا ده‌زانن که ڕێبه‌رانی سیاسی تێیدا هه‌ڵده‌بژێردرێن و سیاسه‌تی گشتی دیاری ده‌کا و کاریگه‌ری له‌سه‌ر داده‌نێ.

پێویستیی به‌شداریی سیاسی:

www.lawan.com



کتێبخانه‌ی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ــ واجبی ئەقڵی: مرۆڤ بوونەوەرێکی بە سرشت کۆمەڵایەتییە و ژیانی کۆمەڵایەتییش لەسەر بناغەی پێوەندیی مرۆڤەکان لە گەڵ یەکتر دامەزراوە. لەم پرۆسەیەدا، تاک و کۆمەڵ لەسەر یەکتر شوێندانەرن. لە سەر تاکەکانی ناو کۆمەڵ پێویستە ڕۆڵی خۆیان لەم شوێندانان و شوێن وەرگرتنە، بە دروستی بەڕێوەبەرن. لە مەسەلە سیاسییەکان و کاروبارە پێوەندیدارەکان بە حکوومەت کە لە گرینگترین مەسەلەکانی هەر کۆمەڵگایەکن، تاکەکان دەبێ بە بەشداریی چالاکی خۆیان تێیاندا، لە چارەنووسی خۆیان و کۆمەڵگاکەیاندا دەور بگێڕن و لە سیاسەت دانان، بڕیاردان و چۆنییەتی بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی وڵاتدا شوێندانەر بن. چونکە ئەگەر لە دیاری کردنی چارەنووسی خۆیاندا بەشدار نەبن، بە پێی نەریتەکانی باو لە جیهانی سروشت، کەسانێکیتر بە زاڵ بوون بەسەریاندا، بڕیاریان بۆ دەدەن و بە هەر لەونێک بۆیان بلوێ، ئاغایاتی و کوێخایەتیان بەسەرەوە دەکەن و هیچ دوور نییە بە سەپانیش نەیانگرن! کەوایە بەشداریی سیاسی بۆ حەیاتی فکری و ژیانی سەربەرزانە کارێکی پێویست و واجبە.

ــ دەستەبەرکردنی حاکمییەتی خەڵک: بەشداریی سیاسی بە مەبەستی جێگیرکردنی مافی حاکمییەتی خەڵک لە دیاری کردنی چارەنووسی خۆیاندا، کارێکی پێویستە. ئەگەر شارۆمەندانی وڵاتێک بۆ دیاری کردنی چارەنووسی خۆیان و بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی وڵات، لە مەیدان دا حازر نەبن و باری بەرپرسایەتی بخەنە ئەستۆی کەسانێکیتر، مافی حاکمییەت لە دیاری کردنی چارەنووسیان پەڵەدار و لەوانەیە لەنێو بچێ. خەڵک دەبێ ئاگادار بن کە ئەگەر گەرەکیانە چارەنووسی شار و وڵاتی خۆیان بە بیر و هزری خۆیان دیاری بکەن و کاروبارەکانی وڵاتی خۆیان بە پێی بیر و بۆچوونی خۆیان هەڵسووڕێنن، ڕێگایەکیان بێجگە لە بەشداریی لە کاروباری سیاسی و ئامادەبوون لە گۆڕەپانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا نییە.

جۆر و شێوازەکانی بەشداریی سیاسی

بەشداریی سیاسی شێوازی جۆراوجۆری هەیە و زیاتر دەتوانین وەک داپۆشەرێک بۆ زنجیرە کردەوەیەکی لە قەڵەم بدەین. ئەو کردەوانەی کە لە نیهایەت دا بۆ شوێندانان لەسەر سیاسەتەکانی حکوومەت دادەڕێژرێن و دێنە بواری جێبەجێ کردن. بەم پێیە هەر توێژەرێک زنجیرە کردەوەیەک دیاری دەکا. بە کەڵکترین و ساکارترین هیرارکییەتێک کە لە بەشداریی سیاسی خراوەتە ڕوو، لەسەر بنەمای پلە یان بەربڵاوی بەشداریی سیاسییە.

لۆستێر میلبرایت لە کتێبەکەی خۆیدا بە ناوی «بەشداریی سیاسی»، پلەبەندییەکی لە بەشداریی سیاسی خستۆتەڕوو کە لە تێوەنەگلان و خۆ بەدوور گرتن هەتا وەرگرتنی پۆستی فەرمی حکوومەتی دەگۆڕێ و نزمترین ئاستی بەشداریی ڕاستەقینە بە دەنگدان لە هەڵبژاردنەکاندا دەزانێ. هەروەها لە بارەی شێوەکانی بەشداریی سیاسی، میلبرایت هەر لەو کتێبەدا کەسەکان بە پێنج گروپ لە بواری بەشداریی سیاسی دابەش دەکا:

ــ کەسانی تەواو پاسیڤ: کە تەنیا چالاکیی سیاسییان، دەنگ دانە.

ــ کەسانی ناوچە گەرا: ئەو کەسانەی چالاکیی سیاسییان تەنیا گرینگی دان بە مەسەلە ناوچەییەکانە.

ــ کەسانی بیرتەسک: کە تەنیا سەرنج دەدەنە ئەو مەسەلانەی لە لایەنی تاکەکەسییەوە کاریگەریان لەسەر دادەنێ.

ــ کەسانی خەباتکار: کە تەنیا لە پێوەندیی لەگەڵ ئەو مەسەلە تایبەتانەی خەباتیان لەگەڵ دەکەن، تێکەڵاوی سیاسەت دەبن.

ــ کەسانی تەواو چالاک: کە لە تەواوی بوارەکانی سیاسەتدا، تێکەڵاوی گشت مەسەلە سیاسییەکان دەبن.

کەوایە هەر وەک پێشتر باسمان کرد، دەتوانین دەنگدان لە هەڵبژاردنەکاندا بە کەمترین شکڵی چالاکیی بەشداریی سیاسی بزانین، چونکە پێویستی بە کەمترین پابەند بوون هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەی کە دەنگدان نزمترین ئاستی بەشداریی سیاسییە، بەڵام دیارترین و بەرچاوترین شێوەی بەشداری کردنە. چونکە لە لایەک پایە کۆمەڵایەتییەکانی دەسەڵات نیشان دەدا و لە لایەکیتر پێوەرێکی باشە بۆ هەڵسەنگاندنی دابەش بوونی دەسەڵات لە گۆمەڵگادا. هەر بۆیە توێژەران و لێکۆڵەرەوان لەگەڵ بوونی شێوازی جۆراوجۆری بەشداریی سیاسی، گرینگییەکی تایبەتی بە هەڵبژاردن و بەشداریی لە دەنگدان دەدەن.

بەشداریی لە هەڵبژاردندا، گشتگیرترین و ئاسانترین و کەم خەرجترین جۆری بەشداریی سیاسییە و یەکێک لە پێوانە لەبار و گونجاوەکانە بۆ ئاشکرابوونی ڕادەی بەشداریی سیاسیی خەڵک، هەرچەند بە شێوەی «چەندایەتی»یەکەیەتی.

لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی بەشداریی سیاسی:

بەشداریی سیاسی شێوەیەک لە ڕەفتارە سیاسییەکانی شارۆمەندانی وڵاتێکە کە لە دوو لایەنی ئەرێنی و نەرێنیدا خۆی دەردەخا.

لایەنە ئەرێنییەکانی بەشداریی سیاسی:

بەشداریی سیاسی لە لایەنی پۆزێتیڤدا، کردەوە ڕێ پێدراوە سیاسییەکان لە خۆ دەگرێ وەک: دەنگدان، ململانێی هەڵبژاردن، هاوکاری حیزب و کاندیدەکان، ئەندامەتی لە یانە سیاسییەکاندا، ئەندامەتی لە گرووپەکانی فشار، ئەندامیەتی لە حیزبە

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سیاسییەکان، ئینتیمای بۆچوونی و ڕەفتاری بە باڵە سیاسییەکان نەک ئەندام بوون تێیاندا و ...

لایەنە نەرێنییەکانی بەشداریی سیاسی:

پێڕەوی کردن لە باوەڕە توندئاژۆکان، هەنگاونان بۆ کردەوەی توندوتیژانە، تیرۆر و مرۆڤ کوژی، شۆڕش و سەرهەڵدان، مانگرتن، خۆپێشاندان و ناڕەزایەتی دەربڕین.

ئەم جۆرە کردەوە ڕێ پێنەدراوانە لەم ڕووەوە شێوەیەک لە بەشداریی سیاسیی کە ئەگەر پەرە بگرن، زیاتر لە دەنگدان لەسەر ڕێبازە سیاسییەکانی حکوومەت شوێندانەر دەبن. بەشداریی سیاسی بە شێوازی ئەرێنی ئەغڵەب کاتێک ڕوو دەدا کە هاووڵاتیان دەرەتانی بەشداریی سیاسییان بە شێوەی ئەرێنی نەبێ.

پلەکانی بەشداریی سیاسی

لێکۆڵەران لە بابەت پلەکانی بەشداریی سیاسی خاڵی زۆر گرینگ دەخەنە ڕوو کە لە نزمترین پلەی بەشداریی سیاسی «بەشداری کردن لە دەنگدان» دەست پێ دەکا و بە بەرزترین پلەی بەشداریی «وەرگرتنی پلەوپایەی سیاسی» کۆتایی دێ. یەکێک لەو نووسەر و توێژەرانەی کە لە بابەت ئاستە جیاوازەکانی بەشداریی سیاسی باسیان کردووە، «مەکلاوسکی»یە کە لە دائیرەتولمەعاریفی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە ١١ خاڵدا باسی پلەکانی بەشداریی سیاسی کردووە کە بریتین لە:

١: بەشداری کردن لە هەڵبژاردنە گشتییەکان. (دەنگدان)

٢: وەدەست هێنانی زانیاریی سیاسی و گرنگیدان بە کاروباری سیاسی.

٣: باس و وت و وێژ لە مەڕ بابەت و مەسەلە سیاسییەکان.

٤: بەشداری کردن لە کۆڕ و کۆبوونەوە سیاسییەکان.

٥: یارمەتیی ماڵی بە چالاکییە سیاسییەکان.

٦: گفتوگۆو وتوویژ لە گەڵ نوێنەران.

٧: ئەندامیەتی ئاسایی لە حیزبی سیاسی.

٨: ئەندامیەتی چالاک لە حیزبی سیاسی.

٩: نووسینی وتار و پێشکەش کردنی وتاری سیاسی.

١٠: بەشداریی لە ململانێ و خەباتی سیاسی.

١١: ململانێ بۆ هەڵبژێران بۆ پۆستی سیاسی یانی «وەرگرتنی پلەوپایەی سیاسی».

بەڵام با بزانین کاتێک کە بەشداریی سیاسی ئەو بایەخەی بۆ خەڵک و کۆمەڵگا هەیە و فاکتەرێکی گرینگی گەشەی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی و گشت لایەنەکانی ژیانە و بیرمەندانی و خاوەن ڕایان گرینگییەکی زۆریان پێ داوە، لە هەمان کاتدا پلە و ئاستی جیاواز هەیە بۆ بەشداریی سیاسی، بۆیە زۆر جار خەڵک بەشداریی دەکەن و زۆر جار بەشداریی ناکەن؟ سەرەتا بزانین بۆ خەڵک بەشداریی دەکەن؟

بۆ خەڵک بەشداریی دەکەن؟

هۆکار و پاڵنەرەکانی خەڵک بۆ بەشداری کردن جیاوازن. داهات و قازانجەکانی وەدەست هاتوو لە بەشداریی و دواهات و دەرەنجامە کۆمەڵایەتییەکانی، کاریگەرییەکی قووڵیان لەسەر حەوزەی بەشداری هەیە. بێجگە لەوەش هۆکار و ئەنگیزە جیاوازەکانی وەک کار لەبەر بەرژەوەندیی گشتیی، هەست کردن بە ئەرکی سەرشان، هۆگریی بە کار لەگەڵ کەسانیتر، وەدەست هێنانی خۆشەویست بوون، حەزکردن بەوەرگرتنی پۆست لە دامەزراوە، ڕێکخراو و بنیاتەکان، بەهرەمەند بوون لە ڕێز و پێزانینی هاووڵاتیان و گەیشتن بە ئامانجە تاکە کەسییەکان، تاکەکانی ناو کۆمەڵ بۆ بەشداریی لە ناوەندە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان هان دەدا.

بۆ خەڵک بەشداریی ناکەن؟

ـ بۆ گرووپێک کە تاک پێوەندیی پێوە هەیە، بەشداریی نیشاندەری ئامانجێکی پڕ بایەخ نەبێ.

ـ بە پێی بەها و باوەڕەکانی ناو کۆمەڵ، ئەڵتەرناتیڤی بەنرختر لە بەشداریی هەبن.

ـ بەشداریی کردەوەیەک بێ کە لە بەراورد دەگەڵ تێچووەکەی دەرەنجامی کەمی هەبێ.

ـ ئەوەی کە تاک وەک ڕێز و پێزانینی کۆمەڵایەتی وەدەستی دێنێ، کەمتر لەو شتە بێ کە کەسانیتر بە هەوڵی کەمتر وەچنگی دێنن.

ـ لە کۆمەڵگایەکا کە هەموو چەشنە بەربەستێک لەبەر دەمی تاک دابنرێ، تاک لەوانەیە خۆی لە بەشداریی لە چالاکییە سیاسییەکان بە دوور بگرێ.

ـ دابین نەبوونی پێویستییەکانی تاک وەک: نەبوونی تەناهی و ئاسایش، نەبوونی دادپەروەری، تەرخان نەکردنی دەرەتانی وەک یەک، نەپاراستنی پلە و بایەخی ئینسانی و دەست پێ ڕانەگەیشتنی وەک یەک بە زانیاری و سەرچاوەکانی زانیاری لە سەرەکیترین لەمپەرەکانی بەشداریی سیاسیی خەڵکن.

وەرگیراو و وەرگێڕدراو لە:
ـ مشارکت سیاسی ـ کریم اسکندری و محمدباقر علایی ـ سایت ێفتاب
ـ مشارکت سیاسی جوانان ـ مهدی علیخانی ـ خبرگزاری فاس
ـ فصلنامەرۆژەڤ ـ شمارە ١١،١٢،١٣ سال ١٣٨٨

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




# شۆڕشی هۆکاردار

**و. له فارسییه‌وه: ئه‌له‌ند**

سۆرۆ له‌سه‌ر ئه‌و باوه‌ڕه بوو که «هه‌ر مرۆڤێک ده‌بێ کریستۆف کۆلۆمبی ناخی خۆی بێ».

هێنری ده‌یوید سۆرۆ پیاوێکی ده‌روون خواز بوو، که له لێڕه‌واره‌کانی ده‌وروبه‌ری کۆنکۆرد له ماساچووسێت ده‌ژیا و هه‌موو رۆژێکیش ورده‌کاریی گه‌شه‌ی گیاکان و په‌له‌وه‌ره کۆچبه‌ره‌کانی له ده‌فته‌رێکی یادداشتدا ده‌نووسی. به‌ڵام چۆن بوو که که‌ڵه سیاسییه گه‌وره‌کانی جیهان وه‌کوو مهاتماگاندی، مارتین لۆتیرکینگ و لیتۆ تۆلیستۆی، ئه‌ویان کرده ئۆلگووی خۆیان؟

وه‌ڵامی ئه‌م پرسیاره ساکاره وتاره ناوداره‌که‌ی سۆرۆ له باره‌ی سه‌رپێچی مه‌ده‌نییه‌وه‌یه، له ژێر ناوی یه‌کێک له کاریگه‌رترین هه‌ڵس و که‌وته کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کانی دارشت. ئه‌م بابه‌ته که له ساڵی **١٨٤٩**ی زایینیدا نووسراوه، شرۆڤه‌ی پیوه‌ندی ئه‌ندامانی کۆمه‌ڵگا له‌گه‌ڵ ده‌سه‌ڵاته، به‌ڵام له‌م بابه‌ته‌دا ته‌نیا له‌گه‌ڵ تیۆرییه‌کی رووت ڕووبه‌ڕوو نین. ئه‌م بابه‌ته له راستیدا په‌رچه‌کرداری توند و تاکه‌که‌سیانه‌ی «سۆرۆ»یه به به‌ڵایه‌ک که به شێوه‌ی خۆڕسک به سه‌ری هاتووه. سۆرۆ له کۆیلایه‌تی (برده‌داری) بێزار بوو و هه‌ر له‌و کاتیشدا ده‌ی زانی که داهاته‌کانی ئه‌وکاتی ماڵیاتی وڵات خه‌رجی پشتگیری سیستمی کویلایه‌تی ده‌بێ. هه‌ر بۆیه به نیشانه‌ی ناڕه‌زایه‌تی بڕیاری دا مل بۆ دانی ماڵیات ڕانه‌کێشێ. ئه‌و وه‌ها له‌سه‌ر ئه‌م باوه‌ڕه‌ی خۆی سوور بوو که تووشی کێشه‌یه‌کی گه‌وره هات و ئه‌ویان له ژوییه‌ی **١٨٤٦**ی زایینیدا گرت و خستیانه گرتووخانه‌وه.

سۆرۆ ده‌یویست ئه‌م ناڕه‌زایه‌تییه‌ی خۆی درێژه پێ بدا، به‌ڵام خزمه‌کانی به بێ ئاگاداری ئه‌و ماڵیاته‌کانیان بۆ دا و له زیندان





کتێبخانه‌ی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ئازادیان کرد. بەڵام بابەتێک کە سۆرۆ دوای ئەم بەسەرهاتە و وەک دژکردەوەیەک بە یاسا ناعەدالەتییەکانی دەوڵەت و گوێ ڕایەڵی کوێر کوێرانەی تاکەکانی کۆمەڵگا لەم یاسایەی نووسی، وەها بەهێز و شوێندانەر بوو کە دوای تێپەڕینی چەندین ساڵ، ئێستاش وەک یەکێک لە گرینگترین تێزە سیاسیەکانە کە ئامریکاییەک نووسیویەتی، ناوی دەرکردووە. لە بەشێک لەم وتارەدا هاتووە: «ئایا دەبێ هاوولاتی ئەقڵی بدا بە دەست دەسەڵاتەوە؟ ئەگەر وایە، کەواتە ئەقڵی مرۆڤ بە کەڵکی چی دێ؟ ئێمە خۆ نابێ یاسا و ماف وەک یەک دانێین. تەنیا دەروەستییەک کە هەمانە ئەوەیە کە هەر کاتێک هەر فکرەیەکمان پێ دروست بوو، پراکتیزەی بکەین». سۆرۆ تەنیا ئەزموونێکی ڕاستەوخۆی کە لە هێزی دەسەڵات وەدەستی هێنابوو لە زیندانی بوونەکەی دەزانی. سۆرۆ دەی وت: «دوای ئازاد بوونم لە زیندان لە خۆم پرسی: «بۆچی مرۆڤ، بە بێ لێک دانەوەی عادڵانە و ناعادڵانە بوونی یاساکان، پێڕەوییان لێ دەکا؟ بۆچی خۆیان لە پێڕەوی لە یاساگەلێک کە دەزانن نادروستە، نابوێرن»؟ سۆرۆ خزم و نزیکەکانی کە بۆ ئازاد بوونی ئەو لە زیندان هەوڵیان دابوو، دەرک نەدەکرد و دەی بیینی کە دیوارێک لە نێوان خۆی و ئەو خەڵکەدا هەیە، دیوارێک کە دەبێ بۆ گەیشتنی خەڵک بە ئازادی ڕاستەقینە بڕمێ. لە ڕاستیدا، ئەو نەی دەویست ریفۆرم لە کۆمەڵگادا بکا، بەڵکوو تەنیا لە ویژدان و ئەقڵی خۆی پێڕەوی دەکرد. سۆرۆ هەروەها ئەو باوەڕەی تۆماس جێفرسۆنی لە بارەی دەسەڵاتەوە قەبووڵ بوو کە: «ئەو دەسەڵاتە باشترە کە کەمتر دەسەڵاتدارە واتە کەمتر لەسەر کارە».

سۆرۆ لە نیوگلەند لە دایک بووەو هەر لە منداڵییەوە قوتابی سروشت بوو. سەرەتاکانی سەدەی نوزدەیەمی زایینی، نیوگلەند بووە سەنتەری بزووتنەوەی ڕۆشنبیری. (transcendentalism) لە ساڵی ١٨٣٤ی زایینیدا کاتێک کە سۆرۆ هێشتا خوێندکاری زانکۆی هاروارد بوو، بەرچاوترین بیرمەندانی بەرزی خوازی (استعلاگرایی) لە کۆنکۆرد ژیانیان دەکرد و سۆرۆش لە ژێر کاریگەری ئەواندا بوو. ئەو بە ڕواڵەت لە کات و شوێنێکدا دەژیا کە وزەی فکریان پێ دەدا.

فەلسەفەی بەرزی خوازی بە جێگای ماتریالیسم پێی لەسەر ئایدیالیزم دادەگرت و لەسەر ئەو بنەمایە، حەقیقەت و ئینسانییەت، گرێدراوی دۆزینەوەی دەروونییەکانی تاک خۆیەتی. بەڵام سۆرۆ لە گەڵا شێوازی تیۆریکی بەرزی خوازی زۆر هەستی بە نزیکایەتی نەدەکردو دەیویست ئەم دۆزینەوە دەروونیانە لە ژیانی ڕاستەقینەدا بدۆزێتەوەو کەشفیان بکا. سەرەڕای ئەوەش، سۆرۆ تەواو لەژێر کاریگەری ڕاڵف ئالدۆ ئێمرسۆن لە پێشڕەوانی بەرزی خوازی بوو. ئێمرسۆن لە پەسنی سۆرۆدا دەڵێ: تەنیا ژیانی دەکرد. هیچ کاتێک بۆ کلیسا نەچوو. هیچ کاتێک دەنگی نەدا. ملی بۆ دانی ماڵیات بە دەوڵەت ڕانەکێشا. گۆشتی نەخوارد. سەرەڕای ئەوەی کە بەڕاستی لە سروشتدا دەژیا، هیچ کات دەستی بۆ هیچ چەکێک نەبرد. خۆی بڕیاری دا لە قوتابخانەی سروشتدا بخوێنێ. گوێ بە دەنگێک بدا کە لە ناخی هەر مرۆڤێکەوە هەڵ دەستێ و بە هۆی سەرنج نەدانەوە کپ دەبێ. لە سەردەمی ژیانی هێنری دەیوید سۆرۆدا، هەموو ئەویان وەک پیاوی سروشت دەناسی و هیچ کەسێک ئەوی وەک تیوریسیەن و بیرمەندێکی ڕادیکاڵ نەدەناسی. زۆر کەس وتارە سیاسییەکان و بە تایبەت «نافەرمانی مەدەنی»یان پشت گوێ خست، دوو کتێبیش کە لەسەدەمی ژیانیدا چاپ بوو، بەرهەمی گەڕانی ئەو بە نێو سروشتدا بوو. بیرۆکە سیاسییەکانی سۆرۆ تا ماوەیەکی زۆر بە نادیاری مابوونەوە، بەڵام پەنابردنی گاندی بۆ ئەم بیرۆکانە و بە تایبەت بیرۆکەی نافەرمانی مەدەنی، سەرنجی هەموو لایەکی بۆ لای فەیلەسووفێک ڕاکێشا کە لە ئەمریکا سەرەنجێکی ئەوتۆ بە بیرۆکەکانی نەدرابوو. سۆرۆ لە نقیسارە بە ناوبانگەکەی «والدێن» پێشنیار دەکا: «سادە بەو هەموو شتێک سادە بکەوە». گاندی و زۆر لە بیرمەندانی دیکەش پێڕەوییان لەم بیرۆکەیە کردووە. بەڵام هەرچۆنێک بێ ئەو لە کاتی ژیانیدا بەو پێیەی کە پێویست بوو دەرک نەکرا و تەنانەت ئێمێرسۆنیش نافەرمانی مەدەنییەکەی پەسند نەکرد. مەرگیشی بێ دەنگ بوو واتە هیچ دەنگ دانەوەیەکی نەبوو. لە ساڵی ١٨٦٠ی زایینی یانی لە تەمەنی لە ٤٤ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

دەڵێن تا ئەوکات بەو بیرۆکەی خۆی کە: «مرۆڤ دەبێ کریستۆف کۆلۆمبی ناخی خۆی بێ» عەمەلی کردو دۆزەرەوەی خۆشی بوو.

ن: وێندی مەک ئالیرۆی

و، لە ئینگلیزییەوە: فەرزانە سالمی





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئایا دەکرێ مانگرتنی خەڵکی کوردستان بکرێت



هەژیر عەبدووڵڵاپوور

مانگرتنی بەرینی خەڵکی کوردستان بۆ نارەزایەتیدەربڕین بە ئێعدامی وەحشیانەی چوار زیندانی سیاسی کورد لە رۆژی پێنج شەممە**٢٣**ی بانەمەڕ، کە لە سەر بانگەوازی تەواوی حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد و هەروەها کۆمەڵێک رێکخراوی مەدەنی پێکهات، بۆ جارێکی دیکە دەریخست کە کوردەکان هەروەک چۆن لە ماوەی سی ساڵی رابردوودا لە بەربەرەکانی و ململانێیەکی بێوێنە لە دژی دەسەڵاتی خۆسەپێنی کۆماری ئیسلامی دابوون، ئەمجارەش بە یەکگرتوویی و هاودەنگییەوە توانییان ببنە پێشەنگی خەباتی مەدەنی لە دژی دیکتاتۆری و سەرەرۆیی لە ئێراندا.

گەرچی حکوومەت بە ناردنی هێزەکانی سپا و بەسیج و لیباس شەخسییەکان لە شارەکانی هەمەدان، زەنجان و کرماشانەوە ویستی بە گرتنەبەری تاکتیکی هەمیشەیی خۆی واتە پێکهێنانی فەزای ترس و خۆف و وەحشەت بەر بە بەرخۆدانی مەدەنی لە قاڵبی مانگرتنی گشتی دا بگرێ و تەنانەت لە هەندێ شوێندا تێکهەڵچوونی نێوان خەڵک و هێزە سەرکوتکەرەکانی لێبکەوێتەوە، بەڵام بەو حاڵەش رێژیم نەیتوانی پێش بە پەیوەستبوونی بەشی زۆری خەڵکی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بەو مانگرتنە گشتییەوە بگرێ، ناوچەگەلێک کە زیاتر لە سی ساڵە خەڵکەکەی بە توندترین شێوە سەرکوت دەکرێ و دەچەوسێنرێتەوە. ئەو مانگرتنە دەریخست کە بێتوو کۆمەڵانی خەڵک یەکدەنگ و یەکگرتوانە بتوانن حەرەکەتی لەو چەشنە وەرێخەن، خۆسەپێنان و سەرکوتکەران ناتوانن پاشەکشە بە وان و بە ویستە رەواکانیان بکەن.

بە گشتی دەکرێ لە حەرەکەتی گەورە و مێژووسازی کۆمەڵانی خەڵکی کورد لە رۆژی **٢٣**ی بانەمەڕ چەند وانەی گرینگ فێر بین؛ یەکەم: لە کوردستانێک کە هەر لە سەرەتای دامەزرانی رێژیمی ئیسلامییەوە بە گوللە و کوشت و کوشتار و سەرکوت وڵامی داوا رەواکان گەلی کورد دراوەتەوە و ئێعدام و توندوتیژی لەوپەڕی خۆیدا بووە، خەڵک لە حەرەکەتێکی مەدەنی و بە دوور لە توندووتیژی و بە شێوەیەکی وەها بەرین بە داخستنی دووکان و بازاڕەکان نارەزایەتی خۆیان سەبارەت بە ئێعدامی بە ئانقەستی رۆڵەکانییان دەردەبڕن و لە راستیدا رۆڵەکانی گەلی کورد بەم کارەیان دەریانخست کە توانییان بە باشترین شێوە لە ئەسڵی دووریکردن لە توندوتیژی کەڵک وەرگرن، بەم پێیە بۆ دەبێ لە شوێنەکانی دیکەی ئێران کە ئەو توندوتیژی و سەرکوتانەشی لە سەر نییە، نەکرێ لە وەها شێوەیەک لە خەبات لە دژی رێژیم و دامودەزگاکانی

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ...ـه مۆدێلێک بۆ خەباتی گشت خەڵکی ئێران؟



کەڵک وەربگیرێ!؟ بە تایبەتی کە لە باری مێژوورییـــەوە مانگرتن یەکێک لە شـــێوازە کۆنەکانـــی خەڵکی ئێران و بـــە تایبەت لە ســـەردەمی پێش لە مەشـــرووتە دایە. لەو ســـەردەمانەدا چلەپۆپەی ئەو چەشنە خەباتە کاتێک بوو کە دوو کەس لە بازرگانانی قەند و شـــەکر لە تاران ئێعدام کران و خەڵک بە نیشانەی نارەزایەتی مانیان گرت و سەرەنجام درێژەی مانگرتنەکان بووە هۆی سەرکەوتنی مەشرووتەخوازەکان. سەرکەوتنیک کە ئەگەر بێتوو زیاتر لێی وردبینەوە دەبینین ک زیاتر لە سەد ساڵ لەمەوپێش کۆمەڵگای ئەوکات کە زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی نەخوێندەوار و نائاشنا بە مافەکانیان بوون و بە بەراوردکردن لە گەڵ کۆمەڵگای ئێستای ئێران، دەکرێ بە حەرەکەتێکی کەم تێچووتر و زۆر بەربەرینتر و یەکگرتوانەتـــری هاوچەشـــنی مانگرتنی ئـــەم دوایییەی کوردســـتان، داوا و ویســـتە رەواکانی خۆیان بە ســـەر دەســـەڵاتداران و پاوانخوازاندا بســـەپێنن. بـــە تایبەت ئەگەر زیاتر لەو دوو ســـەردەمە ورد بینەوە دەبینین کە دەســـەڵاتدارانی ئێســـتای رێژیم وەک مەشـــرووعەخوازەکانی ئەو کات و شەپۆلی سەوزیش وەک مەشرووتەخوازەکانی ئەو دەم و خامنەییش وەک حەمە عەلی شای قاجار لە ســـەر تەختی پاشایەتی پاڵی لێداوەتەوە و دژبەرانی ئـــەو کاتی حکوومەت حەمەعەلی شـــایان بە معاوییە دەشـــوبهاند و دژبەرانی ئێســـتای رێژیمی ئاخوندیـــش خامنەیی بە معاوییە دەشـــوبهێنن و بـــەم پێیە زۆر خاڵی هابەش لە نێوان ئەو دوو رێژیمەدا وەبەرچاو دەکەون.

دەرســـێکی دیکە کە دەبێ لـــەو مانگرتنە گشـــتیە فێر بیـــن ئەوەیە کە بێتـــوو هێزە کوردییەکان دەست بخەنە ناو دەستی یەکتر و یەکگرتوانـــە بەرنامەی هاوبەش دابرێژن، دەتوانن رۆڵـــی زۆر کاریگـــەر بگێرن و بە باشـــترین شێوە لە هێز و ئیرادەی خەڵک بۆ بەربەرەکانـــی و دژایەتی لە دژی رێژیم کەڵـــک وەرگـــرن و هەر بـــەم پێیەش ئۆپۆزیســـیۆنی سەراسەریش دەتوانێ لەو یەکگرتوویەی ئۆپۆزیسیۆنی کورد ئێلهام وەربگرێ و بۆ بەرخـــۆدان و دژایەتی لە گەڵ دەسەڵاتخوازان و حاکمانی ئێستای رێژیـــم لە رۆژانی داهاتـــوودا لەم کەڵک وەرگرێ.

بـــە کورتـــی خەڵکی کوردســـتان بەو هەنگاوەیـــان ســـێ ئەســـڵی زێرین بۆ ســـەرکەوتنی خەباتـــی مەدەنـــی واتە یەکگرتووی هێـــزەکان، بەرنامەرێژی و دووری کـــردن لە خەباتـــی توندوتیژیان سەرکەوتوانە پێکا و دەکرێ ئەم مودێلە لە خەبات بۆ سەرتاسەری ئێران بگوازرێتەوە و دەســـکەوتی بەنرخی بۆ گەلانی ئێران بە دواوە بێ.

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بە یادی ٥٩ خونچە بە ناحەق ھـ



شاری شەهیدان، مەهاباد

**ق. وریا**

لە نیوەشەو تێپەڕ بووەو خەو لە چاوانم زڕاوە. زۆر هەوڵ دەدەم خەوم لێ بکەوێ، بەڵام بێسودە. لە سەر تەختە خەوەکەم دێمە خوارو دەچم بڕیک ئاو دەخۆمەوەو سەرێک بە ژووری کچەکانم، کانیاو و کازیوە، کە وێنەی دوو پەپوولە لە باوەشی خەودان دەکەم تاکوو بزانم مەلافەکەیان لە خۆیان نەکردۆتەوە. دیوەکەیان زۆر فێنکەو بۆ ئەوەی بەری بەیانی سەرمایان نەبێ پەنجەرەی ژوورەکەیان دادەخەمەوەو بە بێدەنگی دەرکەی دیوەکەیان پێوە دەدەمەوە. دەرکەی باڵکۆنەکە دەکەمەوەو دەچمە سەر باڵکۆنەکەو پڕ بە سییەکانم هەوای ساف و بێگەرد هەڵدەمژم. لە راستیدا رووناکی هەوای دەرەوە هێندەی دیکە خەوم لە چاوان دەتارێنێ.

پاش ماوەیەک رامان لە سەر شەقام دەگەڕێمەوە بۆ ژووری دانیشتن و یەکسەر دەچم بۆ ئاشپەزخانە و هەوڵ دەدەم قاوەیەک ساز بکەم. لە پەنجەرەڕا چاوێکی دیکە لە دەرەوە دەکەم و وڕەی ماتۆرێک بێدەنگی شەو دەشکێنێ. دەچم بۆ ژوورەکەی دیکە و لە پشت کامپیۆتێرەکەم دادەنیشم و بۆ بەرچاو روونی چرایەکی نە زۆر رووناک هەڵدەکەم.

لەوەتی لە تاراوگە دەژیم و هەموو ساڵێک لەگەڵ هاتنی مانگی جۆزەردان و نزیک بوونەوە لە ساڵڕۆژی شەهید کرانی **٥٩** لاوی کوردی خەڵکی مەهاباد، غەم و ماتەم جەستە و رۆحم دادەگرێ. نەک لە بەر ئەوەی کە ئەوانە هاوشاری خۆم بوون، بەڵکوو لە بەر ئەوەی کە ژمارەیەک لەو ئازیزە لە دەست چووانە هاوڕێ و رەفیقی دەورانی منداڵی گەڕەک و مەدرەسەم بوون. بە دەیان بیرەوەریی خۆشم لە گەڵیان هەبووەو بە دەیان جار شەڕە شەقمان کردووە. لە بیرم دێ هێندێک جار بۆ شەڕە گەڕەک روومان لە مەجبور ئاوا دەکرد و جارێکیان سەری یەکیان شکاو بە سەری خوێناوییەوە بردمانەوە ماڵێ و بۆ ئەوە مەسەلەکەمان ئاشکرا نەبێ بە درۆ کوتمان بەربۆتەوە. ئێستا کە خەریکی نووسینی ئەو چەند دێڕەم بۆ یادکردنەوەی ئەو خونچە پەڕپەڕ بووانە، بیرەوەرەییەکانی دەورانی منداڵییم وەکوو فیلمی سینەما بە بەر چاودا تێپەڕ دەبن. زۆر باش لە بیرمە کاتێک هەواڵی دڵتەزێن و سامناکی شەهید کرانی ئەو ئازیزە لە دەست چووانەم لە رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران بیست، لە فێرگەی سیاسی ـ نیزامی حیزب لە بناری کێوی تالش لە نزیک گوندی مەزناوێی

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ـــــــەڵوەریوەکەی شاری شەهیدان



ئالانی سەردەشـــت بووم. لە هاوڕێیانم دوور کەوتمەوە دوور لە چاوی ئەوان فرمێسکی غەم و پەژارەم رشت و بەدڵا بۆیان گریام. ئەو شەهیدە بێگۆڕانە هەرگیز دوای شـــەهید کرانیان تەرمەکانیان رادەستی ئازیزانیان نەکرایەوە، تاکوو لانی کەم سوکناییەک بێ بۆ دڵی دایکی جەرگ سوتاویان و بۆ باوکی پشت چەماویان. بە داخەوە ئاخوند «خاڵخاڵی» جەللادی گۆڕ بە گۆڕ بەبێ ئـــەوەی تاوانی ئەو هەموو جەنایەتانەی کە دەرحەق بە خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان کردی نەماوە تاکوو رۆژی خۆی لە دادگایەکی گەلیداو لە شاری **٥٩** شەهیدەکە دادگایی بکرێ و بە سزای تاوانە چەپەڵەکانی خۆی بگا. بەڵام پاســـدار «حمید رزا جلایی پور» و هەموو ئەو جەنایەتکارانەی کە دەستیان لەو کۆمەڵ کوژییەدا هەبوو و ئێســـتا زیندوون دەبێ رۆژێک بە تاوانی ئەو کردەوە چەپەڵا و دژی ئینســـانییانە مەحکەمە بکرێن و تۆڵەی خوێنی ئەو شەهیدانەیان لێ بکرێتەوە. ئێستاش بزە شیرنەکەی لاوی باڵابەرز، جوانە مەرگ خدر رەنگینم لە بەر چاوانە کە چەندە شیرین بوو. ئەو عاشقی ژیلا بوو، کچە کوردێکـــی مەهابادی کە ماڵەکەیان لە گەڕەکی هەرمەنیان بوو. یادی عەلی غەوارە دەکەم کە وێڕای کەمالا چاوشـــین، فەرەیدون شەنگە، مەسعود شـــێخ حەمەدی کە ئەویش دواتر ئێعدام کرا، وێڕای چەند هاوڕێی دیکە لـــە چایخانەی کنیاو لە چوارڕای ئازادی لـــە دەوری یەکتر کۆ دەبووینەوەو تەختەمان دەکردو قسەی خۆشمان بۆ یەکتر دەگێڕایەوە. یادی ئـــەو کاتانە بەخێر کە لە گەڕەکی خـــڕێ چاوم بە محەمەدی عەلیالی و شینە بازیار دەکەوت. هیوای ئەو کاتانە دەخوازم کە دەچوومە دووکانی دڵا و جگەر فرۆشـــییەکەی کاک محەمەد سەقزی لە نزیک مەیدانی ئاردی و ســـیامەکی شـــەهیدم دەدیت. دونیایەک بیرەوەریی خۆشم لەو ئازیزانەی کە ناوم بردن لە دەفتەری بیرەوەرییەکانی سینگدا تۆمار کردووەو هیوام وایە رۆژێک بتوانم بۆ جارێکش کە بووە چاوم بە دایک و بابی ئەو ئازیزانە بکەوێتەوە، ئەگەر مابن یان بمێنن. لە یادی **٢٧** ساڵەی شەهید کرانی ئەو رۆڵە کوردانەدا سەری رێز و ئەمەگناسی لە ئاســـت ئەو ئازیزە بێگۆڕ و بێ نیشـــانانە دادەنوێنم و هاوخەمی و ماتەمی خۆم لەگەڵ بنەماڵەی هەر **٥٩**یان دەردەبڕم.

**بای ئەجەل هات و لە ناکاو دەفتەری ژینی دڕیم**
**تاکوو دوێنی خونچە بووم ئەمڕۆ بە ناحەق هەڵوەریم**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## سمایلی مامڵێ:

# لاوان دەستە چیلەی ئاگری خەبات و پێکهێنەری دوارۆژی کۆمەڵگان



بەڕێز کاک سمایلی مامڵێ یەکێك لە تێکۆشەرانی دێرینی حیزب و یەکێك لە هونەرمەندە ناسراوەکانی مەیدانی شۆڕش و، ئەندامی بەڕێوەبەری یەکەم کونگرەی(پاش شۆڕشی گەلانی ئێران لەساڵی ۱۳۵۷دا) یەکیەتیی لاوان و، نووسەر لە زۆر بواردا وەك چەند کتێبی جۆراوجۆر و، کۆکردنەوەی مێژووی نەتەوەکەمان و بە تایبەتی کۆماری کوردستان گەلێك هەوڵی بێوچانی داوە، بۆ زیاتر ئاشنا بوون لە سەر ژیان و بەسەرهاتی ئەم تێکۆشەرە بەم شێوەیە بیوگرافی خۆیمان بۆ باس دەکا و دێتە ئاخافتن.

دیمانە: ئایەت مرادی فەر

**بەڕێز کاک سمایل دەکرێ بفەرمووی ساڵی چەند لەدایك بووی و تا چەندەو لە چ قوتابخانەیەکت دەرس خوێندوە؟**

و: ئەمن سمایل مامڵێ لە ساڵی **۱۳٤۰ (۱۹٦۱)** لە شاری مەهاباد لە دایک بووم. سەرەتایم لە قوتابخانەی سەعادەت لە شاری مەهاباد تەواو کردوەو بە هۆی کۆچکردنمان بۆ شاری شنۆ دووبارە درێژەم بە خوێندن داوەو ساڵی یەکەم و دووهەمی «خدمات بازرگانی»م لە شاری مەهاباد و ساڵی سێهەم لە شاری نەغەدە لە (قوتابخانەی «قهرمان صواتی» کە نەمرانی وەک مەلامحەممەدی مراد رەسووڵی کە بوو بە فەرماندەی حیزب، کاک ئەمیری قادری و کاک مستەفا هیجری بوونە یەکێک لە تیکۆشەرانی حیزب.

**پ: چۆن بوو بەشداریت لە شۆڕشی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد دا کرد؟**

و: ئەو کاتەی کە ساڵی ئاخری «دبیرستان»م لە قوتابخانەی «فردەوسی» شاری شنۆ دەست پێکرد شۆڕشی گەلانی ئێران دەستی پێکردو تێکۆشەرانی وەک: کاک نەبی قادری، مراد قادری، بەر لەوەی حکوومەتی شا بڕووخێ منیان هێنایە گۆڕەپانی سیاسی و راستەوخۆ دەستم بە خەبات و تێکۆشان کرد لە ریزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران شەوێک بە نهێنیی لە ماڵێ بە بەشداری تێکۆشەرانی وەک عەبدوڵڵا سیرا، رەسووڵ

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و، جەعفــەری س، مەولوود ئا و بە ڕێنوێنی ئــەو دوو بەڕێزە دەروازەی سیاســی لە من کراوە.

**پ: چلۆن بوو لەو کاتەدا کەوتنە بیری ســەرلەنوێی دامەرزانــەوەی یەکیەتیی لاوان؟**

و: بە پێشــنیاری نەمر کاک نەبی قادری (یەکیەتیی لاوانی دێموکرات)مان پێکهێنا. جگە لە ناوبراو یەکێک لەو تێکۆشەرانە کاک قادر وریا بوو کە ئێســتا زۆر خۆشــحاڵم لە ئاستی ڕێبەری حیزب دا دەیبینم.

**پ: لە هەل و مەرجی دژواری ئەوکاتدا وەکــوو یەکیەتیــی لاوان ئامانجتان چی بــوو هاوشــان لــە گــەڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەدا؟**

و: یەکــەم هەنــگاوی یەکیەتیــی لاوان کۆکردنەوەی نان و کەل و پەلی پێویست بۆ پێشمەرگەکانی حیزب، لە شەڕی داسەپاوی نەغەدە کاتێک کە تەشــکیلاتی حیزب بە شــێوەی «منسجم» دانەمەزرابوو، بەڵام دەفتەری کرابۆوە بە هۆی کاک نەبی قادری داوام لێکرا کــە بەرنامە و پرۆگرامی حیزب تایپ کــەم، چونکە ئەمن لــە قوتابخانەی «خدمات بازرگانی» تایپ کردنم دەزانی، بە ڕادەیەک خۆشــحاڵ بووم کە لە ماوەی ٢٤ ســاعەت دا تەواوی بەرنامە و ئەساسنامەی حیزبم تایــپ کردو لە گــەڵ هاوڕییانم دا بڵاومان کردەوە.

**پ: جیا لەم هەوڵە ماندوو نەناسانەی کە دەنواند، چالاکیی نهێنیشت رادەپەڕاند؟**

و: یەکــەم هەنگاوی من لە گەڵ بەڕێزان عومەری ئەحمەدی، قــادر فەتحی، عومەر شــاداب و عەباس پ، چووین بۆ گوندەکانی ناوچەی شــنۆ و، دەشــتەبیڵ بۆ تەبلیغاتی حیزبی کە هەر شەو لە گوندێک لە مزگەوت خەڵکمان کۆ دەکردەوەو نیوەڕۆکی حیزب و بزووتنەوەکەمان بۆ شی دەکردنەوە.

**پ: لــە درێژەی ئــەم چالاکییانەی کە ڕادەپەڕاند بەرپرسایەتیشت لە سەر شان بوو یا توانایەکانــت وای لێ کردی کە حیزب ئەرکی بەرپرسایەتیشت بداتێ؟**

و: لە نیوەی ســاڵی ١٣٥٨ لە دەورەیەکی ٦ مانگانەی قەزایی بە هۆی مامۆســتا گۆران بەڕێوەچوو، پاش کۆتایــی و تاقی کردنەوە، لە نێوان ٨٠ کەس دا کە تەنیا ٢٠ کەســیان دەویست من بووم بە بەرپرسی کومیسیۆنی قەزایی شاری شنۆ و، لە ڕاستیدا گەنجترین بەرپرسی بەشی قەزایی بووم. کاتێک شاری شــنۆمان بە جێ هێشت لە ناوچەی نەغەدە لە شــاوەلێ کانی باخ بە شێوەی لک جێگر بووین جگــە لــەوەی کاری حیزبی خۆمم بەڕێوە دەبرد لە بەشــی ئینتشارات دەستمان بە گۆڤارێک کرد بە ناوی «کێلەشین» کە هاوڕییانی وەک: مامۆستا پەیمان، کاک قادر وریا، کاک رەســووڵ و هتــد.... هاوکاری قورس و قایمیــان دەکرد. لــە بابەکراوێ شــانۆگەری «زەردە پەری» لە نووســینی مامۆستا پەیمان ڕۆڵی فەرماندەی پێشمەرگەم گێڕا کە لە ناوچەی سەرشاخان بەڕێوەچوو.

## سمایلی ماملێ:

## ئاواتە خوازم ئەو پێشانگایەی من، تکایەک و سکاڵایەک بێ بۆ ئاشتی و یەکگرتوویی هەمەلایەنە

**پ: کونگــرەی یەکیەتیــی لاوان لە چ ســاڵێك دا دووبارە دەستی پێکردەوە و لە ژێر چاودێری کێ دابوو؟**

و: لە ســاڵی ١٣٦١ کونگــرەی یەکیەتیی لاوان لە ژێر چاوەدێری دەفتەری سیاسی حیزب لە «دەشتێوێ» پێک هات کە لە لایەن شەهید دکتور سادقی شەرەفکەندی و کاک تەیفووری بەتمایی بەڕێوەچوو.

**پ: لەو کونگرەیەدا چەند کەس بوو بــە ئەندامانی ڕێبــەری و کێ بوو بە سکرتێر؟**

و: ئەوەندەی لە بیــرم مابێ ١٥ کەس بوو،لــەو کونگرەیــەدا وەک ئەندامــی بەڕێوەبــەری هەڵبژێــردرام و بــووم بە بەرپرســی ناوەندی یەکی شاری شنۆ و پیرانشــارو نەغەدە، ئەوەندەی لە بیرم بێ ئەندامانــی بەڕێوەبەری ئــەوکات، نەمر کاک قادری لوتفیان ناسراو بە مامۆستا ئازاد ســەکری شــاعێر، کاک قادر وریا، کاک هەیاس، کاک کەریمی ئەڵلاوەیسی و کاک عەزیمی ئەفســەر کە لە ئاکامی کۆبوونەوەی بەڕێوەبەری دا کاک عەزیم وەک سکرتێری گشــتیی لاوان دەنگی متمانەی پێ بەخشرا.

**پ: چــۆن بوو وازت لــە یەکیەتیی لاوان هێنا؟**

و: پــاش کەمتر لە ســاڵێک بە هۆی پێداویستی کومیتەی شارستانی شنۆ من لە ڕێبەرایەتیی لاوان وازم هێنا و گەڕامەوە بابەکــراوێ و تا ئەو کاتەی کە ســنوورە دەسکردەکانم تێپەڕاند لە هیچ کاروبارێکی حیزبی دریغیم نەکردووە.

**پ: چۆن دەســتت کرد بە نووسین، بەرهەمی ئەوکاتت چی بوو؟**

و: لــە ســاڵی ١٣٦٣ لــە بابەکــراوێ «کتێبێکــم» بە نــاوی تویشــەبەرەی هونــەری مامڵێ ئامــادە کرد کــە لە ســاڵی ١٣٦٧دا لە بەغدا لە ســەر ئەرکی ئەمینداریێتی ڕۆشــنبیری لاوان لە هەولێر بە زەحمەتی ســەعید یەحیا دەرچوو کە یەکجار سپاسی هەستی دڵسۆزی دەکەم، بە تایبەتی مەلاحەســەنی ڕەســتگار کە زەحمەتی پێداچوونەوەی کێشاو هەروەها مامۆستا غەریب پشدەری.

**پ: لــە چ ســاڵێکدا وازت لــە**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



سمایلی ماملێ، لە کاتی بەڕێوەبردنی یەکێک لە مەراسیمەکانی حیزبی دێمۆکرات

**پێشــمەرگایەتی هێنا، دوایی بەرەو کوێ ڕۆیشتی؟**

و: لە ساڵی ١٣٦٨ زۆر دۆستانە لە حیزب هاتمەدەرو چووم بۆ وڵاتی فەڕانسە و لە شاری پاریس نیشتەجێ بووم.

**پ: لە وڵاتی فەڕانسە بە چ کارێك سـەرقاڵ بووی، یانی لە واقعیدا چ خزمەتێکت کـردووە دوای ئـەو هەموو تێکۆشـانەی کە لە حیزبدا بەڕێوەت بردوون؟**

و: پاش جێبەجـێ کردنی کاروباری پەناهەندەگی دەستم بە کاری هونەری گۆرانی بێژی کرد، لە وڵاتی فەڕانسـە، ئینگلسـتان، ئاڵمان، سـوئێد، نوروێژ، دانمـارک، ئوتریش، ئیتالیا، ئیسـپانیا، لۆکزامبـورگ، بێلژیـک پرۆگرامـی هونەریم بەڕێوە بردووە جگە لە گۆرانی گوتـن لە جەژن و بۆنـە نەتەوەیی و حیزبییەکان، لە رادیۆ و تەلەڤزیۆنەکانی فەڕانسـە، ئیتالیا، میدیا تیڤی، ڕۆژتیڤی، نەورۆز، ئاسۆسات، کوردکاناڵ سەرجەم بە ٣٥ جار بەشداری نزیک بە ١٠٢ گورانیم گوتووە کـە نزیک بە ٣٠ تا ٣٥ گۆرانی ئاوازی خۆم بووە.

**پ: جگە لـە کاری هونەرییەکەت لە بواری نووسین دا چی؟**

و: جگە لە کاری هونەری چەند پەرتووک و نامیلکەو کتێب و وتارم نووسیوە.

**پ: دەکرێ ئاماژە بە ناوەکانیان بکەی؟**

و: ١: توێشـەبەرەی هونـەری مامڵێ لە سـاڵی ١٣٦٣ لە سـەردەمی پێشمەرگایەتی دا. ٢: کاروانـی هونەری مامڵـێ (بەرگی یەکـەم پاریـس ٢٠٠١,٣: کاتێک لە مێژوو دەدوێن (سـاڵی ١٣٧٢ وتارێک بۆ گۆڤاری سروە.٤: کاتێک فڕۆکە دەبێتە بۆمب (٢٠٠١) سـەبارەت بە ١١ی سـێپتامبر. ٥: ئەدەبی فۆلکلۆری ٢٠٠٥ پاریس.٦: هەڵەی بەرچاو لە فیلمێک دا (٢٠٠٣) پاریس.٧: کورتە باسێک سەبارەت بە سینەما (٢٠٠٦) پاریس.٨:دەنگ و مۆسـیقا (٢٠٠٨) پاریس.٩:ئەو بێدەنگییە دەشـکێنم (ولاتێـک بۆ مامۆسـتا غەریب پشدەری) (٢٠٠٤) پاریس.

**پ: سـەبارەت بـە کاری فۆتۆگرافـی بۆمان بدوێ؟**

و: ئامـادە کرانی مێـراوی نەتەوەی کورد لـە پیشـانگای فوتۆگرافیـدا:١: کۆمـاری کوردستان.٢: لە سەدەی ١٦ تا ٢٠ (بزوتنەوەو راپەڕینەکانی نەتەوەی کورد، سـیمای ژنانی نەتەوەی کورد لە سـەدەی ٧ تا سەدەی ٢٠ لە ١٢ بەشی سەرەکیی دا، شاعیران، ئەدیبان و هونەرمەندانـی نەتەوەی کـورد.٥: مێژوو نووسـانی نەتەوەی کورد. جگە لەوەی کە وەک میوان گۆرانیم گوتووە چەند پرۆگرامم لـە تەلەڤزیۆنـەکان وەک بەڕێوەبەر بەڕێوە بردوون.

**پ: نموونەی ئەم بەرهەمانەشـمان بۆ باس بکە وەك دوا پرسیار؟**

و: لـە گوڵـزاری ئاوازدا (لـە میدیا تیڤی ٢٠٠٤ بێلژیک، کورتە فیلمێک سـەبارەت بە مەنیجی حەیران کە لە سـاڵەکانی ١٣١٥ی هەتـاوی تاقـە گۆرانی بێـژی ژن بوو لە ناوچەی موکریان، لە تەلەڤزیۆنی ئاسۆسات پرۆگرامێکم سەبارەت بە کۆماری کوردستان: ١١ مانگ و ٢٠ ڕۆژ بەختەوەری و، و هەروەها بەرنامەیەکی تایبەت سەبارەت بە نەورۆز لە ئاسۆسات.

**پ: لە کۆتایی دا چ وتەیەکت هەیە؟**

و: وەک دەڵێن لاوان دەستە چیلەی ئاگری خەبات و پێک هێنەری دواڕۆژی کۆمەڵگان، بـە ئاوات و گڕوتین و هەناسـەیەکی پتەو، بـەڵام بە ئوسـوول تێکۆشـانی سیاسـی خۆیان درێژە پێ بـدەن و ئاواتە خوازم ئەو پێشانگایەی من تکایەک، سکالایەک بێ بۆ ئاشتی و یەکگرتوویی هەمە لایەنە، سپاس بۆ ئێوەو میوانداریتان.

لـە کۆتاییـدا ئێمـەش بـە نوێنەرایەتی یەکیەتیی لاوان ئاواتی سەرکەوتنی زیاتر بۆ ئەم هونەرمەندە تێکۆشەرو ماندوونەناسە لە کارەکانیدا بە ئاوات دەخوازین.

■

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# لە خاڵە لاوازەکانی هاوسەرانتان بە خراپە کەڵک وەرمەگرن

**و: وریا ساڵح زادە**

پەندێکی زۆر کۆن هەیە کە دەڵێت «خوا دارتاش نییە، بەڵام چاک تەختە و دار ڕێکدەخات»! بێگومان هەر پەندێک کە خاوەنی پەیامێکی فەلسەفییە وەک خۆی دەمێنێتەوە. ئەگەر پەندێکی پێشینیان بە دوور لە ڕاستی بێ، بۆ ماوەیەکی کاتییە و هەر زۆر زوو لە بیر دەکرێت. بەڵێ، وایە! زۆرینەی ژنان و پیاوان زۆر لە یەکدی دەچن! وێکچوونی ئەخلاقی ژنان و پیاوان دوو هۆکاری سەرەکی هەیە:

یەکەم: ژن و پیاو دوای ماوەیەک پێکەوە ژیان کاریگەریی لەسەر یەکدی دادەنێن کە لە ئاکامدا ئەگەر لە یەکتر گەیشتن و پێکەوە گونجان، ڕەوشتێکی هاوشێوەییان ئاوێتە دەبێ.

دووهەم: بەهۆی نزیکایەتی خووخدەو ڕەوشت و وێکچوونەکانیان کە لە سەرەتای ئاشنابوون هەیانبووە و پێوەندیی هاوسەرێتییان بەستووە، کەواتە لە هەڵبژاردندا سەرەکیترین پێوانە، وێکچوونی ڕەوشت و خووخدەیان بووە.

کاتێک دەبین بە هاوڕێی کەسێک کە وێکچوونی زۆری لەگەڵ خۆماندا هەیە، هەست بەچێژ دەکەین، چونکە بە کەسێک گەیشتووین کە وەک خۆمان بیردەکاتەوە و ئەم هاوبیرییە هۆکارێکە بۆ ئێمە کە ڕەزامەندیی دەوروبەر بە نیسبەت ڕەوشت و بیرۆکەکانمان بە پێویست ببینین. هاوسەنگ کردنی تایبەتمەندییەکانمان لە گەڵ کەسی بەرامبەر دەبێتە هۆی ئەوە کە لە ئاکار و ڕەوشت و کردەوەکانمان ڕازی بین، هەر بۆیە هەندێک کات بە شانازییەوە باس لە کەسێک دەکەین کە لە خۆمان دەچێ. ئەو وێکچوونەش وەک خاڵێکی ئەرێنی بەرجەستە دەکەین.

بە پێچەوانە دژایەتی لە ئاستی ڕەوشت و کرداردا، هەندێک کات دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشە بۆ لایەنی بەرامبەر. ئەوەش لە کاتێکدایە کە تاک بە دوای کەسێکدا دەگەڕێ کە کەموکۆڕییەکانی لەودا بدۆزێتەوە، تا بە هەبوونی ئەو لایەنی دووهەمە هەست بە کامڵبوونی خۆی بکات. لەوەها دۆخێک، لایەنی یەکەم بێ

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بوونی لایەنی دووهەم خۆی بە ناتەواو دەزانێ، ئەو لایەنی دووهەمە ناڕاستەوخۆ دەیهەوێ سرووشت و کەموکوڕییەکانی خۆی لە ڕێگای کەسێکی دیکەوە بشارێتەوە. لێرەدا لە یەکتر نزیکبوونەوەی مرۆڤە ناتەباکان دەستپێدەکات، واتە مرۆڤ لە قۆناغی ڕەشبینییەوە بەرەو قۆناخی گەشبینی دەڕوات. مرۆڤی خەمناک بەرەو رووی مرۆڤی شاد و لێو بەبزە دەچێ، مرۆڤی تووڕە و تۆسن رووەو مرۆڤی ئارام و ئەهوەن، مرۆڤی گۆشەنشین و چۆڵپەرست روو بە مرۆڤی کۆمەڵایەتی، مرۆڤی کەم دوێ و شەرماوی، رووەو مرۆڤی کراوە و بە دم و پل، مرۆڤی رازی و قانیع، رووەو مرۆڤی مەزنیخواز، مرۆڤی وابەستە بە دەوروبەر، روو بە مرۆڤی سەربەخۆ و خاوەن بڕوا. بە گشتیی مرۆڤی ناتەواو رووەو مرۆڤی کامڵ دەڕوا! ئەم کەسانە بەم جۆرەی کە ئاماژەمان پێکردن پێیان وایە هەڵبژاردن و هاونشینی کەسێک بە کۆمەڵێک تایبەتمەندیی جیاوازەوە کامڵبوونیان بە ژیان دەبەخشێ. مێینە وا بیردەکاتەوە هاوسەری خاوەن سەر و زمان و توانا، دەتوانێ لە هەڵا و هەنگامەی ژیاندا پشتیوانی بێ و لە بەرزیی و نزمییەکانی ژیاندا دەستی بگرێ. نێرینەی مەزنیخواز لەوە دەترسێ ئەگەر هاوسەرێکی خاوەن دەسەڵاتی هەبێ، کێشەی بۆ بخووڵقێ، کەواتە باشتر وایە لە گەڵ مێینەیەکی وابەستە و گوێرایەڵ ژیان پێکبێنێ تاکوو لە داهاتوودا قسە لە قسەیدا نەکات. مێینەی بێ مەیل پێیوایە هاوسەری چالاک و سەرحاڵا، خۆشی و شادی بە دیاری پێدەدات. پیاوی داهێن و رسکێنەر، بەم خیاڵەوە دەژی کە هاوسەرە کەم دوێ و شەرماوییەکەی نوقمی چێژ و خۆشی دەکات. ژنی ئەوینخواز کە لە ترسی تەنیایی، هێز و توانای نا گوتنی نییە و ناچارە بە چوونە ژێر باری خواستەکانی دەوروبەر، لە سەر ئەم باوەڕەیە کە لە پەنای هاوسەرێکی خاوەن دەسەڵات چیتر هەست بە سەپاندن و تەنگ پێهەڵچنین ناکات. پیاوی باوەڕدار، لەوەی کە هاوسەری وابەستە و هۆگرە بەردەوام هانای بۆ دێنێ و داوای یارمەتی لێدەکات، خیاڵی ئاسوودەیە. کەواتە بە رواڵەت دەبینین کە هەموو شتێک لێکدانەوەی بۆ کراوەو بە شێوازێکی جوان بەرنامەڕێژی کراوەو بە جۆرێک نمایش دەکرێ کە دەتوانرێ ئەم هاوسەرانە تەواوکار و لە سەختی و دژوارییەکاندا هاوڕێ و هاوکاری یەکدی بن، بەڵام ئەم بیرۆکانە کاتێک کێشە دەخوڵقێنن کە مەزنی خوازیی و زمان درێژییەکانی پیاو بەرامبەر هاوسەرەکەی بە کار دێت. ژنێک کە تا ماوەیەک لەمەوپێش لەسەر ئەم بڕوایە بوو کە بە دۆزینەوەی هاوسەرێکی خاوەن باوەڕ بە هەموو شتێک دەگات، لە ناکاو هەست بەوە دەکات کە لە ژێر چەپۆکی پیاوێکی خۆپەرست و دیکتاتۆردا بووە بە دیل و مافی هەناسە کێشانیشی نییە! لە پێشهاتەکاندا نێرینە هەمەکارەو دیاریکەری چارەنووسە، بەڵام مێینە هیچ کارە! لە میوانی و میوانداریدا پیاو وتەبێژی بنەماڵەیە و ژن بێدەنگ و و بێبەش لە مافی دەربڕینی بیروڕا. لێرەدا ژن بە دوای مێردێکدا دەگەڕێ کە کەموکوڕییەکانی بۆ پڕ بکاتەوە، پیاویش وەڵامی خواستەکانی ژن دەداتەوە، بەڵام بە چەشنێک لە گەڵییەتی کە تەنانەت لە جێگەی ئەو بیر دەکاتەوە و بڕیار دەدات. لە ئاکامدا لە جیاتی ئەوەی کە پشتیوانی ژن بێ، وەک کێوێک لە سەر سینگی قورسایی دادەنێ و ژیانی لێ تاریک دەکات.

ژنێک کە پێیوابوو بە رادەی پێویست باوەڕ بەخۆیە و بە پێویستی نازانێ هاوسەرەکەی کەسێکی خاوەن باوەڕ بێ، هێدی هێدی لە هاوژیانی کەسێکی بێباوەڕ و بێ نێوەڕۆک کە بەردەوام دەبێ لە جیاتی ئەویش بڕیار بدا، ماندوو دەبێ و لە هەمبەر ڕەگەزی نێرینە هەست بە بێزاریی دەکات، چونکە ناچارە لە هەموو رووەکانەوە خۆی لە پێشەوە ببینێ! کچێک کە لە جوانی رووخساریدا هەست بە ناتەواوی دەکات، کە لەگەل کوڕێکی لە رووخساردا جوان، ژیان پێکدێنێ، واتە کاتێک کە هاوسەرەکەی لە خۆی جوانتر بێ، تووشی ژانەسەر و وازوازی دەبێ، چونکە دەوروبەرەکەی وازی لێناهێنن و بەردەوام رووبەڕووی ئەم جیاوازییە رووخسارییەی دەکەنەوە یانی بە چاویدا دەدەنەوە کە مێردەکەت لە خۆت جوانترە. پیاوی گەش و سەرحاڵیش دەبێ دایم بە فکری باری دەروونی هاوسەرەکەی بێ و ئەم حاڵەتەش بەرەبەرە هەست بە ماندوویی و بێزاری و وەڕەزی دەکات، لێرەدایە کە کێشە دروستدەبێت و بارودۆخ بەرەو نائاسایی دەڕوات. ئەگەر دوو کەسی هاوژیانی لەوجۆرە بە فکری چارەسەرێکی بنچینەیی نەبن، ناچار بە جیابوونەوە دەبن. مەرجی بەردەوامبوونی ژیانی ژن و مێردایەتی بۆ ئەم جۆرە هاوسەرانە، سەرەکیترین هۆکاری دیاریکردنی خاڵە لاواز و بەهێزەکان، شوناسی دەروونی یەکدی و ئینجا خۆناسییە.

هاوسەران دەبێ بە دوای مەرامە راستەقینەکانی ژیانیادا بگەڕێن و بزانن کە هۆکارەکانی لە یەکتر نزیکبوونەوەیان چی بوون. نابێ لە خاڵە لاوازەکانی یەکتری کەلکی خراپ وەربگرن و دژ بە یەکدی بەکاریان بێنن. هیچ کامیان لە ژیانی هاوسەرێتیدا نابێ بەسەر ئەوی دیکەدا زاڵ بن. هاوسەران دەبێ هەوڵبدەن لە ئاست ئەرک و بەڵێن و پەیمانەکانی ژیانی هاوبەشدا بەرپرسیار بن. لە راستیدا بە تێگەیشتن لە پەرچەکرداری لایەنی بەرامبەر، ڕێگایەک هەڵبژێرن کە هاودڵی و هاوکاری ئەنجامی بێت. هەروەک لە قورئانیشدا هاتووە «پێویستە هاوسەران بۆ یەکتری پۆشاک بن» و لە ئاست یەکدیدا بە ئاگابن کە بە رووی یەکترەوە نەوەستنەوە. کورد گوتەنی «یەکیان نەڵێ سیر و ئەویتریان بڵێ پیاز» و ئاژاوەو شەڕ و هەڵلا نەبێتە دیمەنی ژیانیان، بەڵکو لە پەنا یەکتری، لە پێناو چاکسازیی و بنیاتنانەوەی ژیاندا ئەسپیان تاوبدەن.

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# هەرچەندە خیانەتت پێ کردم...بەڵام هەر خۆشمەوێی

**ئاشتی ئیزەد پەنا**

...ئەڤین کچێکی باڵا بەرزی رۆح سووکە. هەناسە ساردەکانی پەیتاپەیتا لە ناخی دڵیەوە سەر چاوەیان دەگرت و لە رووخساریدا خەمێکی قووڵ بەدی دەکرا. بە چاوە پڕ لە ئەسرینەکانیەوە دەدوا و وەک هەتا لە ژیاندا ماوم ئەم برینەم سارێژ نابێ و هەر رۆژ جارێک دەکولێتەوە. ئەڤین بە دەم گریانەوە دەستی کرد بە گێڕانەوەی بەسەرهاتی ژیانە تاڵەکەی خۆی لە گەڵ «ئامانج» کە بەسەرهاتەکەی ئەوەندە کاریگەرە هەر کەسێک بیبیستێ، هەست بە قووڵی برینەکانی دەکا. ئەڤین گوتی:

لە قۆناغی ئامادەییدا بووم کەوتمە داوی خۆشەویستی ئەو کورەی کە هات و چۆی قوتابخانەی دەکرد. ئەو ناوی (ئامانج) بوو. خۆشەویستەکەمان دەستی پێ کردو رۆژ بە رۆژ پەرەی دەسەند، تا وامان لێ هات بەبێ یەکتر نەمان دەتوانی بژین ئەگەر رۆژێک یەکترمان نەدیتبایە ئەوا ئۆقرەمان لێ دەبرا. ئامانج لە خوێندن دابڕابوو. زۆرم پێ خۆش بوو ئەویش بخوێنێ. رۆژێکیان داوام لێکرد کە بگەڕێتەوە بۆ قوتابخانە. ئەویش بە خۆشحاڵیەوە قەبووڵی کرد، تا لە قۆناغی ئامادەیی بە پلەیەکی زۆر باش دەرچوو و لە کولیژێکی بەرز وەرگیرا. منیش هەر بە هەمان شێوە لە کولیژێکی بەرز وەرگیرام، بەڵام لە هی ئامانج نەزمتر بوو. ئامانج پێش من قۆناغی زانکۆشی بە سەرکەوتووییەوە بڕی، بەڵام من زۆر دوا کەوتم لەبەر خۆشەویستی ئامانج نەم دەتوانی بخوێنم. بەڕێکەوت ئامانج لەو کولیژەی کە من لێم دەخوێند دامەزرا. خۆشەویستەکەشمان تا دەهات گەرم و گوڕتر دەبوو. تا وایی لێ هات، داوام لێکرد بێتە داخوازیم. ئەویش زۆر بە خۆشحاڵییەوە ڕازی بوو، بەڵام ماڵەوە بە گشتی ناڕازی بوون. گوتیان: بنەماڵەیان لە گەڵ ئێمە


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناگونجێن و ئامانجیش کوڕێکی باش نیه. بەڵام خۆشەویستیەکەی ئامانج وای لێکردبووم ئەو قسانەم بە گوێدا نەچن و ماڵەوەم ناچار کرد ڕەزامەندی دەرببڕەن، بەڵام زۆر بە نابەدڵی بەهەر چۆنێک بێ من و ئامانج بەیەک گەیشتین. ڕۆژ بە ڕۆژ یەکترمان زیاتر خۆش دەویست تا ماوەی هاوسەریمان گەیشتە حەوت مانگ هەر بەم جۆرە بوو. بەڵام دوای حەوت مانگ ڕۆژێکیان لە گەڵ دایکم چووم بۆ بازار. دایکم ئاڵتوونی دەکڕی، کە چووینە ژووری زێڕینگەر، من ئاڵتوونەکانی خۆم کە هەمووی دەست کرد بوو و بە تایبەتی بە دروست کردنم دابوون لە دووکانی زێڕینگەرەکەدا دیتمن حەپەسام، لە کابرای زێڕینگەرم پرسی، وتم: ئەو ئاڵتوونانەت لە کوێ بووە؟! وتی: دایکی ئامانج پێمی فرۆشتووە. زێڕینگەر لە گەڵ ماڵی خەزوورم دا ناسیاویان بوو، کاتێ گوێم لەمە بوو، زۆر ناڕەحەت بووم و بە پەلە گەڕامەوە بۆ ماڵێ. کاتێ کە چوومە ژووری، گوتم: ئامانج کوا ئاڵتوونەکانم؟! گوتی: دایکم فرۆشتوویەتی و هەر باسیشیان مەکەوە. گوتم: بۆ؟ گوتی: دایکم کرێیەتی و دایکیشم دەیان فرۆشێتەوەو منیش لەبەر ئامانج هیچم نەگوت. خەسووم کوێخا ژن بوو و خەزووریشم دەسەڵاتی خەسوومی نەبوو، تەنانەت ئامانجیش نەدەبوا لە قسەی دەرچێ. ناکۆکیەکان ڕۆژ بە ڕۆژ بە پێی حوکمەکانی خەسووم زیاتر دەبوون. تا وای لێهات نەی دەهێشت ئامانج نانم لە گەڵ بخوا، تەنانەت بۆم نەبوو یەک پەرداخ ئاو بە بێ ئیزنی خەسووم بدەم بە ئامانج. ئەگەر کاتێ دۆلکە ئاوێکم بۆ ئامانج لە سەر سفرە دانابایە، ئەوە خێرا دەرزیلەیەکی لە دەسکی دۆلکەکە دەدا. ئەو سیاسەتانەی دایکی زۆری خایاند و ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبوون. هەموو ڕۆژێکیش دەی گوت: کوڕەکەم تاقانەیە و ژنی بۆ دەهێنم تۆ کوڕەکەمت خەسار کردوە، دایکی کوێر بێ ژنێکی وەکوو تۆ چییە هەبێ یان نەبێ! بێزار بووم ڕۆژێک گوتم: ئامانج با جیا وەبین. ئامانج بە بێ پرسی دایکی نەی دەتوانی بڕیار بدا، کاتێ پرسی بە دایکی کرد. دایکی خۆی بووراندەوەو دەستی کرد بە بەزم و هەرایەک کە ئامانج نەی وێرا جارێکیتر باسی بکاتەوە. لەو ژیانە تاڵەدا دوو ساڵ گوزەراندم تا ئامانج وای لێ هات شەوانەش نەدەهاتەوە بۆ ماڵەوە کە دەش هاتەوە بە سەر خۆشی دەهاتەوە. وای لێ هات بە سێ ڕۆژ نەدەهاتەوە، بۆشم نەبوو پرسیار بکەم. ڕۆژێکیان لە زانکۆ دانیشتبووم کچێک گوتی: تۆ خێزانی ئامانجی؟ گوتم: بەڵێ. گوتی: ببوورە ئامانج نەی گوتووە خێزانم هەیە و ماوەیەکی زۆریشە یەکترمان خۆش دەوێ، ناتوانم دەست بەرداری ببم تۆ ڕازی بی یان نا، من شووی پێ دەکەم خۆ ژن ژنی نەخواردوە. خەمم کەم بوو ئەویشی هاتە سەر، کاتێ گوێم لەو قسانە بوو خۆم پێ ڕانەگیرا و تێر قسەی ناشیرینم بەو کچە گوت ئینجا چووم بۆ ئامانج، ئامانج گوتی: درۆیە شتی وا نیە، بەڵام بە پێی نەهاتنەوەی بۆ ماڵ گومانم لا دروست ببوو. ئامانج وای لێ هات کە نەی دەزانی ژنیش هەیە بە حەوتوو نەدەهاتەوە. منیش لەو دۆزەخە دەژیام، شەو و ڕۆژ بیرم لێ دەکردەوە. ڕۆژێکیان هاوڕێیەکم فیلمێکی سێکسی کە هی ئامانج و ئەو کچە بوو و بە موبایل وەری گرتبوو نیشانی دام و گوتی: هەرچەندە نەگونجاوە من نیشانت بدەم، بەڵام لەوە زیاتر لێی قەبووڵ مەکە. کاتێ دیتم هۆشم لە خۆم نەما، تێر گریام، هیچیشم لە دەست نەدەهات. ژیانم بە ڕادەیەک لێ تاڵ ببوو نەم دەزانی ڕوو لە کوێ بکەم، چونکە ماڵەوەشمان پێشوو ناڕازی بوون شەرمم دەکرد بچمەوە، بەڵام بە ناچاری داوام لە باوکم کرد کە ڕێگەم بدا بچمەوە. باوکیشم گوتی: کچم چارەنووستم لە پێش چاو بوو، بەڵام بە قسەت نەکردم، بە هەر حاڵ ماڵ ماڵی خۆتە، کە ئەم قسەیەم لە باوکم بیست لە خۆشیان خەریک بوو باڵ بگرم و بفڕم لە لایەکیش دڵم غەرقی خەفەت بوو. لەو ڕۆژەوە چوومەوە ماڵی باوکم ئیتر نەگەڕامەوە، نە ئامانج و نە ماڵەوەشیان هەر لێیان نەپرسیمەوە تا ڕۆژێک چوومە دادگا و شکایەتم لە ئامانج کرد و داوای تەڵاقم لێ کرد. ئامانج زۆر بێ شەرمانە وتی: بەسەرچاو... لە یەکەم ڕۆژی دادگاییدا ئامانج هەر ئەو جلانەی لەبەر کرد بوون کە لە ڕۆژی زاوایەتیدا لەبەری دابوون. دوای یەک ساڵ و نیو ئامانجم دیتەوە لە خۆشیان خەریک بوو دەفڕیم چونکە زۆرم بیر دەکرد. کاتێ ئامانجم بەو جلانەوە دیی و هێندە خۆشحاڵ بوو، بەرچاوم تاریک بوو و بە درێژایی ئەو ڕۆژە هەر گریام، بەڵام بۆ کێ؟ بۆ کەسێکی زۆر بێ نرخ کە نرخی خۆشەویستی نازانێ و سیفەتی ئینسانی تێدا نیە. دوایی لە سەر شکایەتەکەم کە لەسەر ئاڵتوونەکانم کردبووم، بە دزینی ئاڵتوونەکان تاوانبارم کرد، بەڵام زۆر بێشەرمانە و بێ ئەخلاقانە گوتی: ئەڤین ئاڵتوونەکانی پێ بەخشیوم و بەوەندە سوێند و قورعانە گەردنی ئازاد کردووم، زۆر بێ چاو و ڕوویانە لە لای قازی دەستی بە قورئانێ دادا و سوێندی یاسایی خوارد لە سەریان، لەوێشدا فێڵی لێ کردم. بەم جۆرە لە یەکتر جوێ بووینەوە بۆ هەتا هەتایە، وام لێ هاتووە هەموو پیاوێک وەک ئامانج دەبینم باوەڕیشم بە هیچ کوڕێک نەماوەو لە خۆشەویستیش بێزارم، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا هەر خۆشم دەوێ تا دەمرم شەو نیە فرمێسکی بۆ نەڕێژم، شەو نیە یادگارێکی خۆشم نەیەتەوە یاد کە لە گەڵیدا بووم. هەموو ژیانم بریتی بوو لە ئامانج، بەڵام چ ئامانجێک، ئامانجێکی خیانەتکار، تەنیا ئاواتم بۆ ئامانج لە گەڵ ئەوەشدا تا ئێستاش خۆشم دەوێ و ناتوانم بە بێ خۆشەویستی ئەو بژیم، ئەوەی کە بە کوێری ببینم بە شەقامەکان دا بڕوات هیچی ترم بۆی نیە تەنیا ئەوە نەبێ و هەمیشەش لە خودا دەپاڕێمەوە کە ئەو دوعایەم لێ قەبووڵ بکا و بە کوێری ببینم.

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کورتە چیرۆک...



**و: عەزیز عەزیزی**

له یەکەم ڕۆژی ساڵی تازەی خوێندندا، مامۆستا تامپسۆن، مامۆستای پۆلی پێنجی سەرەتایی، چووە پۆلەکەی و دوای خۆناساندنی بە قوتابییەکان و دەسپێکی قسەکانی لەسەر ساڵی نوێ، وەک ساڵانی پێشوو بە قوتابیانی گوت کە بە یەک چاو سەیریان دەکا و هەموویانی وەک یەک خۆش دەوێ. بەڵام لە ڕاستیدا پێچەوانەکەی بوو. بە تایبەتی زۆری ڕق لەو قوتابییە بچووکەیە بوو کە لە پێش هەموو قوتابییەکانەوە دادەنیشت و همیشه پیس و پۆخلو نارێک و پێک بوو. لە وانەکانیشیدا زۆر تەمبەڵ بوو. ناوی ئەو قوتابییە «تێد» بوو. تێد لە گەڵ قوتابییەکانیتردا کەم قسەی دەکردو زیاتر هەر بە تەنێ بوو و مامۆستا تامپسۆنیش زۆری لێ ناڕازی بوو. ساڵی پێشووش هەر لە پۆلی پێنجەمدا مامۆستا تامپسۆن تێدی بە هۆی تەمبەڵییەوە دەرنەچواندبوو. هەر بۆیە ئەمساڵیش هەر لە پۆلی پێنجدا مابوویەوە. بۆیە مامۆستا تامپسۆن بڕیاریدا کە چاوێک بە فایلی ساڵانی ڕابردووی «تێد»دا بخشێنێتەوە تا بزانێ بۆچی وا شڵەژاو و تەمبەڵە.

له کاتی خوێندنەوەی ئەو فایلانەدا مامۆستا وای بۆ دەرکەوت بوو کە:

مامۆستای پۆلی یەک لە فایلەکەیدا نووسیبووی تێد قوتابییەکی زیرەک و خۆشحاڵ و لێهاتووە. وانەکانی بە باشی دەخوێنێ و ئەو شتانەی داوای لێ دەکرێ بە باشی جێبەجێی دەکا و گەلێک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

باشیشە.

مامۆستای پۆلی دووهەم نووسی بووی: تێد قوتابییەکی ئێجگار لێهاتووەو هاوپۆلەکانی خۆشیان دەوێ، بەڵام بە هۆی نەخۆشیی دایکییەوە کە لە جێدا کەوتووە و چارەسەرینییە،تووشی کێشەی دەروونی بووە.

مامۆستای پۆلی سێهەم نووسی بووی مردنی دایکی تێد زۆر گران بە سەریدا شکایەوە، ئەو هەموو هەوڵێکی بۆ باشتر دەرس خوێندن داوە، بەڵام باوکی هیچ هاوکارییەکی ناکا و زۆر دەربەستی دەرس خوێندنی تێد نیە و ئەگەر لە گۆڕانکاریەک لە ماڵەکەیان نەکرێ و یارمەتی نەدرێ تێد ڕووبەڕووی کێشەی زیاتر دەبێ و زۆریش زەحمەتە درێژە بە خوێندنەکەی بدا.

مامۆستای پۆلی چوار نووسیبووی: تێد وازی لە دەرس خوێندن هێناوە و هیچ هەوڵێکیش بۆ باشتر بوون نادا و لە پۆلدا جارنە جارێکیش خەوی لێدەکەوێ.

مامۆستا تامپسۆن بە خوێندنەوەی فایلی تێد بۆی دەرکەوت کێشەی چیە و لۆمەی خۆشی کرد کە بۆچی پێشتر کێشەکەی نەدۆزیوەتەوە تا یارمەتی بدا.

بۆ بەیانییەکەی کە مامۆستا فایلەکەی خوێندبۆوە، ڕۆژی مامۆستا بوو، هەموو قوتابییەکان دیاریان بۆ مامۆستا هینابوو تا بە هێنانی ئەو دیارییانە ڕێز لە مامۆستاکەیان بگرن و پیرۆزبایی پێ بڵێن. هەموو دیارییەکان لە نێو کاغەزی جواندا پێچرابوونەوە بێجگە لە دیارییەکەی تێد، کە لە نێو کاغەزێکی لۆچ کراودا بە شێوەیەکی ناشیرین پێچابوویەوە.

خاتوو تامپسۆن دیارییەکانی کردەوە، کاتێک دیارییەکەی تێدی کردەوە دەسبەندێکی تیدا بوو کە چەند دانە لە نەقیمەکانی کەوتبوون و شوشەیەک عەتری تێدا بوو کە نیوەی زیاتری بەتاڵ بوو. بینینی دیاریەکەی تێد بووە هۆی گاڵتە جاڕی و پێکەنینی هاوپۆلەکانی. بەڵام خاتوو تامپسۆن لە قوتابییەکان قەڵس بوو و دەستی کرد بە باسی جوانی دەسبەندەکەی تێد و هەر لەوێ لە دەستی خۆی کردو کەمێک لە عەترەکەشی بە خۆیدا کرد.تێد ئەو ڕۆژە دوای تەواوی بوونی قوتابخانەلە دەرەوە چاوەڕێی کرد تا مامۆستا تامپسۆن هاتە دەرێ. چووە لای و پێی گوت مامۆستا تۆ ئەمڕۆ بۆنی دایکمت لێ دەهات.

خاتوو تامپسۆن، دوای خوا حافیزی لە تێد، لە نێو سەیارەکەیدا زۆر گریا. لەو ڕۆژە بەدواوە بووە کەسێکیتر کە وێڕای فێرکردنی وانەکانی خوێندن و نووسین و بیرکاری و زانست، وانەی «ژیان» و «یارمەتی مرۆڤەکانی» بە قوتابییەکان دەگوتەوە زۆر بە تایبەتیش ئاگای لە تێد بوو.

دوای ماوەیەک تێد لاتەوە سەر ڕواڵی ئاسایی خۆی گیانێکی دیکەی لاتەوە بەر، هەرچەندە خاتوو تامپسۆن یارمەتی دەدا شتی زیاتر فێر دەبوو. زۆر بە خێرای بوو بە یەکێک لە وریاترین قوتابییەکانی پۆلەکە. خاتوو تامپسۆن هەرچەند گوتبووی هەموو قوتابییەکانی وەک یەک خۆش دەوێ، بەڵام ئێستا تێدی لە هەمووان خۆشتر دەویست ویەکێک لە خۆشەویستترین قوتابییەکانی بوو.

ساڵێک دواتر، خاتوو تامپسۆن نامەیەکی لە تێدەوە پێگەیشت کە نووسیبووی تۆ باشترین مامۆستایەک بووی کە لە هەموو ژیانمدا بوومە.

شەش ساڵ پاش ئەوە دیسان خاتوو تامپسۆن نامەیەکی دیکەی تێدی پێگەیشت کە نووسیبووی قۆناغی دواناوەندی بڕیوە و بە سێیەم قوتابی قوتابخانەکەیان دەرچووەو دیسان تۆ باشترین مامۆستای ژیانم بوویت.

چوار ساڵ دواتر دیسان نامەیەکی دیکەی پێگەیشت کە تێد نووسیبووی: لە گەڵ ئەوەدا کە ڕۆژگارێکی ئێجگار ناخۆشی بووە، بەڵام دیسان وازی لە زانکۆ نەهێناوەو بە زوویی زانکۆش وەک قوتابییەکی زۆر سەرکەوتوو تەواو دەکا و دیسان خاتوو تامپسۆنی وەک باشترین مامۆستای ژیانی ناو بردبوو.

چوار ساڵ دوای ئەوەش نامەیەکیتری پێگەیشت کە نووسی بووی: دوای زانکۆ وازی لە خوێندن نەهێناوە و دیسان خاتوو تامپسۆن باشترین و خۆشەویسترین مامۆستای بووە. ئەمجارەیان تەنیا کەمێک ناوەکەی درێژ ببۆوە واتە، «دوکتور تێئۆدۆر ئیستوارد».

ئەم بە سەرهاتە هێشتا تەواو نەبووە، بەهاری ئەو ساڵە نامەیەکیتریش هات کە تێد تێیدا داوای لە مامۆستا تامپسۆن کردبوو کە لە زەماوەندەکەیدا لە جیاتی دایکی لەوێ حازر بێ، چونکە باوکیشی چەند ساڵ پێش مردبوو.

خاتوو تامپسۆن خێرا پیشنیارەکەی قەبووڵ کرد. بە بڕوای ئێوە چی کردبێ باشە؟ ئەو دەستبەندەکەی دایکی تێدی بەو شێوەیەی خۆی کە چەند نەقیمێکی لێ کەوتبوو لە دەست کردو شوشەیەک لە هەمان عەتری کڕی کە تێد بۆی هێنابوو بە خۆی کرد.

وەختێکتێد لە کلیسادا خاتوو تامپسۆنی بینی زۆر بە گەرمی پێشوازی لێ کردو بە هێواشی پێی گوت: خاتوو تامپسۆن لەوەی بڕوات بە من هەبوو سپاست دەکەم. بۆ ئەوەی وات کرد من هەست بکەم کەسێکی گرینگم سپاست دەکەم. لە هەمووی گرینگتر بۆ ئەوەی بە منت پیشان دا کە دەتوانم بگۆڕێم سپاست دەکەم.

خاتوو تامپسۆن بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە وەڵامی دایەوە: تۆ هەڵە دەکەی، ئەوە تۆ بووی کە منت فێر کرد کە بگۆڕێمن پێش ئەوەی تۆ لە دەرەوەی قوتابخانە ببینم و قسەم لە گەڵ بکەی نەمدەزانی وانە بڵێمەوە، بەڵام پاش ئەوە فێر کردم کە چۆن وانەی ژیان بڵێمەوەو چۆنیش چاو لە مرۆڤەکان بکەم.

تێبینی: بۆ زانیاریتان تێد ئیستوارد لە زانکۆی ئایاوا بوو بە مامۆستایەکی ناسراوی پزیشکی و بەشی شێرپەنجەی ئەم زانکۆیە بە ناوی ئەوەوە ناو نراوە.

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

# ڕەوە چۆلەکەت ڕۆح

شێعری: هاوژین سلێوە

١ ـ هەنارێکی قەڵشیوی لێوگڕی ددان سوور
دەمی پڕ بوو بوو لە ئاو
بۆ دوو لیمۆی کیژۆڵەیەک
کە داهاتبۆووەوە لەبەردەمی و
جێسکی دەدا بن دار هەنار.
((کولیچە))
٢ ـ کچێک بەپەنجەکانی دەستی ڕاستی
ڕوومەت ئەنگوتکە هەویرێکی ماچ دەکردو
کولیچەی عیشقی لێ دروست دەکرد.
((خانەنشین))
٣ ـ لە باخچە بچکۆڵەکەیماڵمان
باوکە پیرو ئختیارەکەم
ڕۆژ تا ئێوارێ
هەر خەریکی خرتە خرتە
دەڵێ: ڕۆلە
شەڕ لە بەتاڵی چاکترە.
٤ ـ شاری بۆر بە نداری هێندوستان
تاکو ئێستاش لۆکەی سپی دای پۆشیوە،
چونکە ڕۆحی پەپوولەی گاندی
لەم شارەدا داباریوە.
٥ ـ گۆڵ سەرگۆی مەمکێکی گڕکانییە
لە داخی بێ پەپوولەیی دەتوێتەوە.
((یەگرتن))
بلۆکەکانی ئەم دیوارە ڕوتەڵەیە
پەنجەکانیان ناوەتە ناو پەنجەی یەک و
باکیان نیە لە لافاوی ناوەخت و
لە ڕەشەبای ژەهراوی.
٧ ـ چۆلەکەش لە یاسای سەربازی دەزانێ
کە بە ئاسمانا دەفڕێ
لەنجە دەکا بۆ ژێرو ژوور
تا وەکوو مزی توو توو و
بەردی دار لاستیڵ نەی پێکێ.
٨ ـ ماسی هەمیشە چاوی کراوەیە،
چونکە بوونەوەرەکانی:
ئاسمان و زەوی و ئاو دژمنین.
٩ ـ زێڕ و زوڕی دوو ڕیشۆڵە
لە نێو درەختێکی بەفر گرتوو
فێر ئەڤین داریمان دەکەن.
((ڕەنگاڵە))
جاجم باندێکی موسیقایە
هەر ڕەنگەی ئاوازێ دەژەنێ
بەهەموویان کۆ ئاواز و
هونەری چنینی جوان.
١١ ـ چاوەکانت دوو فنجانە قاوەی ڕەشت
برژانگەکانت هێڵی چۆڕاوەی زۆر گەشن
تۆ بۆم بدوێی یا خۆت نەدوێی
نهێنیەکانت ڕووکەشن.
١٢ ـ خەیاڵی برسییەک،
پۆڵی چۆلەکەی ڕیز بووی سەردار تەل
بوون بە شیشێ چۆلەکەی برژاو
تەم و لێڵی ئاسمانیش
بوو بە پراو،
بوو بە ئاو گۆشت،
بوو بە چەڵاو.





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ئەی خۆت نەتگوت:
بۆ پێم نالێی چۆن دڵت هات
بیرەوەری چەند ساڵی خۆشەویستی
لە کەلاوەی حەوشەکەتان
جێ بهێڵی؟
ئەی خۆت نەتگوت:
هەموو چرکەکانی تەمەنم دەبەخشم بە
چاوەکانت
نەتگوت، لەناو چاوەکانما
هەڵم گرتوون نامەکانت
نەتگوت:
یادگاری ژوانم
کردۆتە ملوانک و بە گردنما هەڵم واسیوە
نەتگوت:
لە گەڵا هەناسەکانت بۆنی درەختەکانیشم هەڵمژیوە
ئەی بۆ ئێستا
لەگۆڕانا غەرق بوویی و دەڵێی قەت منت نەدیوە
ئەو شێعرانەی بۆم نووسیبووی هەر هەمویانت دڕیوە
بەڵام بزانە ئێستاش لای من هەر عاشقە مناڵانەکەی جارانی
لە هەر کوێ بی منیش لەوێم
وەک یەکەم ڕۆژ خۆشم دەوێی
ئەگەرچی تۆش خۆشت نەوێم

کارزان قەڵادزەیی

www.lawan.com

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# بۆ قەندیلی سەر بەرز

قەندیلەکەی بەفرینەکەی کوێستانی من
هەورازەکەی جێ بازەکەی سەر شاخی من
هۆ لوتکە زۆر بەرزەکەی ئاسمانی من
نێرگزەکەی جێ ڕوونوەکەی دەست یاری من

هەم کرێوەکەت هەم کێوەکەت رووگاهی من
هەم شیوەکەت هەم نێوەکەت شانازی من

هەم شەماڵت هەم زریانت هەناسەی من
هەر گزینگی بەر بەیانت نیگاهی من
هەم شوانت هەم گاوانت باشاهی من
هەم بەفراوت هەم کانیاوت ژیانی من

هەم کرێوەکەت هەم کێوەکەت رووگاهی من
هەم شیوەکەت هەم نێوەکەت شانازی من

هۆ قیبلەکەی چوار بەشەکەی وڵاتی من
هۆ ئاسۆکەی زۆر گە شەکەی بەیانی من
بەهەشتەکەی زەردەشتەکەی کوردانی من
جێی سەیران و بەرخۆدانی لاوانی من
شەڕکەرانت بەرخوادانت چاوانی من

هەم کرێوەکەت هەم کێوەکەت رووگاهی من
هەم شیوەکەت هەم نێوەکەت شانازی من

نێرگزت لەبەر پشتێندی لاوانی کورد
گەزیزەکەت وەکوو چاوی کیژانی کورد
هەیکەلەکەت پەیکەرەکەی نەمرانی کورد
قەت ناچەمێی قەت نارمێی تۆی قەڵای کور

هەم کرێوەکەت هەم کێوەکەت رووگاهی کورد
هەم شیوەکەت هەم نیوەکەت شانازی کورد

هۆنراوەی: حەسەن سوورەچۆمی - ئەمریکا

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org



ئەم گوت ئاخ بۆ شارەزایە
زامی ساڕێژ کردایە
نە گوڵا بە ڕەنگی جوانەوە
نە چڵا بە چرۆیانەوە
نە مۆسیقای شمشاڵی هاوین
نە هاژەی ئاوی شەم زەوین
نە گرمەی هەوری بەهاران
نە سەوزایی دەشت و کۆساران
نە بینینی کچی جوان
نە گرمەی ماچی لێوان
نە جریوەی مەلی سەرچڵا
نە غەمزەی کچی ڕوومەت گوڵا
بەڵام هەر تۆی دایە گیان
ساڕێژکەری برینەکانم
هەر تۆی سۆمای دوو چاوانم
هەر تۆی خوێنی دڵ و گیانم

عومەر ئەسپەندار ناسراو بە کۆمار
٢٨ی خاکەلێوەی ٨٩

---

خەم دەرکە لەماڵت، با ماڵت گەش بێ
بەو جامە دڵت خۆش کە، کە جامی مەی بێ
سەرکەش مەبە تا سەر، ئەم سەرکەشییە بەسە
سەرکەشی هاواری دێوانە بوونە، کە بەسە
بەو جامە دڵت خۆش کە، کە دنیا یەک پەیکە
ئەو پەیکە مەستت ناکا مەی نۆشە، سەیری مەکە
دنیا فانیە و نەمانە تۆش کە نامێنی
سەیری چ دەکەی لە خەم دا، واخۆش بمێنی
فرێی دە ئەو فکرە با هەر خۆشی سەر خۆش بی
هەرچی مەیە، مەیخانەیە بیگرە لە دەست با خۆش بی
خۆشە هەر کات سەر خۆش بی بەو مەیە کە مەیە
کە مەی چیە؟ خۆتی، دڵت گەش بێ، ئاوت بۆ مەیە.

**نێعمەت مەلا**

www.lawan.com

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# وتەی بەنرخ

ڕەسووڵ سێڵەکە

At least 5 people in this world love you so much they would die for you

لانیکـەم پێنج کەس لەم جیهانەدا هـەن تۆیان بەجۆرێک خۆش بوێ کەئامادەبن بۆت بمرن

Someone that you don>t know even exists, loves you

نەفەرێک تۆی خۆشدەوێ کەهەرلەبوونی ئاگادارنی

At least 15 people in this world love you, in some way

لانیکەم پازدە کەس لەم جیهانەدا هەن کەتۆیان بەجۆرێک خۆشبوێ

When you make the biggest mistake ever, something good comes from it

کاتێک گەورەترین هەڵەکانی ژیانت ئەنجام دەدەی لەوانەیە ببێت بەرووداوێکی باش بۆتۆ

The only reason anyone would ever hate you, is because they want to be just like you

تەنیـا هۆیەک کەکەسـێک بیهـەوێ رقی لێتبـێ ئەوەیە کەدەیهەوێ راست وەکوو تۆبێ

When you think the world has turned it>s back on you, take a look you most likely turned your back on the world

کاتێـک وابیردەکەیەوە کەدونیا پشـتی لێکردووی، کەمێک بیربکەوە، لەوانەیەتۆپشتت لە دونیا کردبێ

A smile from you, can bring happiness to anyone, even if they don>t like you

پێکەنینێک لەلایەنتۆوە دەتوانێ دڵی کەسـێک خۆشـبکا، تەنانەت ئەگەر ئەو کەسە تۆش نەناسێ

Always tell someone how you feel about them you will feel much better when they know

هەمیشەهەستی خۆت بۆکەسانی دیکە دەرببڕە،کاتێک ئەوان لەهەسـتی تۆ بەنیسـبەت خۆیان ئاگاداردەبن، تۆهەسـتێکی باشترت دەبێ

Every night, SOMEONE thinks about you before he/she goes to sleep

هەرشەوێ،کەسێک بەر لەوەی بخەوێ بیر لەتۆ دەکاتەوە

If you have great friends, take the time to let them know that they are great

ئەگەر هاورێی زۆرباشت هەبوون، مۆڵەت یان پێبدە باتێبگەن کە زۆر باشن

You are special and unique, in your own way

تۆ لەجۆری خۆتدا بێوێنە و نایابی

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



## چریکە
## çrîke

گۆشەیەکە کە لەمەولا لە گۆڤارەکەماندا بڵاو دەبێتەوەو هەر جارەش باس لە تەوەرێکی گشتی و تایبەتی دەکا و «سەید جەلال سالحی»ش دەی نووسێ

# پەتای خوێن بەربوون
# Hemorrhagic fever virus

گۆشـــەی ئەم جارەمان تەرخان دەکەین بۆ ئەو نەخۆشـــییە کە بە زۆری لە وەرزە گەرمەکاندا بڵاو دەبێتەوە:

زۆر نەخۆشی هەن کە لە نێوان مرۆڤ و ئاژەڵاندا هاوبەشن، هێندێک لەو نەخۆشییانە بۆ مرۆڤ دەگوازرێنەوەو تەنانەت زۆریش مەترسیدارن و هێندێکیشیان ناگوازرێنەوەو تەنیا ئاژەڵەکان تووشی دەبن و بۆ مرۆڤ مەترسیدار نین.

پەتای خوێن بەربوون کە «پەتای خوێن پژان و تای خوێناوی»شـــی پێ دەڵێن، لـــە ڕێگای «گەنە»وە کە لە ئاژەڵاندا هەیە، بـــڵاو دەبێتەوە. کەواتە پەتای خوێن بەربوون نەخۆشییەکی توندی تەشەنەسێنی ڤایرۆسی هاوبەشی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵە کە زیاتر ئەو کەســـانەی کە ڕاستەوخۆ سەر و کاریان لە گەڵ ئاژەڵاندا هەیە وەک، ئاژەڵدارەکان، گۆشت فرۆشـــەکان، پزیشکی ئاژەڵان و هەروەها کارمەند و پزیشک و پەرســـتارەکان لە کاتی پێوەندی لە گەڵ خوێن و شـــلەکانی کەسی تووش بوو بە ڤایرۆسەکە مەترسی ئەو نەخۆشییەیان لێ دەکرێ و زیاتر لە بەردەم مەترشی تووش بوون دان و دەبێ زیاتریان ئاگا لە خۆ بێ.

نیشانە سەرەکییەکانی ئەو پەتایە بریتین لە:

نەخۆشییەکە لە ناکاو سەرهەڵ دەدا کە ئەم حاڵەتانەی لە گەڵ دایە وەک:

ئەلف: بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی لەش(تب).

ب: پشت ئێشە.

ج: ژانی ماسۆلکەکانی لەش بە گشتی.

د: سەر ئێشە(ژانە سەر).

ح: ئازاری جومگەکان.

خ: ژانە زگ.

چ: هێڵنج و ڕشانەوەو زۆر جاریش سک چوون.

پ: بێ هێزی.

غ: کاریگەردانان لەسەر کۆئەندامی دەمار وەک خەواڵوویی و بێ وازیی.

ع: خوێن ڕێژی ژێر پێست.

س: لووت پژان.

ش: خوێن ڕێژی پووک.

ت: خوێن میزتن.

ک: نەگیرسانەوەی خوێن لە شوێنی برین و کانوولا و ... هتد.

م: گەورەبوونی جەرگ و لیمفە گرێکان.

ن: لەکار کەوتنی جـەرگ و گورچیلەکان و تەنانەت مردنیش.

ماوەی نەخۆشییەکە لە **٣** تا **١٢** ڕۆژەو ماوەی چاک بوونـــەوەش لە **٢** تا **١٤** ڕۆژ دەخایەنێ و ڕێژەی مردنیش بەو نەخۆشییە **٣٠٪**.

خۆپاراستن:

بۆ خۆ پاراســـتن لـــەو پەتایە پێویســـتە لەو شوێنانە و تەنانەت لەو ناوچەیەش کە ئەو جۆرە نەخۆشییەی لێ بڵاو بۆتەوە، دوور بکەوینەوەو خۆی لێ بە دوور بگرین و بە تەواوی پابەندی ڕێنماییە تەندروستییەکانی وەک:

ئەلف: پـــاک و خاوێنی تاکە کەســـی وەک شۆردنی دەست و پەلەکانمان پاش بە ئەنجام گەیاندنی کاری ئاودەســـت و پێش چوونە سەر سفرەی نان خواردن.

ب: کوڵاندنی باشـــی گۆشت، چونکە گوتمان یەکێک لە ڕێگاکانی گواســـتنەوە گۆشتە، بۆیە پێویســـتە زۆر بە جوانی بکوڵـــێ، چونکە ئەو ڤایرۆسە و زۆر ڤایرۆس و میکرۆبی دیکەش بە کوڵاندن لە نێو دەچن.

ج: کڕینی گۆشـــت لەو شـــوێنانەی کە ڕێ پێدراون واتە، کارتی تەندروستیان پێیە.

سەرچاوەکان:

تب خونریزی دهنده الخرمه، دکتر جواد شیخ زاده.

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# داستانی تیرۆری سەرنەکەوتووانەی پاپ

و: ئازاد کوردستانی

ئێوارەی رۆژی **١٣**ی مەی **١٩٨١** کارێزماین پاپ لە سـەردەمی هاوچەرخ لە نێو سەیارە تایبەتەکەی خۆیدا کە پاپ موبیل ناسـراوە، لە نێو لایەنگرانی خۆی لە گۆرەپانی «سەن پیترز» وەرێ کەوت و بۆ وتاری حەوتووانەی خۆی ئامادە دەکرد. پاپ مۆبیل لەو سەردەمەدا سەیارەیەکی تایبەتی بێ میچ بوو کە لە باری ئەمنییەتییەوە جێی متمانە نەبوو. کەس بیری لەوە نەدەکردەوە پاپ پێویستی بە پارێزەری زیاتـر هەبێ. پاپ ژان پۆلـی دووەم کە لە گەڵ جەماوەر خەریکی چاک و چۆنی کردن بوو، منداڵە گچکەکانـی لە باوەش دەگرتن و ماچی دەکردن. دەنگـی چەند تەقەیەک هات و پاپ وەستاو بێ ئیختیار لە جێی مات بوو. چەند سـاتێک دواتر بە لەشی خوێناوی کەوتە سەر دەسـتی یاریدەرەکەی. دەست بەجێ گەیاندیانە نەخۆشـخانە و دوای پێنج کات ژمێر لە ژێر دەستی پزشکەکاندا کە **٤/٣** خوێنی لەشی رۆیشـتبوو پەرچووئاسا زیندوو مایەوە. ئەو وێنانەی کە لە کاتی رووداوەکە بەجێ مابوون کەسـێکی دەمانچە بە دەست نیشان دەدا کە روو بە پاپ نیشانەی گرتووە و تەقە دەکات. هێرشکەر دەست بەجێ هەر لەو شـوێنە قۆڵ بەسـت کرا، لاوێکی چوار شانە و باڵابەرزی تورک بە ناوی «محەممەد عەلی ئاقجا» و پاش تێپەر کردنی **٢٩** سـاڵ «ئاقجا» کە ئێسـتا سـەر و ریشـی سپی کردوە لـە بەندیخانەی ئانـکارادا کە چوار ساڵی رابردووی لەوێ بەسـەر بردووە، ئازاد بوو. ئاقجا بە پێی یاسـای تورکیا دەبوایە لە ئەرتەش خزمەتی کردبا. جیا لەم بابەتە ئەو ئێستا ئازادە، بەڵام هۆکاری ناوبراو لەوەی کە دەی هەویست تەقە لە پاپ بکا هێشتا جێی گومانە و نارِوون.

### ناسیۆنالیزمی رِادیکاڵ

بەدواداچوونە سەرەتاییەکانی پۆلیسی ئیتالیا دەری دەخـات کە ناوبراو سـەر بە گرووپی ناسـیۆنالیزمی رادیکاڵ بە نـاوی «گورگە خۆڵەمێشییە»کانە. تێک هەڵچوونەکانی ئەم گرووپە لە گەڵ چەپەکانی تورکیا لە دەیەکانی ٧٠ و ٨٠دا هـەزاران کـوژراو و قوربانی لێ کەوتەوە. ئاقجا لە مانگی نوامبەری **١٩٧٩**دا بە تاوانی کوشتنی سەر نووسەری رۆژنامەیەکی لیبـرِاڵ زیندانی و دادگایی کرا. بەڵام ناوبراو لە زیندانی ئەسـتەمبوڵ هەڵات، دادگاش بە بێ ئامادە بوونی «بە شێوەی غیابی» سزای مەرگـی بۆ برِیەوە. ناوبـراو پەنای بۆ وڵاتە جوراوجۆرەکانـی ئورووپایی بردو لە نیهایەت دا سێ رۆژ پێش ئەوەی هێرش بکرێتە سەر پاپ چۆوە ئیتالیا. لێرەوەیە کە تێوری پیلان جێگای وردەکارییـەکان دەگرێتەوە، ئەو لە لێ پرسینەوە سەرەتاییەکاندا گوتی: لە گەڵ گرووپە فەلەسـتینییەکان لە پیوەندی دایە، بەڵام دواتر دەزگای سیخوری بۆڵغارستان و «کا گ ب» دەزگای سـیخوری سۆڤیەتیی

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



دیمەنێک لە کاتی ڕووداوەکە

پێشووی تاوانبار کرد. ئەمە تیۆرییەکی جێی باوەر بوو. پاپ ژان پۆلی دووەم ڕەخنەگری توندی کۆمۆنیزم و ئیلهامدەری بزووتنەوەی هاوپەیوەندی و یەک دەنگی لە وەڵاتەکەی لەهێستان بوو. ئەم لێدوانانە بووە هۆی ئەوەی کە سێ هاووڵاتی بولغارستان و چوار هاووڵاتی تورکیا بکەونە ژێر چاوەدێرییەوە، بەڵام بانگەشە سەیر و سەمەرەکانی ئاقجا بە تایبەت ئەوەی کە گوایە ئەو حەزرەتی عیسایە و لێدوانەکانی دیکەی خستە ژێر پرسیارەوە، لە ئاکامدا ئەم حەوت کەسە کە لە ساڵی **١٩٨٦**دا لە لایەن دادگاوە هیچ تۆمەتێکیان لەسەر ساغ نەبۆوە، ئازاد بوون. ناوبراو لە ساڵی **١٩٨١** سزای زیندانی هەتاهەتایی بەسەر داسەپا بوو.

لێ بووردنی پاپ

پاپ ئەو کەسەی کە هێرشی کردبووە سەر، زوو بەخشی، ئەو لە ساڵی **١٩٨٣**داچۆوە زیندان و بۆ ماوەی **٢٠** خوولەک لەگەڵ ئاقجا قسەی کرد. پێداگربوو لەسەر ئەوەی کە ئەو قسانە بە نهێنی بمێنێتەوە، پاپ دواتر ڕای گەیاند کە ئاقجا پەروەردە کرابوو و، بە تەنیایی ئەو کارەی نەکردووە. بەڵام لەسەر ئەو بڕوایەش بوو کە هەم هێرش کردنەکە و هەمیش زیندوومانەوە لەسەر ئیرادەی خودا بووە. پاپ ئەو گوللەی کە لە لەشی هێنا بوویانە دەرێ بەخشییە زیارەتگای «فاتیمە» لە پۆرتوگال. چونکە لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە حەزرەتی مریەم لە ساڵی **١٩١٧** هەواڵی بە سێ کچ لەو دەڤەرە دابوو کە وەها ڕووداوێک وەڕاست دەگەڕێ. ئاقجا لە کاتی دادگایی کردنەکەیدا ئاماژەی بەم پێش ویژەیە کرد، پێداگری پاپ بووە هۆی ئەوەی ئاقجا لە ساڵی **٢٠٠٠**دا ببەخشرێ. ئەو ڕاپێچی تورکیا کراو سزای لە سێدارە دانیشی کەم کرایەوە بۆ **١٠** ساڵ زیندان. ئاقجا یەکجاری لە ساڵی **٢٠٠٦** ئازاد کرا، بەڵام لە سەرلەنوێ بە بڕیاری دادگای باڵای تورکیا قۆڵ بەست کرایەوە و پاشماوەی سزاکەی تێپەر کرد. ئەو هەروەها بەردەوام بوو لە سەر بانگەشە سەیروسەمەرەکانی و خۆی بە «مەسیح» دەناساندو باسی بە کۆتایی هاتنی دونیای دەکرد.

تۆڕە نهێنییەکان

ئایا ئاقجا خەیاڵاوییە، ئەو کەسانەی کە سەردانیان کردبوو دەیان گوت: وانیە «محەممەد عەلی بیراند» هەواڵنێرێکە کە سێ جار لە زینداندا سەردانی کردوە، ئەو کەسێکی نۆرماڵە کۆنترۆڵی بارودۆخی خۆی لەدەست دایە، بەڵام پڕە لە تیۆرییەکانی پیلان.

بەڕای من ئەو بە ئەنقەست ئەو جۆرە قسانە دەکا. ئەو حەز دەکا لە گەڵ میدیاکان گەمە بکا، دەیەوێ پارە بێتە گیرفانی. ئەو لەسەر ئەو بڕوایەی کە لەبەر خاتری پاپ نەبوایە سزاکەی ئەوەندە درێژەی نەدەخایەند. بە پێچەوانە وەدەست هێنانی پارە یەکێک لەو هۆکارانەیە کە وێ دەچێ ناوبراو هەی بووبێ.

پارێزەرەکانی ئاقجا دەڵێن کە ناوەندەکانی بڵاوکردنەوە پێشنیاریان پێ کردوە کە لە بەرامبەر مافی بڵاوکردنەوەی بەسەرهاتیدا ئامادەن سێ ملیۆن دولار بدەن. بەڵام هێشتا دیار نیە کە بەسەرهاتی ئەو چەندە ڕاست و جێی متمانەیە، ئەوەی لێرەوە جێی گومانە قەزییەی پەیوەندی ئەو لە گەڵ تورکیایە.

گرووپی گورگە خۆڵە مێشییەکانی کە ئاقجا ئەو کاتەی هێرشی کردە سەر پاپ لە گەڵ وان لە پیوەندی دابوو، لە گەڵ گرووپێکی نهێنی دیکە بە ناوی «گلادیۆ» پەیوەندی هەبووە.

تۆڕە نهێنییەکانی گلادیۆ کە لە سەردەمی شەڕی سارددا و بە پشتیوانی دەزگا سیخوریەکانی ئەمریکا بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ ئەگەری هێرشی سۆڤیەتیی پێشوو پێک هاتن. دەوترێ ئەم گرووپە هەم لە ئیتاڵیا و هەمیش لە تورکیا لە پشتی هێرش کردن و بۆمب ڕێژێکی گەورەدا بوون.

ئەم تۆڕە لە ئیتالیا خاشە بڕ بوون و نەماون، بەڵام پێ دەچێ لە تورکیا هێشتا هەر چالاک بن و لە پشتیوانی هەندێک مۆرەکای ئەرتەش کەڵک وەرگرن. دادگایی کردنی دەیان کەس کە بە تۆمەتی دەست تێوەردان لە چالاکییە نایاساییەکانی پەیوەندیدار بەو گرووپەوە هێشتا هەر بەردەوامە.

ئاقجا لە ساڵی **١٩٧٩** بە یارمەتی پاسەوانەکان، بۆ خۆی و هەندێ لە کەسانی دەستی ڕاستی بەناوبانگ بە شێوەی نهێنی لە زیندان ڕایان کرد، پاسپۆرتی تەزویری و پارەی پێویستیان بۆ چەندین مانگ سەفەر بۆ وڵاتە جوراوجۆرەکانی ئورووپایی تا کاتی هێرش بۆ سەر پاپ نایە ئیختیاری. ئەم وەرچەرخانە لە مێژووی تورکیادا کە بۆ بەر لە **١٩٨٠** دەگەڕێتەوە هێشتا ناڕوونە.

وڵات لە شپرزەیی و تەنگژی دابوو، گرووپەکانی چەپ و ڕاست لە گەڵ دەستێوەردانی مافیا و هێزە ئەمنییەتییەکاندا بەربوونە گیانی یەکتر. ئەگەر تێکڕای ئەمانە لە گەڵ بانگەشەی سەیر و سەمەرەکانی ئاقجا لەبەرچاو بگرین، ڕەنگە بتوانین بڵێین کە ڕاستی ڕووداوەکە هیچ کاتێک ئاشکرا نابێ. بۆ پیاوێک کە دوژمنی مەترسیداری زۆری هەیە ئەمە ڕەنگە خۆی باشترین پارێزەر بێ.

نووسینی: جاناتان هید

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# ئەم بەرنامەیە کاتت زۆر بۆ دەگەڕێنێتەوە

ن: ڕەسووڵ سێلەکە

بەرنامەیەکی باش بۆ ئەو کەسانەی کە بەردەوام رۆژانە سەردانی چەندین سایت دەکەن و هەروەها ئەو کەسانەی کاری ئامادە کردنی هەواڵ دەکەن و لە جیاتی ئەوەی بۆ ماوەی چەندین سەعات لە ناو سایتەکاندا بسووڕێنەوەو لەم ئینتەرنێتە خاوەی کوردستاندا ترافیک دروست بکەن، هەمووی ئەم کارانە لە چەند خولەکێکدا ئەنجام بدەن و نوێترین هەواڵەکان بەردەوام ببینن.

لە پێش دا باسێک لە ( rss ) یا (feed) دەکەین کە ئێستا ٩٥٪ ماڵپەڕەکان هەیانە. لەوانەیە هەمووتان لە ناو ئەم سایتانەی کە سەردانی دەکەن هێمایەکی بەم شێوەتان دیتبێ (rss) یا (feed). ئەگەر لە سەر ئەم هێمایە کلیک بکەن هەموو هەواڵ یا بابەتەکانی ئەم ماڵپەڕەتان بۆ ڕیز دەکا و بە خێرایی هەموو هەواڵ و بابەتەکانی ماڵپەڕەکەت نیشان دەدا.

ئێستا لینکی ئەم لاپەڕەیە هەڵگرن و لە شوێنێک وەک فایلێکی (text) یا (word)دا بیپارێزن. هەروەها سەردانی هەموو ئەم سایتانە بکەن کە ڕۆژانە سەردانی دەکەن و لینکی (rss) ی هەمووان لە فایلە(word)کەدا بپارێزن.

ئێستا بۆ ئەوەی هەموو جارێ نەچینەوە ناو ئەم ماڵپەڕانە پێویستتان بە بەرنامەیەکە کە ئەم لینکانە هەموو بە خێرایی بکاتەوەو لاپەڕەی (rss)ی هەموویانتان پێ نیشان بدا. بۆ ئەم مەبەستە چەندین بەرنامە هەیە کە لێرە باسی یەکێکیان دەکەین بە ناوی (feeddemon) کە لەم لینکەدا دەتوانن دای بەزێنن.

http:www.feeddemon.com\downLoad\
feed demoninstall.exe

کە بەرنامەکەتان (Install) کرد لە سەرەوەی بەرنامەکە لەسەر (snbscribe+) کلیک بکەن و لینکەکانی (rss) کە پێشتر پاراست بووتان هەرجارە و یەکێکیان دابنێن. کە هەموو لینکەکانتان دانا هەموو جارێک لە جێگای ئەوەی کە سەردانی ئەم هەموو سایتانە بکەن تەنیا بەرنامەی(peeddemon) بکەنەوە.

ئەو بۆ خۆی هەموو هەواڵ و بابەتەکانی هەمووی ئەم سایتانەتان خێرا بۆ ڕیز دەکا و پێتان نیشان دەدا. هەرکاتێکیش کە سەردانی ماڵپەرێکی دیکەتان کرد کە وا لینکی (rss)ی ئەویش لەم بەرنامەیەدا زیاد بکەن ئەویش دێتە ریزی ئەوانەوە.

## جوانترین و ناشیرینترین خەڵکانی جیهان

سەرژمێرییەکان دەڵێن:

پیاوانی سوئێدی و ژنانی نۆرویژی جوانترین خەڵکانی سەر گۆی زەوین.

بە پێی ئەو ڕاپرسییەی کە لە لایەن ماڵپەڕی "مردان زیبا"وە کراوە، سوئێد لە پیاوان دا و نۆرویژیش لە ئافرەتان دا بۆ جوانی یەکەمن. بە پێی ئەو ڕاپرسییە پیاوانی سوئێدی بە ٦٥٪ و ژنانی نۆرویژی بە ٧٦٪ لە جیهان دا بوونە یەک. یانی بە پێی ئەو سەرژمێرییانەی کە بۆ جوانی کراون، پیاوانی سوئێدی لە سەدا شەست و پێنجیان هێناوە ئافرەتانی نۆرویژیش لە سەدا حەفتا و شەش. کەواتە جوانترین پیاوانی جیهان سوئێدین و جوانترین ژنانیش نۆرویژین. کاتێک باسی جوانی دەکرێ لە پەنا ئەویش دا شتێک بە ناوی ناشیرین هەیە کەواتە دەبێ وڵاتگەلێکیش هەبن کە بۆ ناشیرینی پلەی یەکەمیان هەبێ لە جیهاندا. هەر بە پێی ئەو ڕاپرسییە خەڵکی ئینگلیز ناشیرینترین خەڵکانی جیهانن، واتە ١٢٪ی پیاوانی ئینگلیز جوانن یانی لە هەر هەشت پیاو یەکیان جوانە و ١٥٪ی ژنەکانیشی جوانن یانی لە هەر بیست ئافرەت دوو تا سێیان جوانن.

بە پێی ئەو سەرژمێرییە وڵاتەکانی سوئێد، بێرزیل و نۆرویژ لەو وڵاتانەن کە بەشی زۆری خەڵکەکەیان جوانن و وڵاتەکانی ئەڵمان و ئینگلستانیش لەو وڵاتانەن کە بەشی زۆری خەڵکەکەی ناشیرینن.

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# فەرهــــەنگ




**و: گوڵان ئوستاد رەحمانی**

فەرهەنگی ئینگلیزی ئاکسفۆرد بە یەکێک لە گرینگترین سەرچاوە ئەدەبییەکانی ئینگلیزی دەژمێردرێ کە نە تەنیا ئینگلیزی زمانەکان، بەڵکوو کەسانێکیش کە تەمای فێربوونی ئەو زمانەیان هەیە بوونی ئەو فەرهەنگە لە کتێبخانەکەیاندا بە پێویست دەزانن،چونکە ئەو فەرهەنگە ئاسان کاری بۆ واتای وشەکان و دووپات کردنەوەی مێژوو و بنج وبنەوانی دەستەواژەکان دابین دەکا. لە بەر گرینگی ئەو فەرهەنگە بە پێویستی دەزانین هەرچەند ئاماژەیەکی کورتیش بێ بە ژیاننامەی دانەرەکەی بکەین تا باشتر بیناسین.

## لە دایک بوونی جیمز:

«جیمز ئاگۆستۆس هندی موری» لە حەوتی فێوریەی ساڵی ١٨٣٧ی زایینی لە شارۆچکەی «دێن هۆلم» لە نزیک هاویک لە ئیسکاتلەند چاوی بە دونیا هەڵێنا. باوکی توماس موری دووکانێکی بچووکی پارچە فرۆشی هەبوو. جیمز کورە گەورەی خێزانەکە بوو کە هەر لە سەردەمی منداڵییەوەناچار بوو وەک قوتابی لە دووکانی باوکی توماسفێری کرین و فرۆشتن بێ تا لە داهاتوودا بتوانێ دووکانی پارچە فرۆشییەکە بەڕێوەبەرێ، بەڵام جیمز هۆگرییەکیسەیری بە فێربوونی دەرس بوو. لە تەمەنی چواردە ساڵیدا نەیتوانی درێژە بە خوێندن بدا، چونکە بنەماڵەکەی نەیان دەتوانی خەرجی کتێب و دەفتەری بۆ دابین بکەن. باوکی بیری کردەوە تەنیا نووسین فێر بێ بۆ جیمز تەواوە. بەڵام دەبێ ئەو هەرچی زۆرتر سەرگەرمی بازاڕ وکار بێ، بەڵامجیمز بە پێچەوانەهۆگرییەکی تایبەتی بە خوێندن بوو تا وای لێهات کە لە کلیسا کتێبی بە قەرز وەردەگرت و دەستی کرد بە فێربوونی زانست.

لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا بوو بە مامۆستای زمان لە قوتابخانەی هاویک.ناوبراو زۆر بە جیددییەوە دەستی کرد بە وانە وتنەوە. سێ ساڵ دواتر وەک باشترین مامۆستا وەرگیرا. لە ساڵی ١٨٦١کە هەنووکە ٢٤ ساڵی بوو، لە گەڵ مامۆستایەکی مۆسیقا بە ناوی «مەگی ئەسکات»ئاشنا دەبێ.بە جۆرێک جیمزی بەر دڵی کەوت و ئەویناری یەکتری بوون تا ئەوەی کە پێکەوە ژیانی هاوبەشیان پێک هێنا. دوو ساڵ پاش ژیانی هاوسەرێتی کچێکیان بوو بە ناوی «ئانا». بەڵام ئانا بە هۆی نەخۆشی ئازارەباریکەوە تا سەر نەژیا. خۆشبەختی ئەو بنەماڵەیە تا سەر نەبوو (ئانا) بە هۆی نەخۆشی سیل گیانی لە دەست دا. ئەو نەخۆشییە وای لێکردن بە قسەی دوکتورەکان برۆن بۆ لەندەن تا بەر سەرماو سۆڵەی ئیسکاتلەند بە دوور بێ بۆ ئەوەی زیاتر لە ژیاندا بمێنێتەوە. لەو کاتەدا جیمز لە یەکێک

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ـــــی ئاکسفۆرد




لە بانکەکانوەک ژمێریارێکی سەرکەوتوو وەرگیرا و شـــەوانەش درێژەی بـــە خوێندنی ئەدەبیاتی ئینگلیزی دەدا. خێزانی(مگی) دوای ماوەیەکی کورت کە لە لەندەن نیشـــتەجێ بوون بە هۆی نەخۆشـــی توندی ســـیل گیانی لە دەست دا و ماڵاوایی لە دونیا کرد. یەک ســـاڵ دواتر جیمز جارێکی دیکە بڕیاری دا ژیانی هاوبەش لەگەڵ «ئادا ئاگنس روتون» پێک بێنێ. جیمز بوو بە خاوەن ١١ منداڵ و خێزانێکی گەورە.

**جیمز روی کـــردە فێربوونـــی کولێژی زمان ناسی:**

جیمزهۆگرییەکی زۆری بە بەشێک لە مێژووی زمان لە بەشـــی دەرون ناســـی پەیدا کردبوو. ئەو زمانەکانی (ئیتالی، فەڕانســـی، ئیســـپانی، لاتینـــی، پۆرتۆگالی) دەزانـــی و لێکۆڵینەوەی لەســـەر دەکردن. لـــە ســـاڵی ١٨٩٦دا بوو بە ئەندامی ئەنجومەنی زمان ناســـی پاشـــایەتی و لە وانە وتنەوەی زمان ناســـی بەردەوام بوو و سەرپەرستی قوتابخانەی «ملهێر» لە لەندەنی گرتەئەســـتۆ. لە ٢٦ی ئاوریلی ســـاڵی ١٨٧٨ لە زانکۆیئاکســـفۆرد بانگهێشـــت کرا هەتا لەسەر مێژووی زمان ناسی قسە بکا.ئەو کات بوو کە بە مێشکی داهات و بڕیاری دافەرهەنگێک دانێ و پێشـــکەش بە مێژوو و خەڵکەکەی بکا. ئەو تا کۆتاییەکانی تەمەنی دەســـتی لە نووسین و فێر بـــوون هەڵ نەگرت وپەڕتووکێکی ٧ هەزار لاپەڕەیی لە چوار بەرگ دا نووســـی. ئەو نەک هەر تەنیا واتا و پێناســـەی وشەکانی بە دەست هێنابوو، بەڵکوو لەســـەر ریشەی هەر بابەتێک لێکۆڵینـــەوەی دەکرد.کارێکی یەک جار قورس و بە زەحمەت بوو.جیمز ماڵێکی گەورە و باشی لە باکووریئاکسفۆرد دروست کرد و کۆمەڵێک لە زمان ناســـەکان کە زۆربەیان زانا بوون، زانیاری خۆیان لـــە ئیختیاری جیمز دانـــا، جیمز ژیانی خـــۆی تەرخان کرد بۆ نووســـین و لێکۆڵینەوە لەسەروشە و زاراوەکان. ئەو دەیویست خزمەت بەوکەسانە بکا کە دەیان هەوێ بخوێنن و بنووسن.ئەو لەو کارەکانیدا ئەوەندە وردو بوو کە هاوکارەکانـــی ماندوو دەکرد.فەرهەنگی ئاکسفۆرد لە لایەن لێژنەی زمان ناسییەوە نازناوی (ســـر)ی بە دەســـت هێنا. ئەو بە نەخۆشی شـــێرپەنجەی ریخۆڵە رۆژ بە رۆژ بە شـــێوەیەک بەرەو لاوازی دەڕۆیشت کە لە تەمەنی ٧٨ ســـاڵیدا واتە لە ٢٦ی جولای ١٩١٥ی زایینیدا ماڵئاوایی لە ژیان کرد و لە ئاکسفۆرد بە خاک سپێردرا. کچە گەورەکەی جیمز بە ناوی ئێلیزابێت موری ژیان نامەی باوکی لە کتێبێکدا بە ناوی «داگیر کردنی وشـــەکان» دوای مەرگی باوکی نووسی و زۆر لە مامۆســـتاکانی زانکۆ و پرۆفسۆرەکان دوای مەرگی «جیمز» بە شێوەی جۆراوجۆر باســـی فەرهەنگی ئینگلیزی ئاکســـفۆردی جیمزیان دەکرد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# هەژدە خولی مۆندیالی (جام



**ئا: لاوان**

لە هەژدە خولی پێشووی جامی جیهانی تۆپی پێ (مۆندیال) کە لە ساڵی **١٩٣٠**ی زایینییەوە دەستی پێ کردوەو لە **١٥** وڵاتی جۆراوجۆردا بەڕێوە چووە، بە گشتی **٧٠٨** یاری و **٢٠٦٣** گۆڵ کراوە. هەروەها **٧٧** ئەندامی فیدراسیۆنی جیهانی تۆپی پێ واتە فیفا، لەم یارییانەدا بەشدارییان کردوە کە هێندێکیان لە جارێک زیاتر نەیان توانیوە بەشداری ئەو پێشبڕکێیانە بن.

**سەرکەوتووترین تیم:** بڕێزیل بە وەرگرتنی **٥** نیشانەی قارەمانەتی لە ساڵەکانی **١٩٥٨**، **١٩٦٢**، **١٩٧٠**، **١٩٩٤** و **٢٠٠٢**دا سەرکەوتووترین تیم بووە. بە دوای ئەودا ئیتالیا بە **٤** نیشانەی قارەمانەتی لە ڕیزی دووهەم و ئەڵمانیش بە **٣** قارەمانەتی لە ڕیزی سێهەم دان.

**بێ شانسترین فیناڵیست:** ئەڵمان لە فیناڵی مۆندیالەکانی **١٩٦٦**، **١٩٨٦** و **٢٠٠٢**دا پلەی دووهەمی هێناوە، واتە بوو بە دوو.

**زۆرترین ڕادەی بەشداربوون لە جامی جیهانیدا:** بڕێزیل توانیویە بچێتە هەر **١٩** خولی مۆندیال و چونکە ساڵی **٢٠١٤**ش خانەخوێیە و یارییەکان لەم وڵاتەدا بەڕێوە دەچن، بەشدار بوونی مسۆگەرە. ئەڵمان و ئیتالیاش هەردووکیان توانیویانە **١٧** جار بەشداری پێشبڕکێکانی مۆندیال بکەن کە دەکەونە ڕیزی دووهەمەوە.

**زۆرترین گوڵ لێدان:** بڕێزیل لە **٩٢** پێشبڕکێدا **٢٠١** گوڵی لێ داوە.

**زۆرترین گوڵ لێدراو:** ئەڵمان لە **٩٢** پێشبڕکێدا **١١٢** گوڵی لێ دراوە واتە، **١١٢** گوڵی خواردووە.

**زۆرترین براوە:** بڕێزیل **٦٤** جار بردوویەتییەوە.

**زۆرترین دۆڕاو:** مێکزیک **٢٢** جار دۆڕاندوویەتی.

**کەمترین گوڵ لێدان لە لایەن تیمێکەوە:** زئیر (کۆماری دیموکڕاتیکی کۆنگۆی ئێستا)، ئەندۆنێزی (هند شرقی هلند)، کانەدا، ترینیداد و تۆباگۆ، چین و یوونان هیچ گوڵێکیان لێ نەداوە.

**باشترین هێرشبەران:** مەجارستان لە **٣٢** یاریدا **٨٧** گوڵی لێداوە، یانی بە شێوەی مام ناوەندی **٢،٧** گوڵ لە هەر یارییەکدا.

**خراپترین بەرگریکار:** زئیر و هائیتی لە **٣** یاریدا **١٤** گوڵیان خواردوە یانی بە شێوەی مام ناوەندی **٤،٧** گوڵ لە هەر یارییەکدا.

**لەسەرەوەبوونی زیاترین گوڵ:** بڕێزیل بە **١١٧+**

**لە خوارەوەبوونی گوڵ:** مێکزیک بە **٣٤** ـــ

**باشترین گوڵکار (گلزن) لە خولی کۆتاییدا:** «ژووسێت فانتین»ی فەڕانسەوی لە مۆندیالی **١٩٥٨**دا **١٣** گوڵی لێدا. دەکرێ ئەم ناو و نیشانە بۆ ڕۆناڵدۆی بڕێزیلیشی دانێین کە لە **٣** مۆندیالدا زۆرترین گوڵ واتە **١٥** گوڵی لێداوە. بەر لەو «گرد مولر»ی ئەڵمانی بە **١٤** گوڵ لە **٢** مۆندیالدا ڕێکۆردی شکاند.

**باشترین گوڵکار لە دوو خولی هەڵبژاردن دا:** عەلی دایی خەڵکی ئێران بە لێدانی **٣٥** گوڵ.

باشترین گوڵکار لە یەک خولی یاریدا: «اولگ سالنکو» لە ڕووسیە کە یاری بەرامبەری «کامرون» لە قۆناغی دەسپێکی جامی **١٩٩٤**دا پێنج گوڵ لە شەش گوڵی تیمەکەی

لە

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# جیهانی) تۆپی پێ

بەدەست هێنا. «اوزه بیو» لە پۆرتۆغاڵ (جامی ١٩٦٦) و «امیلیو بوتر اگوئنو» لە ئیسپانیا (جامی ١٩٨٦) هەرکامیان بە لێدانی چوار گوڵ لە یەک پێشبڕکێدا کەوتنە ڕیزی دووهەم.

**زۆرترین گوڵی مۆندیال:** لە مۆندیالی ١٩٩٨ فەڕانسە لە ٦٤ پێشبڕکێدا ١٧١ گوڵ.

**کەمترین گوڵی مۆندیال:** لە مۆندیالی ١٩٣٠ «اوروگوئە» و ١٩٣٤ ئیتالیا لە ١٨ و ١٧ پێشبڕکێدا ٧٠ گوڵ.

نێونجی زۆرترین ڕادەی گوڵ: ٥,٣٨ گوڵ لە هەر یارییەک لە مۆندیالی سوئیس لە ١٩٥٤دا.

**نێونجی کەمترین ڕادەی گوڵ:** ٢,٢١ گوڵ لە هەر یارییەک لە مۆندیالی ئیتالیا لە ١٩٩٠دا.

زۆرترین گوڵی یاری: ١٢ گوڵ، یانی لە پێشبڕکێی دوو تیمی ئۆتریش و سوئیس لە مۆندیالی ١٩٥٤دا، بە ئاکامی ٧ بە ٥ بە قازانجی ئۆتریش کۆتایی پێ هات، بە هەرکیان دەبنە ١٢ گوڵ.



- **زۆرترین جیاوازی گوڵ:** ٩ گوڵ، یانی لە پێشبڕکێی دوو تیمی «یوگسلاوی» و زئیر ٩ بە هیچ لە مۆندیالی ١٩٧٤دا بە قازانجی «یوگسلاوی» و لە پێشبڕکێی مەجارستان و ئۆلسالوادۆر لە مۆندیالی ١٩٨٢دا بە ئاکامی ١٠ بە ١ بە قازانجی مەجارستان تەواو بوو.

**زۆرترین گوڵی فینال:** پێشبڕکێی دوو تیمی برێزیل و سوئید لە مۆندیالی ١٩٥٨دا کە بە ئاکامی ٥ بە ٢ بە قازانجی برێزیل کۆتایی پێ هات.

کەمترین گوڵی فینال: پێشبڕکێی تیمەکانی برێزیل و ئیتالیا لە مۆندیالی ١٩٩٤دا بە وەختی یاسایی و وەختی ئیزافیشەوە هیچ گوڵێک لێ نەدرا، واتە، بە بێ گوڵ کۆتایی هات، بەڵام ئاکامی ئەم یارییە لە پناڵتیدا ٣ بە ٢ بە قازانجی برێزیل تەواو بوو.

**خێراترین گوڵی مۆندیال:** هاکان شوکور هێرشبەری تورکیە بە کورەی باشوور لە مۆندیالی ٢٠٠٢ لە چرکەی یازدەیەمی یاریدا گوڵی لێدا.

**زۆرترین ڕادەی تیمەکان لە یارییە هەڵبژاردووەکاندا:** ١٩٨ تیمی ئەندامی فیفا بۆ چوون بە مۆندیالی ٢٠١٠ی ئەفریقای باشوور کەوتنە قۆناغی هەڵبژاردنەوە.

**پڕکێشەترین خولی مۆندیال:** لە مۆندیالی ٢٠٠٦دا ٢٨ کارتی سوور و ٣٤٥ کارتی زەرد دراوە.

**پڕکێشەترین یاری مۆندیال:** پێشبڕکێی هولەند و پۆرتۆغاڵ لە مۆندیالی ٢٠٠٦دا ٤ دەرکراو و ١٦ هوشداری بووە.

کەمترین کارتی سوور: لە مۆندیالی ١٩٧٠دا مێکزیک هیچ یاری زانێکی دەرنەکرا.

**زۆرترین بەشداری کردنی یاری زانێك لە مۆندیالەکان دا:** «لوتار ماتێوس»ی ئەڵمانی بە بەشداری کردنی لە ٥ خول و ٢٥ پێشبڕکێدا.

**یاری زانێك کە زۆرترین شانازی بەدەست هێناوە:** «پلە» لە سێ مۆندیالی ١٩٥٤، ١٩٦٦ و ١٩٧٠ لە گەڵ تیمی برێزیلدا بووە قارەمان.

ڕاهێنەرێک کە خاوەن شانازی زۆر بێ: ویتۆریۆ پۆتسۆ، ڕاهێنەری تیمی نەتەوەیی ئیتالیا، دوو جار واتە لە ساڵەکانی ١٩٣٤ و ١٩٣٨دا ئیتالیای کردە قارەمان.

**یاری زانێکی ڕاهێنەر کە خاوەن شانازی زۆر بێ:** ماریۆ زاگالۆ لە ساڵی ١٩٥٨ و ١٩٦٦دا وەک یاری زان و لە ساڵی ١٩٧٠دا وەک ڕاهێنەری برێزیل بۆ مۆندیال هەڵبژێردرا. «فرانتس بکن باوئر»یش لە ساڵی ١٩٧٤دا وەک کاپیتان و لە ساڵی ١٩٩٠دا وەک ڕاهێنەر لە گەڵ تیمی ئەڵمان بووە قارەمانی مۆندیال.

وێ دەچێ ئەمساڵیش (٢٠١٠) «دۆنگا» ڕاهێنەری برێزیل و «مارادۆنا» ڕاهێنەری ئارژانتین ناویان بەم پێرستەوە زیاد بێ.

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وتووێژی گۆڤاری لاوان لەگەڵ لاوی وەرزشوان

## سەلاح خەلیل بەیگی

# شکەستەکانم کردوونەتە ئەزموون بۆ سەرکەوتنم




**لاوان :پێمان خۆشە سەرەتا لە زمانی خۆتەوە،خۆت بە خۆینەرانی گۆڤاری لاوان بناسێنی.**

سەلاح:ئیزنم بدەن بەر لەوەی کە خۆم بە خوێنەرانی گۆڤاری خۆشەویستی لاوان بناسێنم، سوپاستان بکەم کە ئەو دەرفەتەتان بۆ من ڕەخساند و هەروەها لەم دەرفەتەکەڵک وەردەگرم ولە ڕێگای ئەو گۆڤارەوە سڵاوو ڕێزی خۆم دەنێرم بۆ هەموو لاوان و خوێنەرانی گۆڤاری لاوان. من ناوم سەلاح خەلیل بەیگییە وخەڵکی گوندی سەرباغچەم کە سەر بە شاری بۆکانەو لە دایک بووی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاویم،ئێستاش پێشمەرگەم و ئەندامی یەکیەتی لاوانم ولە خزمەت ئێوەدام.

**لاوان: چۆن ولە کوێ دەستت بە وەرزش کرد؟**

سەلاح: بە داخەوە لە سەردەمی منداڵی ئێمە، ئیمکانات بەو شێوەیەی کە ئێستا هەیە نەبوو کە بتوانین بە شێوەیەکی ڕێکوپێک یان بڵێین بە بەرنامە وەرزش بکەین یان خۆمان ڕابێنین، بەڵام هەروەک زۆربەی منداڵانی کورد ڕۆژانە لەگەڵهاوتەمەنەکانی خۆم لە کوچەو کۆڵانفوتباڵمان دەکردوهەندێک یاری تریشمان جیا لە فوتباڵ دەکرد، بەڵام زۆرتر فوتباڵمان دەکرد.

**لاوان: چۆن بوو کە وەرزشی ڕەزمی «کۆنگفوت» هەڵبژارد؟**

سەلاح: دیارە من تەنیا هەر ئەو وەرزشەم نەکردووە، بەڵام ئەوەی کە دەتوانم بڵێم تا ڕادەیەک تێیدا سەرکەوتوو بووم «کۆنگفۆ»بووە ئەویش بە ڕاستی هەر لە منداڵییەوە عەلاقەیەکی سەیرم پێی بوو، بەڵام ئەوەی کە زیاتر منی هاندا بۆ ئەو بوارە، برا گەورەکەم بووکە بۆ خۆی فووتبالیستێکی باش بوو و هەمیشە دەی گوت:»تۆ بۆ «کۆنگفۆ» باشیو جگە لەوەش خۆم بەدواداچوونی هونەرە ڕەزمییەکانم دەکردو زۆرم ئۆگری پێیان بوو تا وای لێهات براکەم بردمی بۆ لای دۆستێکی خۆی کە کلاسی ڕەزمی هەبوو.

**لاوان: تاکوو ئێستا هیچ پلەیەکت لە وەرزش دا بە دەست هێناوە؟**

سەلاح:بەڵێ لە گەڵئەوەی دا زۆر جاران تووشی شکستیش هاتووم، بەڵام قەت بەو شکستانە سارد نەبوومەوەو درێژەم بە کارەکەی خۆم داوەو ئەوشکستانەم کردوونە ئەزموون بۆ سەرکەوتنم . لە ئێران چەند جارێک پلەی دووم و سێهەمم بەدەست هێناوە کە جارێکیان لە تاران کارم دەکرد، بەڵام شەوانە دەچووینە تەمرین لە گەڵ هاوڕێیەکی خۆم بۆیە توانیمان وەک ئەندامی ئەو باشگایە بەشداری لە کێبەرکێ بکەین کە چەند باشگایەک لە نێوان خۆیاندا پێکیان هێنابوو کە لەوێ دا من پلەی دووهەمم بە دەست هێناو لە لایەن لێژنەی ئەو کێبەرکێیانەوە خەڵات کرام، دوای ئەوەش کەهاتمە نێو ڕیزی تێکۆشەرانی دێموکرات لە باشووری کوردستان لێرەش وازم نەهێنا و هەر بەردەوام بووم.لە هەموو هەلێک کەڵکم وەرگرتووەو درێژەم بە وەرزشی خۆم داوە سێ جاریش بەشداریم لە کێبەرکێکاندا کردووەلە باشووری کوردستان کە لە دووانیاندا پلەم وەدەست هێناوەو تەنانەت جارێکیان وەک نەفەراتی نموونەی پارێزگای هەولێر لە گەڵ چەند نەفەرێک هەڵبژێردرام بۆ کێبەرکێ لە وڵاتی ئۆردۆن، بەڵام بەداخەوە من بە هۆی ئەو بارودۆخەی کەئێمە تێیدایین نەمتوانی بەشداری بکەمو جگە لەوەش زستانی ساڵی ١٣٨٨لە هەولێر وەک ڕاهێنەر لە لایان لێژنەی ئۆلەمپیکی کوردستان هەڵبژێردرامو لە لایەن ئەو لێژنەیەوە خەڵات کرامو پلەی سێهەمم پێ بەخشرا ئێستاش

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەندامی هەڵبژاردەی »کۆنگفۆی« کۆیەم.

**لاوان: هۆکاری سـەرکەوتنی خۆت بۆ چ دەگەڕێنیەوە؟**

سەلاح:سـەرکەوتن هەسـتی بـاوەڕ بەخۆبوونوئیـرادەی دەوێ،تـۆ کەئیـرادەت هەبوو دەتوانی لە هەرکارێکو هەر ئامانجێک کە مەبەسـتت بێ پێی بگەیو پاشـان هۆی سـەرەکی سەرکەوتنی خۆم جیا لەوانەی باسم کرد دەشـگەڕێنمەوە بۆ هەوڵو ماندوو بوونی مامۆستاکانم کە یارمەتیان کردوومو زەحمەتیان لە گەڵ کێشـاوم،بۆیە هەر لێرەوە هەم ناویان دەبەمو هەمیش سوپاسـیان دەکەم و هیوای تەمەن درێژیان بۆ دەخـوازمو هیوادارم هەروا لەخزمـەت بە لاوانو منداڵانـی وڵاتەکەیان دابن. مامۆستاکانم بریتی بوون لە: ۱: مامۆستا جه عفـه ر ی جـۆکالا کە ماوەیەکـی زۆر لە لای بووم. ۲: مامۆستا یوونس فەرهەنگ نیا کە هەوڵکی زۆری لەگەڵ داوم. ۳:مامۆستا پشتیوان قادر لە کۆیە کەبەڕاسـتی زۆری یارمەتی داوم تەنانەت زۆر جاران جگە لە یارمەتی مەعنەوی یارمەتی ماڵیشی کردوومبەڕاستی زۆر سوپاسیان دەکەم.

**لاوان:بەنیازی لە داهاتووشـدا درێژە بەم وەرزشە بدەی؟**

سەلاح:بەڵێ، هەرچەندە ئێستا ئێمە بە داخەوە لـە تاراوگـە دەژین و رەنگە ئـەو ئیمکاناتو دەرفەتەمان نەبێ چۆن بە هەر حاڵ ئێمە وەک خەڵکی ئاسـایی نینو ئەرکێکی زۆر قورسمان لە سەر شانە، بەڵام بەوحاڵەشەوە من وەرزشی خۆم کردووە جگە لەوەی کە بەردەوام تەمرینم کردووەو هاوکاری مامۆسـتا یوونس و مامۆستا پشـتیوان لە شـاری کۆیە بووم لـە ڕاهێنانی منداڵانو لاواندا، ئارەزووم ئەوەیە ئەگەر تەمەن مەودا بـدا ڕۆژێک بتوانم خزمەتێک بە لاوانی وڵاتەکەم لەو بوارەدا بکەمو تا ئەو جێگایەی کە ئیمکانی هەبێ درێژەی پێبدەم.

**لاوان: چ پەیامێکت بۆ لاوانی کوردستان هەیە؟**

سـەلاح: داوا لە لاوانی وڵاتەکـەم دەکەم هەستی باوەر بە خۆ بوونیان هەبێو روو بکەنە وەرزشو وەرزش بکەنە یەکێک لە بەرنامەکانی ژیانی ڕۆژانەی خۆیـان، چۆنکە وەرزش جگە لەوەی لە باری لەش سـاغییەوەقازانجی زۆرە، بەڵکوو لە سـەر گیانو رەوانـی مرۆڤەکانیش کاریگـەری پۆزەتیفی هەیە. مـن خۆم هەر کات ڕاهێنـان دەکەمهەسـت بە ئاسوودەیەکی تەواو دەکەمو جگە لەوانەش پێموایە وەرزش یەکێـک لەو شـتانەیە کە ئێمـە دەتوانین خۆمانـی پـێ بنا سـێنین یا نیە یا مـی خۆمانی پێ بگەیەنین بـۆ نموونەدەڵێیـن فـلان وەرزشـوانی کـورد لەیەکێـک لە وڵاتانی دەرەوە پلەی وەدەسـت هێنا و... هتد،ئـەوە جێـگای فەخر و شـانازییە بۆ ئێمەوهیوادارم لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەمـوو رووبکەنـە وەرزشو نەچـن بە دوای هێندێـک دیاردەی ناشـیرین وەک ئیعتیادو... کـە کۆمـاری ئیسـلامی بەو بە ر نا مە یـە کۆ مە ڵـگای کوردسـتانی تووشـی ئەو بـەڵا ماڵ وێرانکەرە کـردووە بە تایبەت لاوەکان کـە دەبـێ لاوەکان بە هەسـت بە بەرپرسـیایەتی کردنەوەهەم خۆیان لە تووش بوون بپارێزن و هەمیش کەسانی دەوروبـەری خۆیان لـەم جینایەتەی کۆماری ئیسـلامی دەرهەق بە لاوانی وڵاتەکەمان وشیار بکەنەوە.

**لاوان: سـپاس بۆتۆ کاک سەلاح هیواداریـن کە هەر بەردەوام بی.**

سەلاح: سپاس بۆ ئێوەش هیوادارم کـە ئێـوەش سەرکەوتوو بن.







کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# سەردانی بەڕێزان خەجیج مەعزووری و زیبا سەروەری لە سکرتاریەتی لاوان

سەرلە بەیانی رۆژی شەممە رێکەوتی ٢١ی خاکەلێوەی ٢٧١٠ی کوردی بەرامبەر ١٠ی نیسانی ٢٠١٠ی زایینی بەڕێزان خوشکە خەجیج مەعزووری ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بەرپرسی بونیادی پشتیوانی لە رێکخراوە دێموکراتیکەکان هاوڕێ لە گەڵ خوشکە زیبا سەروەری ئەندامی حیزب سەردانی بنکەی سکرتاریەتی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی رۆژهەلاتی کوردستانیان کرد.

ئەم شاندە لە لایەن مەنسوور سەممار سکرتێری یەکیەتی لاوان، سمکۆ عوسمانی ئەندامی کومیتەی بەڕێوەبەری، سەلاح خەلیل بەیگی، ئایەت موورادی فەڕ و سیامەند شێخەپوور ئەندامی یەکیەتی لاوان پێشوازیان لێ کرا.

لەم دانیشتنەدا دوای بە خێرهاتنی گەرمی میوانان لە لایەن شاندی لاوان، باس لە چۆنیەتی کاروباری هەنووکەیی یەکیەتی لاوان و باروودۆخ و شوێنی یەکیەتی لاوان لە ناو حیزبی دێموکرات و کۆمەڵگای ئێران کراو هەردوو لا لەمەڕ ئەم بابەتانە بیرورایان ئاڵ و گۆڕ کرد.

# بەشداری کردنی هەیئەتێکی یەکێتی لاوان لە شازدەیەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی رێکخراوی گشەپێدانی قوتابیانی کوردستان

هەیئەتێکی یەکێتی لاوانی دێموکراتی رۆژهەلاتی کوردستان رۆژی هەینی ٢٠ی خاکەلێوەی ٢٧١٠ی کوردی بەرامبەر بە ٩ی نیسانی ٢٠١٠ زایینی کە پێک هاتبوو لە بەڕێزان عەبدوڵلا عەبدوڵلاپوور جێگری سکرتێری گشتی، گزینگ نوورانی ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی و وریا سالح زادە بەرپرسی کومیتەی کۆیەی یەکێتی لاوانی دێموراتی رۆژهەلاتی کوردستان

بە بۆنەی شازدەیەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی رێکخراوی گەشە پێدانی قوتابیانی کوردستان سەردانی رێکخراوی ناوبراویان کردو پیرۆزبایی ئەو رۆژەیان لێکردن و لە لایەن بەڕێزان عەلی حەمید عومەر بەرپرسی لقی کۆیەی رێکخراوی گەشەپێدانی قوتابیان و ئەندامانی کومیتە بە گەرمی پێشوازیان لێکرا.

شایانی باسە لەو سەردانەدا کۆمەڵێک بابەتی سەردەمیانە و رێکخراوەیی و پێوەندیدار بە هەردوو لایەنەوە هاتە بەرباس و گفتوگۆکردن و جەخت لەسەر هاوکاری و پێوەندی بەردەوامی نێوان هەردوولا کرایەوە.

شایانی باسە ئەم سەردانە نزیکەی کاتژمێرێکی خایاند.

# سەردانی شاندێکی یەکیەتی لاوان لە تێکۆشەرێکی دێرین



رێزلێنان لە تێکۆشەرانی دێرینی رێگای رزگاری کوردستان ئەرکی هەموو لاوێکە دوانیوەڕۆی رۆژی دووشەممە رێکەوتی ٢٢ خەرمانانی ٢٧١٠ی کوردی بەرامبەر ١٢ نیسانی ٢٠١٠ ز. شاندێکی یەکیەتی لاوان کە پێک هاتبوو لە بەڕێزان مەنسوور سەممار سکرتێری گشتی، عەبدوڵلا عەبدوڵلاپوور جێگری سکرتێر، عەزیز عەزیزی ئەندامی بەڕێوەبەری، شلێر مەحموودی ئەندامی جێگری بەڕێوەبەری، و فەریدوون عەبدولی بەرپرسی کومیتەی ئامیریە و ئایەت موورادی فەڕ ئەندامی چالاکی یەکیەتی لاوان سەردانی تێکۆشەری دێرینی گەلەکەمان و حیزبی دێموکراتی کوردستان مامە قالەی عەبدوڵلاهی ناسراو بە «مامە قالەی سوتوو» کرد، ناوبراو بێ دابڕان لە کۆماری مەهابادەوە تا هەنووکە لە ریزی کاروانی خەباتی گەلەکەماندا بێ ماندوو بوون بەردەوام لە هەوڵ و تێکۆشان دایە.

لەم چاوپێکەوتنەدا وێڕای پێشوازی گەرم لە لایەن مامە قالە و بنەماڵەکەی لە شاندی یەکیەتی لاوان لاپەڕە دوورو درێژەکانی ژیانی پڕ لە سەروەری مامە قالە لە لایەن خۆیەوە خرایە بەر چاوی





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# یەکیەتی لاوان کۆبونەوەیەکی گشتی بۆ ئەندامان پێک هێنا

ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ۳ی پووشپەڕی ۲۷۱۰ی کوردی یەکیەتی لاوان کۆبونەوەیەکی بەڕێوە برد.

لەو کۆبونەوەیەدا کە سکرتێری گشتی یەکیەتی لاوان بەڕێز «مەنسوور سەممار» لە یەکیەتی لاوان لە یەک ساڵی ڕابردوودا و کار و چالاکی هاوینی پێک هێنا کە زیاتر لە دوو کات ژمێری خەیاند، بە بەشداری ئەندامان یەکیەتی لاوان پێک هات کە باس لە کار و چالاکی، پێشنیار و ڕەخنەگرتن کرا. هەروەها بەڕێز مەنسوور سەممار باسی پەرەپێدانی کاری ئەندامان و کرانەوەی کلاسی ئامووزشی و بەشداربوونی ئەندامان لەو کلاسانە و کار و چالاکی هاوینی ئەندامان کرد. شایانی باسە کە بەشداربووان بەشدارییەکی چالاکانەیان لە کۆبوونەوەکەدا کرد و بە ڕەخنە و پێشنیار کۆبوونەوەکەیان دەوڵەمەندتر کرد، هەروەها دووپاتیان کردەوە کە دەبێ یەکیەتی لاوان پەرە بە چالاکییەکانی بدا و وەک هەمیشە لاوان پێ بگەیەنێ تاکوو جێگای شایانی خۆی بدۆزێتەوەو لە ناو دڵی لاوان دا بە گشتی جێگای خۆی بکاتەوە.











www.lawan.com

# ــــــی ڕێگای ڕزگاری کوردستان بەریز «مامە قالەی سوتوو»

ئامادە بووان. شاندی لاوانیش وێڕای دەستخۆشی و ماندوو نەبوون، گوێ بیستی ئەزموونە بەنرخەکانی ئەو تێکۆشەرە بوون تا لە داهاتوودا بیکەنە هەوێنی کارە حیزبی و ڕێکخراوەیەکانیان. هەروەها مامە قالە داوای لە لاوان و گەنجان کرد کە ئەو ئەمانەتەی (حیزبی دێموکراتی کوردستان) کە لە لایەن ئەوانەوە گەیشتۆتە نەوەی نوێی گەلەکەمان بە گیان و دڵ بیپارێزن و هیوای سەرکەوتنیشی بۆ خواستن.

تێکۆشەری دێرینی گەلەکەمان لە بەشێک لە قسەکانی دا وتی: «ئێمە زەحمەتمان کێشاوە و تەحویلی ئێوەمان داوە ئەمانەتێکە بۆ ئێوەیە بۆ ئێمە نیە، بەڵام ئەو ئەمانەتە بە نۆرەی خۆم بە پاکی تەحویلی ئێوەی دەدەم من لەو ڕۆژەوە کە حیزبیم یەک دیناری حیزبیشم بەلاوە نەهاتووەو گەورەترین ئیفتخاری من ئەوەیە کە بە پاکی کوردایەتیم کردوەو دڵی کەسم نەهێشاندووەو داواشم لە لاوانی کورد ئەوەیە کە درێژە دەری ڕێگای ئێمەمانان بن و نەکەن کوردستان بۆ ساتێکیش بە جێ بهێڵن. من بۆ خۆم بۆ ساتێکیش کوردستانم جێ نەهێشتووەو جێی ناهێڵم، چونکە من حیزبایەتیم نەکردووە و کوردایەتیم کردووەو کوردایەتی دەکەم و خزمەت بە کوردستانەکەم دەکەم و ڕۆژێک دێ کە هەر چوار پارچەی کوردستان ئازاد دەبێ و جیهان بەرەو پێشەوە دەڕوا و ناگەڕێتە دواوە. ئێوە ئومێدی داهاتووی حیزبن لاوان هیوای هەموو وڵاتێکن، جا بۆیە کوردستان چاوی لە ئێوەیە و کوردستان بە لاوان دەسپێردرێ لە داهاتوودا هەموو خەڵک هیوای بە لاوەکانە.

دوای ۳ کاتژمێر وت و وێژی دۆستانە شاندی لاوان لە لایەن ئەو بەڕێزەو بنەماڵەی خۆشەویستیەوە بە گەرمی بەڕێ کران.

مامە قالە عەبدوڵلاهی ساڵی ۱۳۰۵ی هەتاوی لە گوندێکی بانە لە دایک بووەو لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا لە ڕێگای مامۆستا مەلا «برایمی حیکمەت»ەوە بۆتە ئەندامی کۆماری کوردستان لەو کاتەوە بە بێ دابڕان لەگەڵ حیزبی دێموکڕاتی کوردستان خەباتی کردووەو لە سەردەمی محەمەد ڕەزاشادا ٦ ساڵ زیندانی کراوەو لە سەرەتای ساڵی ٦٠ی هەتاوییەوە کەم ئەندام بووەو تاکوو هەنووکەش لەناو ڕیزەکانی حیزبی دێموکڕات دا لە خەبات و تێکۆشان بەردەوامە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# چاوپێکەوتنی هەیئەتێکی یەکیەتی لاوان لەگەڵ سکرتاریەتی پارتی سوسیال دێموکراتی سویس



ڕۆژی سێشـــەممە ٢٣ی مـــارس کات ژمێر ٥ی ئێواره بە کاتی ســـویس هەیئەتێکی ٤ کەســـی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ـ کۆمیتەی سویس ، لەگەڵ هەیئەتیکی دوو کەسی پارتی سوسیال دێموکرات ـ ســویس لە شـــوێنی ســـکرتاریەتی پارتی ناوبراو لە شاری بێرن پێتەختی سویس بەڕێوە چوو.

لـــەم چاوپێکەوتن دا کە کات ژمێرێکی خایاند «پیتر هۆگ» بەرپرســـی پەیوەندییەکانـــی پارتـــی ســـوســـیال دێموکرات (کانتۆنی بێـــرن) و «نادینا ماسهۆرد» بەرپرسی لاوانی پارتی ســوســیال دێموکرات ئامادە بون لەگەڵ هەیئەتی یەکیەتی لاوان ئاڵ و گۆڕی بیر و ڕایان کرد و خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی بۆ ئاشنا بوونیان لە گەڵا هەیئەتی لاوانی کورد لە سویس.

شایانی باسە لەبەر ئەوەی کە ئەوە یەکەم دیداری یەکیەتی لاوان بوو لە سویس لەگەڵ پارتی بەهێزی سوسیال دێموکرات ئەم دانیشتنە لە ڕوانگەی هەیئەتی سویسی جێگەی بایەخ بوو و زۆرترین باسی دانیشتنەکەش بۆ زیاتر یەکتر ناسین و ئاشنایەتی بە کار و باری هەر دو لایەن بوو.

هەیئەتی یەکیەتی لاوان زانیاریەکی کورتیان لە سەر خەبات و تێکۆشانی یەکیەتی لاوان و ڕۆڵی خەباتی لاوانی کورد بۆ ڕزگاری کوردستان و ئازادی و دێموکڕاسی بۆ لایەنی سویسی باس کرد کە زۆر شتی نوێی بە گوێی لایەنی سویســـی گەیاند. وەک نموونە هەیئەتی لاوان باسیان لەوە کرد کە: ئێوەی پارتی سوسیال دێموکرات کە دووهەم هێزی سیاسی وڵاتی سویسن ، لەگەڵ ئەوەشدا کە دەزانن ئێران ڕێژیمێکی سەرەڕۆ و پشتیوانی گرووپی توندڕەوی بناژۆی ئیسلامی و ترۆریســـت دەکا و بە ئاشکرا ماقی مرۆڤ پێشێل دەکا و گەلێکی بندەســـتی وەک گەلی کورد کە ناتوانێ دەستی بە سەرەتایترین مافەکانـــی خۆی ڕابگا، بۆچی پێوەندی باشـــتان لەگەل ئەو ڕێژیمە هەیە و پشتیوانی لایەنە دێموکڕات و ئازادی خوازەکانی ئێران ناکەن؟

لایەنی سویســـی لە بەرامبەردا داخ و پەژارەی خۆی سەبارەت بە پێوەندی ناسالمی ئێران و ســـویس و وڵاتانی ئەورووپی دەربڕی و وتی: «ئەوەندەی ئێمە بۆمان کرابێ دژایەتی ئەو پێوەندیانەمان کردوە، بەڵام هەر ئەوەندەمان لە دەستەڵات دایە.

لە بەشیکی تری دانیشتنەکەدا، هەیئەتی پارتی سوسیال دێموکڕات داخ و کەسەری خۆی دەربڕی و وتی: «لەگەڵ ئەوەیدا کورد ئاوا ژێر دەست و زوڵم لێکراوە ناتوانن پێکەوە یەک گۆفتمانیان هەبێ و بۆ نموونە باســـی لە لەت بوونی حیزبی دێموکڕات و کێشەی دولایەنە کرد و وتی: «بەڕاستی نازانین کە باوەڕ بە کێ بکەین ١٤ لایەنی کوردی لە سویس سەردانمان دەکەن و هەر یەکەی شتێک دەڵێن».!

لە کۆتاییدا هەیئەتی پارتی سوسیال دێموکڕات داوایان لە یەکیەتی لاوان کرد کە بەشداری چالاکیەکانی ڕێکخراویی ئەوان بن و کاری ڕێکخراوەیی لە چوارچێوەی سویس دا پەرە پێ بدەن.

# هونەرمەندی دڵسۆزی کورد «سمایلی مامڵێ» پێشانگایەکی فۆتۆگرافی و پێشاندانی فیلمێکی دێکۆمێنتی بۆ یەکیەتی لاوان پێک هێنا

دووشـــەممە ٣ی جۆزەردانی ٢٧١٠ی کـــوردی بەرامبەر بە ٢٤ی مـــای٢٠١٠ی زایینـــی یەکیەتیی لاوانـــی دێموکڕاتـــی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشانگایەکی فۆتۆ گرافی و پێشاندانی فیلمێکی دێکۆمێنتی لە سەر مێژووی حیزب و کۆماری کوردستان بۆ هونەرمەندی دڵسۆزی کورد بەڕێز کاک «ســـمایل مامڵێ« لـــە ژێر ناوی «یازدە مانگ و بیســـت ڕۆژ بەختەوەری» پێک هێنا کە لە لایەن بەشـــداربووانەوە پێشوازیەکی گەرمی لێ کرا.

ئەم پیشانگایە کات ژمێر ٩:٣٠ی سەر لەبەیانی بە بەشداری بەڕێز مامۆستا «عەبدوڵڵا حەسەن زادە»و بەڕێز کاک «جەلیل گادانی«و ئەندامانی دەفتەری سیاســـی و کادرو پێشمەرگەکان و بنەماڵەکانیان و ئەندامانی لاوان لە لایەن «جیهان بێتووشـــی» کچی «شەهید ڕەســـوڵ بێتووشـــی « کرایەوە. هەر دوا بە دوای ئەم پێشـــانگایە فیلمێکـــی دێکۆمێنتـــی کە ئەویش هەر لە لایەن کاک «ســـمایل مامڵێ» وە ئامادە کرابوو لە ســـاڵۆنی گشـــتی قەڵا پێشانی بەشدار بووان درا.



ئەم پێشانگایە بە وێنە باس لـــە ڕووداوەکانی پێوەندیدار بە کوردستان و کۆماری کوردستان لـــە ڕووداوەکانی ســـەردەمی جەنگـــی جیهانـــی یەکەم و دووهەم تاکوو ڕووخانی کۆمار دەکا کـــە کۆمەڵێکـــی زۆر لە وێنە و دێکۆمێنتی گرینگ لە خۆ دەگرێ.

شایانی باســـە هونەرمەندی دڵســـۆزی کورد سمایل مامڵێ کە لە وڵاتی فەڕانسە دەژی، زیاتر لە پێنج ســـاڵە خەریکی ئامادە کردن و کۆکرنەوەی ئەم ئاڕشیوە بووەو زەحمەتێکی زۆری پێوە کێشاوە.

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# سەردانی هەیئەتێکی بنیاتی پشتیوانی لە ڕێکخراوە دێموکڕاتیکەکانی حدک لە وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان





هەیئەتێکی بنیاتی پشتیوانی لە ڕێکخراوە دێموکڕاتیکەکانی حدک بە سەرپەرستیی خەدیجە مەعزووری سەردانی وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کرد و لە لایەن دوکتور کاوە مەحموود، وەزیری ڕۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بە گەرمی پێشوازییان لێ کرا.

لەو سەردانەدا کە کاک مستەفا مەعرووفی، بەرپرسی کۆمیسیۆنی پەروەردە و فێرکردنی حدک، عوسمان بێورانی، بەرپرسی ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، مەنسوور سەممار، سکرتێری یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و فەریبا وەیسی، ئەندامی بەڕێوەبەریی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان هاوڕێیەتی خوشکە خەدیجە مەعزوور، بەرپرسی بنیاتی پشتیوانی لە ڕێکخراوە دێموکڕاتیکەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیان دەکرد، هەیئەتی میوان لە لایەن د. کاوە مەحموود، وەزیری ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دوکتور شەماڵ، بەرپرسی بەشی هونەریی وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە بە گەرمی وەرگیران و لە دانیشتنێکی دۆستانە و تایبەت دا دوو لایەن لە سەر پرسە پێوەندیدارەکان و بواری هاوکاریی دوولایەنە ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.

# سەردانی تێکۆشەری دێرینی ڕێگای ئازادی کوردستان بەڕێز کاک سمکۆ مەحمودزادە لە سکرتاریەتی لاوان



ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٥ی بانەمەر بەرامبەر بە ١٥ی مای ٢٠١٠ی زایینی تێکۆشەری دێرین و فەرماندەی بەوەجی دێموکرات بەڕێز سمکۆ مەحمود زادە هاوڕێ لەگەڵ بەڕێز کاک مەحەمەدی مام ئاغاتێکۆشەری دێرینی حدک سەردانی بنکەی سکرتاریای یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لە قەلا کرد و لە لایەن بەڕێزان مەنسور سەمار سکرتێری لاوان و عەبدوڵا عەبدوڵا پور جێگری سکرتێری لاوان پێشوازیەکی گەرمیان لێکرا.

لەو دیدارەدا سەرەتا لەلایەن مەنسور سمار بەخێرهاتنی میوانەکان کراو دواتر باسێکی کورتی لە سەر مێژووی یەکەتی لاوان ی کارو چالاکیەکانی یەکێتی لاوان لە دوای کۆنگرەی ٥ی لاوانەوە پێشکەش کرد دواتر بەڕێز سمکۆ مەحمود زادە باسێکی لە سەر لاوان لە سالەکانی ٦٠ی هەتاوی پێشکەش کردو کارو چالاکیەکانی لاوانی لە کوردستان بەرز نرخاند و دواتر باسێکی لەسە کارو بارەکان و چالاکی لاوان لە دەرەوەی وڵات بە گشتی لە و وڵاتی دانمارک بە تایبەتی پێشکەش کرد و هەروەها بەڕێز مەحەمەدی مام ئاغاش لەم دیدارەدا بە نۆبەی خۆی کۆمەڵێک ڕێنوێنی و پێشنیاری بەکەڵکی هێنانە بەر باس.

جێگای ئاماژەیە کە بەڕێز سمکۆ مەحمود زادە ساڵانێکی زۆر پێشمەرگەی حدک بووە لەو ماوەیەدا بەرپرسایەتی جۆراوجۆری بەدەستەوە بووە لە دوایین پلەی بەرپرسایەت فەرماندەیی بووە، ماوەی زیاتر لە ١٥ ساڵیشە لە وڵاتی دانیمارک دەژی و هەر ئەندامی حیزبە و لە دەرەوەی وڵاتیش هەر کاری حیزبی دەکات.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# نۆیەمین کۆنفڕانسی یەکیەتی لاوان لە وڵاتی سوێد بەڕێوەچوو



ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٨ مای نۆیەمین کۆنفڕانسی ساڵانەی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە وڵاتی سوید و لە شاری ڤێستڕۆس بەڕێوەچوو.

لەسەرەتای کۆنفڕانسەکەدا مەریوان نستانی بەخێرهاتنی بەشداربووانی کۆنفڕانسی کردو دواتریش کاری کۆنفڕانس بە کردنەوەی کۆنفڕانس لە لایەن خاتوو نیشتمان عەزیزی بە ڕەسمی دەستی بەکارەکانی خۆی کرد. دوای خوێندنەوەی ڕیزبەندی کارەکانی کۆنفڕانس پەیامی هاوبەشی حیزبی دێموکراتی کوردستان، یەکیەتیی ژنانی دێموکرات و کۆمەڵەی سویدی ـــ کوردی، لە لایەن کاک مەسعود دیماسی پێشکەش کرا.

دوابەدوای ئەو پەیامە، پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نوێنەرایەتی دەرەوەی وڵات لەلایەن خاتو کوێستان بابایی بەرپرسی لاوان لە ئورووپا خوێندرایەوە.

ئەو جار نۆبە گەیشتە پێشکەش کردنی ڕاپۆرتی چالاکییەکان و بەشی ماڵی کە لە لایەن هەریەک لە شوان جوانمێری و براهیم عەزیزی پێشکەش کران و دوای پرسیارو و دەربڕینی ڕاوبۆچوونی لاوان لەسەر ئەو ڕاپۆرتانە بەتێکڕای دەنگ پەسەند کران.

دوای خوێندنەوەی ڕاپۆرت و پەیامەکان کۆنفڕانس بە پێی بەرنامەی لە پێشدا داڕێژراوی خۆی لە کارەکانی خۆی بەردوام بوو.

ئەوەی کە ئەو کۆنفڕانسەی لە کۆنفڕانسەکانی دیکەی لەوان جیاوازتر نیشان دەدا، بەشداری ڕێژەیەکی یەکجار زۆری لاوی تازەو بەتوانا بوو کە بە وزەو توانایەکی دیکەوە هاتبوونە مەیدانی کارو چالاکی و بە پێشکەش کردنی بیرو بۆچوونی سەردەمیانە باسەکانی کۆنفڕانسیان دەوڵەمەندتر کردبوو و هەر هەمووشیان لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە لاوان دەبێ جێگەو پێگەی خۆی لەوەی کە هەیە زیاتر لە نێو کۆڕ و کۆمەڵە نێوخۆیی و دەرەوەییەکان قایم بکات و بۆ ئەو مەبەستەش بە پێشنیاری بە نرخ و کارساز ئەندامانی بەشداری کۆنفڕانس زۆر چالاکانە بەشداری کۆنفڕانسیان کرد.

لە کۆتایی کاری کۆنفڕانس دا و دوای دەنگدان ئەو بەڕێزانە وەک ئەندامانی بەڕێوەبەری لاوان لە وڵاتی سوید دەنگی متمانەیان پێدرا. ١: بێستوون سەفەری. ٢: یادگار کرمانج. ٣: براهیم عەزیزی. ٤: گزینگ عەزیزی. ٥: کەریم سەفەری.

هەروەها بەڕێزان عەزیم سەفەری و هێدی حوسێن پوور وەک جێگری بەڕێوەبەری دیاری کران و دواتریش لە یەکەم دانیشتنی دەستەی بەڕێوەبەری دا بەڕێز بێستوون سەفەری وەک بەرپرسی لاوانی سوید دەنگی متمانەی پێ بەخشرا.

www.lawan.com

# بەڕێز ڕەحمان مەعزووریو شەهێن زاد ئەحمەد سەردانی یەکیەتی لاوانیان کرد

بەڕێز ڕەحمان مەعزووری بەرپرسی کومیتەی حیزب لە فینلەند و بەڕێز شەهێن زاد ئەحمەد بەرپرسی کومیتەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە فینلەندو ئەندامی کومیتەی حیزب لە فینلەند سەردانی بنکەی سکرتاریەتی یەکیەتی لاوانیان لە قەڵا کرد و لە لایەن بەڕێزان مەنسوور سەمار سکرتێری گشتی و عەبدوڵلا عەبدوڵلاپوور جێگری سکرتێری گشتی و سمایل زارعی سکرتێری پێشووی یەکیەتی لاوان و و ئاگری عەبدوڵلاپوور ئەندامی چالاکی لاوان پێشوازیان لێکرا. لەم دیدارە دۆستانەیەدا باسی پێوەندییەکانی لاوانی کوردستان و دەرەوە کراو کۆمەڵێک پێشنیارو ڕاسپاردەی باش هاتنە بەر باس.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## سەردانی بەڕێزئیقباڵ سەفەری لە بنکەی یەکیەتی لاوان



ڕۆژی یەکشەممە ۳۰ی جۆزەردانی ۲۷۱۰ی کوردی بەرامبەر بە ۲۰ی ژوئەنی ۲۰۱۰ی زایینی بەڕێز ئیقباڵ سەفەری ئەندامی کومیتەی ناوەندی حدک و غەزال خانی خێزانی و بازیانی کوڕی ناوبراو سەردانی بنکەی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان لە قەڵا کردو لە لایەن هەر یەک لە بەڕێزان مەنسوور سەمار سکرتێری گشتی و عەبدوڵلا عەبدوڵلا پوور جێگری سکرتێری گشتی و سمکۆ عوسمانی ئەندامی بەڕێوەبەری و ئاوات ئیزەد پەنا ئەندامی بەڕێوەبەری و ئایەت مورادی فەڕ ئەندامی موشاویری بەڕێوەبەری بە گەرمی پێشوازیان لێکرا. لەو دیدارە دۆستانەیەدا کە زیاتر لە کات ژمێر و نیوێکی خایاند، باس لە کۆمەڵێک بابەتی پێوەندیدار بە لاوان و کار و باری لاوان لە دەرەوە و کێشەکانیان کرا.

شایانی باسە کە لەم سەردانەدا کۆمەڵێک پێشنیاری بەکەڵک لە لایەن کاک ئیقباڵ سەفەری پێشکەش بە لاوان کرا.

## بەرێوەچوونی چوارەمین کۆبوونەوەی گشتی بەڕێوەبەری



ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ۷ی جوزەردانی ۲۷۱۰ی کوردی چوارەمین کۆبوونەوەی ئاسایی کومیتەی بەڕێوەبەری گشتی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بنکەی بەڕێوەبەری گشتی لە کوردستان بە بەشداری زۆرینەی ئەندامانی بەڕێوەبەری، جێگر و موشاویرەکان پێک هات.

ئەم کۆبوونەوەیە کات ژمێر ۹ی سەر لە بەیانی بە ساتێک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی بە کارەکانی خۆی کرد. سەرەتا ڕاپۆرتێکی گشتی لە سەر بارودۆخی یەکیەتی لاوان لە لایەن مەنسوور سەمار سکرتێری گشتی ئەم ڕێکخراوەیە پێشکەش بە بەشدار بووان کرا. ڕاپۆرتەکە ئاوڕێکی گشتی لە سەر وەزعیەتی گشتی لاوان لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات دایەوەو پێگە و شوێنی ئەم ریکخراوەی لەناوخۆ و دەرەوەی وڵات هەڵسەنگاند و چەند باسێکی سەبارەت بە چالاکییەکانی لاوان لە ماوەی ۳ی مانگی ڕابردوودا پێشکەش کردو سەبارەت بە چالاکییەکانی ئەم دواییانەی لاوان و خەباتی دیموکراسی خوازانەی گەلانی ئێران دواو لەمەڕ شەهید کرانی ئەم چەند ڕۆڵەی نەتەوەکەمان و هەڵوێست و کارەکانی ئەم ڕێکخراوەیە لەو بارەوە باسێکی کورتی پێشکەش کرد و لە کۆتاییدا سکرتێری گشتی باسی لە پێگەو ڕۆڵی لاوان لە خەباتی سەراسەری ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا پێشکەش بە ئامادەبووان کرد.

پاش هەڵسەنگاندن لە لایەن بەڕێوەبەری گشتی‌یەوە ڕاپۆرتی سکرتێری گشتی تائید کرا.

دواتر ڕاپۆڕتی بەشەکانی ئەم ڕێکخراوە کە بریتی بوون لە: ڕاپۆڕتی ڕاگەیاندن لە لایەن عەبدوڵلا عەبدوڵلاپوور، ڕاپۆڕتی تەشکیلات لە لایەن سمکۆ عوسمانی و ڕاپۆڕتی ئامووزش لە لایەن ئاوات ئیزەد پەنا و ڕاپۆڕتی داواکاری tv بۆ بەرنامەی تەلیزیونی لە سەر کاناڵی kurd لە لایەن عەزیز عەزیزییەوە پێشکەش بە بەشداربووانی ئەم کۆبوونەوەیە کرا بە دوای هەڵسەنگاندن ڕەخنەو و پێشنیارەکان پێشکەش بە بەرپرسی ئەم بەشە کرا.

بەشێکی دیکە لە کاری کۆبوونەوەکە بریتی بوو لە: گەڵاڵەی بەرنامەیەکی پێشنیاری کە لە لایەن سکرتێری گشتی ئەم ڕێکخراوە ئامادە کرابوو کەوتە بەر باس و موناقشەی هاوڕێیانی کومیتەی بەڕێوەبەری گشتی کە ئەرکی کومیتەی بەڕێوەبەری گشتی تێدا دەست نیشان کرابوو و لە ماوەی سێ مانگی هاوینی‌دا کۆمەڵێک کار و چالاکی تێدا دەست نیشان کرابوو بەڕێوەبەری گشتی پاش هەڵسەنگاندنی ئەم گەڵاڵە پێشنیاریە بە تێکرای دەنگ موافقەتیان لەسەر جێ بەجێ کردنی ئەم گەڵاڵە پێشنیاریەی سکرتێری گشتی کرد.

لە بەشێکی کاری کۆبوونەوەی ئاسایی دا باس لە سەر چۆنیەتی کارکردنی دەستەی نوێنەرایەتی لە دەرەوەی وڵات و ئەرکی ئەم دەستەی بەڕێوەبەرییەی تێدا باس کرا و بەڕێوەبەری گشتی بریاری پێویستی لەم بارەیەوە دا.

ئاخر بەشی کۆبوونەوەی ئاسایی بەڕێوەبەری گشتی بریتی بوو لە: هەڵبژاردنی موشاویری کومیتەی بەڕێوەبەری گشتی.

لەم پێوەندییەدا ۳ کەس بە تێکرای دەنگی ئەندامانی بەڕێوەبەری گشتی لە کوردستان وەک موشاویر هەڵبژێردران و بەڕێوەبەری گشتی بە پێویستی زانی ۱ موشاویر بۆ دەرەوەی وڵات دیاری بکا کە ئەم ئەرکەی خستۆتە ئەستۆی دەستەی نوێنەرایەتی لە دەرەوەی وڵات.

کۆتایی کۆبوونەوەی ئاسایی بەڕێوەبەری گشتی پاش ۸ جەلەسە کاری بەردەوام کات ژمێر ٦ی ئێوارە کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## یەکیەتی لاوان لە ساڵرۆژی شیمیایی باران کرانی شاری سەردەشت سەردانی هەڵەبجەیان کرد



ڕۆژی دووشەممە ٧ی پووشپەڕی ٢٧١٠ی کوردی بەرامبەر بە ٢٨ی ژانوئیەی ٢٠١٠ی زایینی وەفدێک لە ئەندامانی بەڕێزەبەریو کادر و ئەندامانی لاوان بە سەرپەرشتی بەڕێزمەنسوور سەمار سکرتێری گشتی و عەبدوڵلا عەبدوڵلا پوور جێگری سکرتێری گشتی کە ژمارەیان بیستو پێنج کەس دەبوو بە بۆنەی **٢٣**ی ساڵەی شیمیایی کرانی شاری سەردەشت سەردانی مۆنۆمێنتی شەهیدانی هەڵەبجەیان کرد.

لە لایەن بەڕێز سەرخێڵ غەفار حەمە خان بە گەرمی پێشوازی کران. ناوبراو دڵخۆشی خۆی بە بۆنەی هاتنی ئەو کۆمەڵە لاوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە تاراوگە دەژین پێشانداو ئاماژەشی بەوە کرد کە نوێنەرایەتی شاری هەڵبجە هەر ئەمرۆ بە سەرپەرشتی قایمقامیەتی شاری هەڵبجە بەم بۆنەوە لە شاری سەردەشتن و باسی لە ئێشو ئازارەکانی قوربانیانی شاری هەڵەبجە کردو وتی ئەم ئێشو ئازارانە هەمان ئێشو ئازاری قوربانیانی شاری سەردەشتن.

لە درێژەی ئەم سەردانەدا وەفدی یەکیەتی لاوان سەردانی مەزارگەی شەهیدانی قوربانیانی شیمیایی بارنکرانی هەڵەبجەیان کردو تاجە گوڵینەیان لە بەردەم پەیکەری مەزارگەکە دانا.

لەم سەردانەدا لە چاوپێکەوتنێکی کورد کاناڵ لەگەڵ بەڕێز مەنسوور سەمار، ئاماژەی بە گرینگی ئەم سەردانە دا لە ڕۆژی ٧ی پووشپەڕ واتە ڕۆژی شیمیایی بارانکرانی شاری سەردەشت کردو هیوای خواست کە هەرگیز کورد ئەم کارەساتە لەبیر نەکەن.



فایلی ژمارەی داهاتوو

# لاوان و سیاسەت

www.lawan.com





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org